لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی بابه‌تی و زانستیانه ده‌رباره‌ی

# حوكمی

## یادی مه‌ولود خوێندنه‌وه‌و ئاهه‌نگ گێڕان

## به بۆنه‌ی له‌دایك بوونی باشترینی پێغه‌مبه‌ران ﷺ


**ئاماده‌كردنی**

م.عبدالغفور عبدالله صالح

**پێداچونه‌وه‌ی**

م.عبداللطيف أحمد مصطفى

**پێش نوێژو وتـار خوێنی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی چوارقوڕنه**

م.عبدالكريم محمد قادر

**پێش نوێژو ووتـار خوێنی مزگه‌وتی ( ئیمان ) له سلێمانی**

م. خليل أحمد


==================================


له‌بڵاوكراوه‌كانی

**سایتی به‌هه‌شت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - كوردستان - كه‌لار**

هه‌میشه له‌گه‌ڵمان بن بۆ به‌رهه‌می نوێ

**كتێبی ژماره ( ٦ )**

# پێشەكی

## مامۆستا عبدالكريم محمد قادر

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات اعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد ان لا إله إلاَّ الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله سلم، وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار.

خوێنەری بەڕێز: السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ئەم نوسراوەی بەردەستت کە بریتیە لە (لێکۆڵینەوەیەکی زانستی) دەربارەی حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێشەوامان پێغەمبەر محمد صلى الله عليه وعلى آله سلم، کە برای بەڕێزو خۆشەویستم مامۆستا (عبدالغفور عبدالله) ئامادەی کردووە، وە لەسەر داوای بەڕێزی هەستام بە خوێندنەوەی هەمووی دێڕ بە دێڕ، لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی زۆر گرنگە هەموو موسڵمانان بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە ناشەرعیەکان و بیدعەکان، وە سوپاس بۆ خوا نوسراوێکی زۆر بەسوودە بۆ موسڵمانان لە هەموو سەردەمێکدا، داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی بە خێری ئامادەکارو خوێنەر بداتەوە لەسەر ماندوو بوونیان.

لە کۆتاییدا ئەڵێم:

ئەمرین و ئەوەی نوسیومانە ئەمێنێتەوە، خۆزگە ئەوەی ئەیخوێنێتەوە دوعای خێری بۆ ئەکردین بەڵکو (الله) بە بەزەیی خۆی ڕەحممان پێ بکات و لە کەم و کووڕی و کردەوەی خراپمان خۆش بێت. وە هەموو نوسەرێك دەمرێت، بەڵام ئەوەی بە دەستی خۆی نوسیویەتی ئەمێنێتەوە، بۆیە شتێك مەنوسە بە دەستی خۆت تەنها ئەوە نەبێت کە پێت خۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا بیبینیتەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

نوسینی

عبدالكريم محمد قادر*

٣/ذي الحجة/١٤٢٩هـ

* مامۆستای بەڕێز ناوی (عبدالكريم محمد قادر)ە لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی (کۆرەی دووماڵەی) ناحیەی تانجەرۆ (وارماوا) لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دیراساتی ئیسلامی تەواو کردووە لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٠ دبلۆمی وەرگرتووە لە زانستە شەرعیەکان لە بەغداد، وە لە ساڵی ٢٠٠٨ بەکالۆریۆسی وەرگرتووە لە زانستە شەرعیەکان لە کۆلێژی کوردستان بۆ پێگەیاندنی پێش نوێژو ووتار خوێن لە شاری سلێمانی، وە ئێستا پێش نوێژو ووتار خوێنە لە مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی.

## پێشەكی

### مامۆستا خلیل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله صلى الله عليه وسلم وعلى آله وصحبه ومن والاه الى يوم القيامة.

پاشان:

كتێبی (حوكمی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی باشترینی پێغەمبەران)م خوێندەوەو بینیم نوسراوێكی مەزنە كە لەلایەن برای بەڕێزم مامۆستا (عبدالغفور عبدالله)وە نوسراوە. كە بەشێوەیەكی جوان و بابەتیانە مەسەلەكەی دیراسە كردووەو توانیویەتی حەق سەرخات و بەر پەرچی ناحەق و باطل بداتەوەو شوبهەكانیان لەبن دەربێنێ. بۆیە ئەم هەوڵەی بە بەرگریەكی گەورە دادەنرێت لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم و ئەهلی سوننەو بانگەوازیكاران و پارێزەرانی سوننەت، وە وەستانێكی بەهێزە لە بەردەم دوژمنانی سوننەت و ڕەواج پێدەرانی گومڕایەتی بیدعەت و لاڕێ بوون بە ناوی دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم.

جا خوای گەورە پاداشتی نوسەر بداتەوە بە چاكەو فەڕو بەرەكەت بخاتە تەمەن و خزمەتەكانی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئێمەو ئەویش لەو كەسانە بگێڕێت كە بە گوێرەی توانایان بەرگری دەكەن لە شەریعەتە پاك و بێگەردەكەی كە هیچ كەم و كوورپەكی تیادا نیە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

نوسینی

خلیل أحمد

٥/رمضان/١٤٢٩

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی چاپی یەکەم:

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا إنه من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾[1]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءًۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ﴾[2]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾[3]

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

دوای ئەوەی خەڵکی سەر زەوی کەوتبونە ناو گومڕاییەکی زۆر قوڵ و وێڵ و لاڕێ ببوون لە ڕێگای ڕاست و بە تەواوی شوێن هەواو ئارەزوی خۆیان کەوتبون و دەستیان دابویە بت پەرستی و دوور کەوتبونەوە لە پەرستنی خودای تاك و تەنها، لەو کاتەدا خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی بۆ ناردنە خوارەوە بۆ ئەوەی ببێت بە شەرع بۆیان و پەیڕەوی بکەن و دوور بکەونەوە لە شیرك و کوفرو گومڕایی، وە بۆ گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزەش کەسێکی لە خۆیان بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنومایی کارو ڕێ نیشاندەریان، کە ئەویش پێغەمبەری خۆشەویستمان (محمد ﷺ)ە، ئەو پێغەمبەرەی کە خوای پەروردگار دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ﴾[4]، واتە: (پێغەمبەر ﷺ بە هەواو ئارەزوی خۆی قسە ناکات، بەڵکو تەنها وەحیەو بۆی نێردراوە)، وە داواشی لە خەڵکی سەر زەوی کردووە کەوا شوێن فەرمانەکانی بکەون و دوور بکەونەوەو خۆیان بپارێزین لە نەهیەکانی، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾[5]، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەری بگرن و ئەوەشی نەهی لێ کردون لێی دوور بکەونەوە)، کەواتە پێویستە لەسەرمان لاڕێ نەبین و

---

[1] آل عمران:١٠٢

[2] النساء:١

[3] الأحزاب: ٧٠-٧١

[4] النجم/٣-٤

[5] الحشر/٧

لانەدەین لە سوننەتەکەی، وە دوور بکەوینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کەوا نەهی لێ کردون و قەدەغەی کردووە لێمان.

یەکێ لەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردوین لەوەی کە هەستین بە ئەنجام دانی و بە تاوانێکی گەورەی داناوە، بریتیە لە ئەنجام دانی (بیدعە) واتە: (شتی زیاد کراوو داهێنراو لە دیندا) کە بریتیە لەو عیبادەتانەی کە دراونەتە پاڵ دین و لە بنەڕەتیشدا لە دیندا نین، یان کردنی کارو فەرمانێك کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نیەو ئیسلام بەرییە لێی.

وە یەکێ لەو بیدعانەی کە لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەنجام دەدرێت و بە عیبادەتێکی گەورە دەزانرێت وسەیر دەکرێت، بریتیە لە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ (المولد النبوي)، کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی شەرعی لەسەر نیە تەنها چەند شوبهەیەکی بێ بنەماو لاسایی کردنەوەی گاورەکان نەبێت، کە یادی لە دایك بونی عیسی علیه السلام دەکەنەوە، کە ئەمەش نەك هەر نابێت بە بەڵگەو دەلیل لەسەر ئەم ئاهەنگە، بەڵکو هەڕەشەی توندیش کراوە لە لاسایی کردنەوەو خۆ چواندن پێیان.

لەکۆتاییدا خوای گەورە هەمومان بکات بە شوێن کەوتەی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کارو کردارێکی گەورەو بچوکماندا، وە نیەتمان پاك بکات و هەموو شتێکمان لەبەر خاتری ئەو بێت و سەرمان خات بۆ هەموو کارێك کە پێی خۆشەو جێگای ڕەزامەندی ئەوە..... آمين.

وصلى الله على نبيينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**ئامادەکار**

٩ رمضان/ ١٤٢٧ **کۆچی**

١/ ١٠/ ٢٠٠٦ زاينی

## پێشەكی چاپی دووەم:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو پەرستراوی ڕاستەقینەمان، ئەو خوایەی كە ئاینەكەی بۆ تەواو كردوین و بە بێ هیچ كەمو كووڕیەك بۆی دابەزاندوینەتە خوارەوە، كە لە قورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾، وە درودو صەلات و سەلامیش لەسەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەمان بێت كە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ﴿قل ان كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم﴾.

دوای ئەوەی بۆ جاری یەكەم ئەم بابەتە بلاو كرایەوەو لە قەبارەیەكی بچوكدا كەوتە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویست، لە زۆر شوێنەوە قسەو باسی لەسەر دەكراو هەر كەسەو بە پێی بۆچونی خۆی باسی دەكردو لێوەی دەدوا، جا خەڵكانێك هەبوون بە شتێكی باشیان دەزانی و پێیان وابوو كە ئەوەی نوسراوە حەقەو ڕاستەو بە بەڵگەی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ سەلمێنراوە، بۆیە ئەوانە جگە لە بێ دەنگی و دەست خۆشی هیچی تریان نەدەوت، خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوە.

بەڵام جۆری دووەمیان كە ئەمە زیاتر جێگای مەبەستی منەكە قسەی لەسەر بكەم و لەسەری بدوێم، ئەو كەسانە بوون كە زۆر بێ ویژدانانەو بە بێ هیچ بەڵگەیەك دەكەوتنە سەر باسی بابەتەكەو بێ ئەوەی هیچ ترسێكی خوای گەورە لە دڵیاندا بێت هەموو بابەتەكەیان بە كوفرو گومڕایی دەزانی، وە وایان دەردەبڕی كە ئەوانەی باس لەو جۆرە بابەتانە دەكەن گومڕان و دوور كەوتونەتەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

بەڕاستی سەیرە یەكێك بڵێت با بەتەنهاو لە هەموو كارو كردارێكماندا شوێن پێشەواو خۆشەویستمان پێغەمبەر ﷺ بكەوین، وا لە قەڵەم بدرێت كە ئەو كەسە گومڕایەو دوور كەوتۆتەوە لە ئایینی ئیسلام!!!

بۆ نموونە ووتار بێژێك لە یەكێك لە مزگەوتەكان و لە كاتی ووتاری ڕۆژی هەینیدا ووتبووی: (ئەوەی ئەم بابەتەی نوسیوەو ئەوەش كە دەیخوێنێتەوە هەموویان كافرن)، بە ڕاستی جێگای داخە مامۆستایەكی بەڕێز دوای چەندین ساڵ خوێندنی زانستی شەرعی، بە یەكێك كە باسی تەنها شوێن كەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و دوور كەوتنەوەو وازهێنان لەو شتە زیادانەی كە كەوتونەتە ناودینەوە بكات و پاڵپشتی قسەكانیشی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ بێت، بڵێت ئەوە كافرن!!! وە من پرسیار لە مامۆستایان دەكەم بە شێوەیەكی گشتی، یەكێك ئاوا بێت و داوا لە خەڵك بكات كە واز لە بیدعە بهێنن و تەنها شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بكەون، ئایا ئەو كەسە كافرە؟

وە ئەی باشە ئەم مامۆستا بەڕێزە لەوە ناترسێت كە ئەگەر ئەو كەسانە شایانی ئەوە نەبن كە پێیان بوترێت كافر، ئەوا كافر بوونەكە بەسەر خۆیدا بگەڕێتەوە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت؟

بۆیە منیش لەبەر ئەمانەو تا بابەتەكەش ووردتر باس بكەم و پاڵپشتی زیاتری بۆ پەیدا بكەم لە ڕووی زانستی و بابەتییەوە، هەستام بە كۆكردنەوەی بابەت و سەرچاوەی زیاتر لەسەر ئەم باسەو سەر لە نوێ داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی كە لەبەر دەستت دایە.

وە دوای تەواو بوون و كۆتایی هاتنیشی بە پێویستم زانی بیخەمە بەر چاوی ئەم مامۆستا بەڕێزو خۆشەویستانەم و چەند مامۆستایەكی تر، كە پێیدا بچنەوەو بابەتەكە لە ڕووی زانستیەوە هەڵ بسەنگێنن، بۆ

ئەوەی دوور بێت لە هەڵەو کەمو کووڕی. وە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من لا يشكر الناس لا يـشكر الله)[6] ، بۆیە من حەمدو سوپاسی خوای گەورە دەکەم لەسەر تەواو کردنی ئەم کتێبەو وە هەر لێرەشەوە سوپاس و خۆشەویستی خۆم دەنێرم بۆ ئەم مامۆستا بەڕێزانەی کە پێیەوە ماندوو بوون و کاتی خۆیان بۆ تەرخان کردم، وە هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە کەم و زۆر هاوکاریان کردووم، داواکارم لە خوای گەورە کە بە باشترین شێوە پاداشتی هەموو لایەکیان بداتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەوەی کە ڕاستەو پێکاومە ئەوە لە خوای پەروەردگارەوەیە، وە ئەوەش کە هەڵەیەو نەم پێکاوە ئەوە لە نەفس و شەیتانەوەیەو داوای لێ خۆشبوون دەکەم لە خوای گەورە لە سەریان، وە خوای گەورە پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە لە کاتی بەر چاو کەوتنی هەر هەڵەیەك، (هەڵەکە) وەك دیاریەك بۆ خاوەنەکەی دەنێرنەوە بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا چاکیان بکات انشاءالله.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

ئامادەکار

٨/صفر/١٤٣٠ کۆچی

٢٠٠٩/٢/٣ زایینی

[6] (صحيح) انظر حديث رقم: ٦٦٠١ في صحيح الجامع.

# بەندی یەكەم

## بەشی یەكەم:
## سەرەتایەك دەربارەی بیدعە

## بەشی دووەم
## تێگەیشتنێكی هەڵە دەربارەی بیدعە

## بەشی سێیەم
## لە گرنگترین ترسناكی وخراپیەكانی بیدعە

# بەشی یەكەم:

# سەرەتایەك دەربارەی بیدعە

پێش ئەوەی بچینە سەر بابەتەكەمان بەشێوەیەكی گشتی و باس كردنی حوكمی مەولود خوێندنـەوەو ئاهـەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو شـوبهەو گومانانـەی كـە دەیهێننـەوە بـۆ شـەرعیەت دان پێـی و پوچـەڵ كردنـەوەیان بـە بەڵگـەی قورئـان و سـوننەت و سـەلماندنی ئـەوەی كـە بـەڵێ ئەمـە بیدعەیەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێ بەریە لێی، بە پێویستی دەزانم كـەمێك باسـی (بیدعـە) بكـەین لـەژێر ڕۆشـنایی قورئان و سوننەت و وتەی زانایاندا.

ووشەی (بیدعە) واتا داهێنان و هێنانە كایەی شتێك كە پێشتر نەبووبێت، وە لە ڕووی زمانەوانی و شـەرعیەوە پێناسەی جیای بۆ كراوە:

### ۩ بیدعە لە زمانەوانیدا:

بیدعە لە زمانەوانیدا وەرگیراوە لە (البدع)، ئەویش داهێنان و هێنانە كایەی شتێكە كە وێنەی ئەو شتە پێشتر نـــەبووبێت، وەك خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾[7]، واتـــە: (داهێنـــەرو بەدیهێنـــەری ئاسمانەكان و زەویە بە شێوەیەك كە پێشتر وێنـەو هاوشـێوەی نـەبووە). وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾[8]، واتە: (بڵێ: مـن یەكـەم كـەس نـیم كـە پـەیامی خـوای هێنابێـت بـۆ بەنـدەكانی، بـەڵكو زۆر لـە پێغەمبەران لە پێش منەوە هاتوون)[9].

### ۩ بیدعە لە زاراوەی شەرعدا:

وە زانایان ڕایان جیاوازە لە دیاری كردن و پێناسەكردنی (بیدعە) لە شەرعدا، هەندێكیان لە بەرامبەر سوننەتیان داناوە، وە هەندێكی تریان بەشێوەیەكی گشتی بۆ هەموو داهێنراوێكیـان دانـاوە كـە لـە دوای سـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ داهێنراون، جا ئەو داهێنراوە چاك بێت یان خراپ (محموداً أم مذموماً)، وە چاكترین و ڕوونتریـن و كـۆكراوەترین و بەهێزترینیان ئەوەیە كـە: (الطريقة المخترعة في الدين تضاهي الـشرعية، يقـصد بهـا التقـرب إلى الله، ولم يقـم علـى صحتها دليل شرعي صحيح أصلاً)[10]، واتە: (ڕێگا خوپەرستیەكی داهێنراوە لە دیندا، كە لە ڕێگا شەرعیەكە دەچێت،

---

[7] البقرة: ١١٧

[8] الأحقاف: ٩

[9] البدعة: تعريفها – أنواعها – أحكامها، للشيخ/صالح بن فوزان الفوزان (ص٧).

[10] الاعتصام للشاطبي (٣٧/١)، دار المعرفة-بيروت.

وە مەبەستیش لە گرتنە بەری ئەم ڕێگا داهێنراوە زیاتر نزیك بوونەوەیە لە خوا، لە كاتێكدا هیچ بەڵگەیەكی شەرعی ڕاست وصەحیح لەسەر ئەم ڕێگا داهێنراوە نیە).

## وە بەم نمونەیە پێناسەكە زیاتر ڕوونتر دەبێتەوە:

لە فەرمودەی صەحیحدا هاتووە كە زیكر كردن لە دوای نوێژە فەرزەكان هەیە، كەوابوو ئەم زیكری دوای نوێژانە ڕێگە خواپەرستیەكی شەرعیە. بەڵام هەندێ كەس بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەكی ڕاست زیكری پێش نوێژیشیان داهێنەوە، وە ئەمەش ڕێگا خواپەرستیەكی داهێنراوە لە دیندا لەسەر شێوەی ڕێگا شەرعیەكە، بەڵام لەبەر ئەوەی بێ بەڵگەیە ئەوە دروست نیەو ڕەت كراوەیە، چونكە شەریعەت دانەر (شارع) تەنها خوایەو پێغەمبەریش ﷺ ڕاگەیەنەری ئەم شەریعەتەیە، وە بۆ هیچ كەسێك نیە كە شتێكی تری هاوشێوەی شەرع دابهێنێت، ئەگینا با نوێژی بەیانیش كە دوو ڕەكعەتە لە شەرعدا با بیكەین بە چوار وەك نوێژی نیوەڕۆ، چونكە ئەگەر دروست بێت زیكرێكی تایبەت لە پێش نوێژ زیاد بكرێت ئەوا دروستیشە یەك دوو ڕەكعەتی نوێژیش زیاد بكرێت؟!

وە هەروەها زۆر پێناسەی تریش بۆ بیدعە كراوە لە زاراوەی شەرعدا، لەوانە: (ما أُحدث في دين الله، وليس له أصل عام ولا خاص يدل عليه)، واتە: (بیدعە ئەو شتانەیە كە لە دیندا داهێنراون، وە هیچ بنچینەیەكی گشتی و تایبەتی نیە كە دەلالەتی بۆ بكات و بەڵگە بێت لەسەری)، وە بە دەستەواژەیەكی كورتتر: (ما أُحدث في الدين من غير دليل)، واتە: (هەموو ئەو شتانەیە كە لە دین داهێنراون بەبێ هیچ دەلیل و بەڵگەیەك لەسەری)[11].

وە بێ گومان بنچینەی سەرەكی ئەم ئایینە پیرۆزە (ئیسلام) كە بەڵگەی بنەبڕی لە قورئان و سوننەت لەسەرە؛ ئەوەیە كە: جگە لە خوای گەورە كەسی تر نەپەرسترێت؛ وە نەش پەرسترێت تەنها بەو شێوازە نەبێت كە بەشەرع دانراوە لە كتێبی خوای گەورە (قورئان) و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ. وە لێرەوە زانایان فەرموویانە: (عیبادەت وەستاوە لەسەر بەڵگەو دەلیل)، بە مانای: موسڵمان نزیك نابێتەوە لە خوای گەورە تەنها بەوە نەبێت كە بۆی بە شەرع داناوین، وە پێغەمبەریش ﷺ ڕوونی كردۆتەوە بۆمان، بەڵام كەسێك بیەوێت لە خوای گەورە نزیك بێتەوە بە چەند كردەوەیەك و واش گومان بەرێت بەعەقڵی خۆی كە كارێكی چاكە، یان ئەو كردەوەیەی لە غەیری خۆی وەرگرتبێت، وە ئەگەر ئەو كەسەی لێی وەرگرتووە زانایەكی گەورەش بێت، ئەوە كردەوەكەی بەسەردا دەدرێتەوەو كەسێكی داهێنەر (مبتدع)ە ئەگەر نیەتی خێریشی هەبێت.

لە (ابن مسعود)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت هاتوە كە فەرمویەتی: (وكم من مريد للخير لن يصيبه) واتە: (چەندەها كەس بە نیازو شوێن كەوتەی خێرن، بەڵام نای پێكن)، ئەمەی بەكۆمەڵێك ووت كە (سبحان الله و الله أكبر و لا إله إلاّ الله و الحمدلله)یان دەكرد، وە ئەم زیكرانەیان بە وردە بەرد دەژماردن، كاتێكیش نەهی لێ كردن وتیان: (هیچ مەبەستێكمان نەبووە تەنها خێر نەبێت).

وە لێرەوە بنچینەیەكمان دەست دەكەوێت كە جێگیرو زانراوە لای زانایانی ئیسلام، ئەویش ئەوەیە كە لە كاتی ڕوودانی كێشەو خیلافدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆلای قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەوەی بە بەڵگەوە

---

[11] قواعد معرفة البدع، تأليف محمد بن حسين الجيزاني، (ص٢٤).

دەستمان کەوت لێی وەرگرین و کاری پێ بکەین، وە ئەوەی بەڵگەشمان لە سەری دەست نەکەوت ئەوا بە هۆیەوە لە خوای گەورە نزیك نابینەوەو پێویستە وازی لێ بهێنین .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾[١٢]، واتە: (ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بکەن و گوێ ڕایەڵی ئەوانە بکەن لە خۆتان واتە لەناو ئێوەی موسڵماندا کە کارو فەرمانتان بەڕێوە دەبەن، وە ئەگەر لە شتێکدا کێشە کەوتە ناوتان ئەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (قورئان و سوننەت) ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوە بۆ ئێوە چاکترەو ئەنجامیشی باشترە). وە دیسان دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾[١٣]، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەری بگرن و ئەوەشی نەهی لێ کردون خۆتانی لێ بە دوور بگرن)، شێخ عبدالرحمن السعدي[١٤] ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (ئەمە گشتگرە بۆ هەموو بابەتە بنچینەیی و لاوەکیەکانی دین (الأصول والفروع)، وە ئاشکراو پەنهانەکانی، وە ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە، ئەوە پێویستە لەسەر بەندەکان کە دەستی پێوە بگرن و شوێنی بکەون، وە بۆیان حەڵاڵ نیە کە پێچەوانەی ئەو بکەن، وە فەرمودەی پێغەمبەر لەسەر حوکمی شتێك ئەوە وەك حوکمی خوای گەورە وایە لەسەری، وە هیچ ڕوخسەت و عوزرێك نیە بۆ هیچ کەسێك کە وازی لێ بهێنێت، وە دروستیش نیە کە ووتەی هیچ کەسێك پێش ووتەی ئەو بخرێت[١٥]).

وە پێغەمبەر ﷺ لەو فەرمودەیەی کە دایکی ئیمانداران عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەیگێڕێتەوەو (زانایان بە تەرازویان داناوە بۆ کردەوە ئاشکراکان) دەفەرموێ: (من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو ردٌ)[١٦]، واتە: (هەر کەسێك کردەوەیەك بکات و ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت، ئەوە ڕەد دەکرێتەوە، واتە قبوڵ ناکرێت و لێ ی

---

[12] النساء/٥٩

[13] الحشر/٧

[14] زاناو شارەزاو موفەسیری قورئان شێخ (عبدالرحمن بن ناصر بن عبدالله بن ناصر آل السعدي)یە، لە (١٢/محرم/١٣٠٧)ی کۆچی لە (عنیزة) لە دایك بووە، لە تەمەنی (٤)ساڵیدا دایکی مردووە، وە لە تەمەنی (٧) ساڵیدا باوکیشی دەمرێت، وە هەر لە منداڵیەوە زیرەکی و لێهاتوویی و ئارەزووی فێربوونی زانستی شەرعی پێوە دیار بووە.

وە لە دوای مردنی باوکی دەست دەکات بە قورئان خوێندن و لە تەمەنی (١١) ساڵیدا هەموو قورئان لەبەر دەکات، پاشان دەست دەکات بە خوێندنی زانستە شەرعیەکان تا وای لێ دێت لە هەموو بوارەکاندا زانستێکی باش فێر دەبێت، وە لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا دادەنیشێت بۆ وانە وتنەوەو خەریکی کاروباری فەتوا دەبێت بە بەردەوامی. وە ناوبراو خاوەنی نزیکەی (٣٦) کتێب و بڵاوکراوەیە، لە سەروو هەموویانەوە تەفسیرە نایاب و پڕ ماناکەی (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان) کە لە زۆر شوێن بە تەفسیری سەعدی ناسراوە، شایانی باسە شێخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحەتی خوای لێ بێت دەربارەی تەفسیرەکەی دەڵێت: (پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی کە بەدوای کتێبی تەفسیردا دەگەڕێن، کتێبخانەکەیان خاڵی و بەتاڵ نەبێت لەم کتێبە).

وە پێنج ساڵ بەر لە مردنی توشی پاڵە پەستۆی خوێن دەبێت، تا لە بەرە بەیانی ڕۆژی (٢٣/جەمادی کۆتایی/١٣٧٦)ی کۆچی، کۆچی دوایی دەکات.

[15] تفسير السعدي، ص١٠٠٣.

[16] رواه مسلم رقم الحديث (١٧١٨)

وەر ناگیرێت)، وە شێخی پایە بەرزو زانای فەرمودەناس شێخ (محمد ناصرالدين الألباني[17]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ئەم فەرمودەیە دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە بنچینەو بنەمایەکی گەورەیە لە بنچینەو بنەماکانی ئیسلام، وە یەکێکە لە فەرمودە پڕ ماناو کۆکراوەکانی پێغەمبەر ﷺ؛ چونکە زۆر بە ئاشکراو ڕوون و ڕاشکاوی ڕەددی هەموو بیدعەو داهێنراوێك دەداتەوەو پوچەڵیان دەکاتەوە)[18].

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ)[19]، واتە: (هەر کەسێك شتێك دابهێنێت لە دینی ئێمەداو تێیدا نەبێت، ئەوە ڕەد دەکرێتەوە).

وە هەروەها دەربارەی پێناسەکەی پێشوو (شيخ سليم الهلالي) دەڵێت: کە دەفەرموێت: (بقصد التقرب إلى الله)، ئەوا بیدعەی دنیایی و ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە وەك: ئۆتۆمۆبێل و بارود و فڕۆکەو دانان و نوسینی کتێب و هاو وێنەی ئەمانیش، وە ئەمانە هەموویان هۆکاری شەرعین لەبەر ئەوەی هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە مەشروعن و دروستن، وە هەر ئەمانەشن کە پێنج حوکمەکە (الأحكام الخمسة) دەیان گرێتەوە، نەك بیدعەی دینی، وە ئەوەشە کە دەوترێت: (ما لايتم الواجب إلاّ به فهو واجب)، نەك بەو شێوەیەی کە (عِزّ بن عبدالسلام)[20] ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت دەربارەی دابەش کردنی بیدعەی دینی بۆ پێنج بەش[21].

[17] ناوی (ناصرالدين کوڕی حاجی نوح نجاتي)یەو بە ڕەگەز ئەلبانیەو لە ساڵی (١٣٣٢هـ–١٩١٤ز) لە شاری (اشقودره)ی پایەتەختی ئەلبانیا لە دایك بووە، بەڵام بەهۆی ناهەمواری ئەو وڵاتەوە باوکی ئەلبانیا جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شام. شێخ ئەلبانی لای باوکی کۆمەڵێك کتێبی خوێندووە لە زانستە جیا جیاکاندا، لەوانە فیقهو صرف و هەر لای باوکیشی قورئانی تەواو کردووە، وە هەروەها شێخ (راغب الطباخ) کە زاناو شارەزای (حلب) بووە لە زانستی فەرمودەدا، ئیجازەی زانستی فەرمودەی بە شێخ ئەلبانی دەبەخشێت، ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەو دڵ نەخۆشانەی کە دەڵێن شێخ ئەلبانی لای هیچ کەسێك زانستی شەرعی نەخوێندووە. پاشان لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی ئیسلامی لە سعودیە ئەو یەکێك دەبێت لە مامۆستاکانی ئەو زانکۆیەو بۆ ماوەی (٣) ساڵ وانەی زانستی فەرمودە (علوم الحديث)ی تێدا وتۆتەوە بە سەرکەوتوویی لە کاتێکدا هەڵگری هیچ شەهادەو بڕوانامەیەکی ئەکادیمیش نەبووە.

وە هەروەها شێخ ئەلبانی زۆر کاریگەر بووە بە هەرسێ شێخی ئیسلام (ابن تيميةو ابن القيم الجوزيةو محمدی کوڕی عبدالوهاب) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، کە بانگەوازییان کردووە بۆ قورئان و سوننەتی صەحیح و گەڕانەوە بۆ لایان لە هەموو ڕوویەکەوە، وە دژایەتی کردن و لەناو بردنی بیدعەو هەڵگرانی بیرو باوەڕە گومڕاکارەکان، وە ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە قسەو فەتواکانیدا دەردەکەوێت کە ووتەکانیان وەك بەڵگە بەکاردەهێنێت و پشتیان پێ دەبەستێت.

وە کتێب و نوسراوو تەحقیقاتی شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە چاپکراوو چاپ نەکراویەوە دەگاتە نزیکەی (٢٣١) کتێب، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرو بەرچاوەو گەورەیی و فراوانی زانستی ئەم زانا بەڕێزو پایە بەرزە دەردەخات، وە هەروەها نیشانەی بە تەنگەوە بوون و خەم خۆری بووە بۆ بانگەوازی ئیسلامی و خزمەت کردنی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺو مەنهەج و ڕێبازی سەلەف صالح ڕەزای خوایان لێ بێت، وە ئەم زانا بەڕێزو فەرمودە ناسە لە تەمەنی (٨٨) ساڵیداو لە ڕۆژی شەممە ٢٢/جەمادی کۆتایی ساڵی (١٤٢٠ کۆچی – ١٩٩٩ زایینی) لە دوای عەصرو پێش خۆر ئاوابوون کۆچی دوایی کرد.

وەرگیراوە لە: الإمام الألباني حياته دعوته جهوده في خدمة السنة، تأليف محمد بيُّومي.

[18] ارواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، للشيخ/محمد ناصرالدين الألباني، ص/(١٢٨).

[19] رواه مسلم (١٧١٨)، وأخرجه أحمد (٢٤٥٠٤)و (٢٦٠٩٢)و (٢٦٩٧)، والبخاري (٢٦٩٧) وأبو داود (٤٦٠٦)، وابن ماجه (١٤) وابن حبان (٢٦)و (٢٧)، والطيالسي (١٤٢٢)، والدرقطني (٤/٢٢٤/٢٢٥/٢٢٧)، وغيرهم.

[20] لە بەشەکانی داهاتودا باسی ئەم جۆرە دابەش کردنە دەکەین کە شێخ (العزّ بن عبدالسلام) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کردوویەتی، وە زۆرێك لە زانایان لەسەر ئەم جۆرە دابەش کردنەیان نوسیوەو ڕوونیان کردۆتەوە کە دابەش کردنێکی هەڵەیەو لەگەڵ بنچینەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت، پشت بە خوای گەورە لە جێگای خۆیدا باسیان دەکەین.

وە سەرەڕای هەموو ئەوانەش خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾[22]، واتە: (ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردن و نیعمەتی خۆم بەسەردا تەواو کردن وە ڕازی بووم بۆ ئێوە کە ئیسلام دینتان بێت)، وە پێشەوا ابن کثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (ئەوە گەورەترین نیعمەت و بەخششی خوایە لەسەر ئەم ئوممەتە، بە شێوەیەك کە خوای گەورە دینەکەی بۆ تەواو کردوون و پێویستیان بە دینێکی تر نیە جگە لەو، وە هەروەها پێویستیان بە پێغەمبەرێکی تر نیە جگە لە پێغەمبەرەکەی خۆیان؛ وە هەر بۆیەشە خوای گەورە کردوویەتی بە کۆتایی پێغەمبەران ﷺ، وە ناردوویەتی بۆ مرۆڤەکان و جنۆکەکان، وە هیچ شتێك حەڵاڵ نیە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو حەڵاڵی کردووە، وە هیچ شتێکیش حەڕام نیە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو حەڕامی کردووە، وە هەر شتێکیش ئەو بە دینی دانەنابێت ئەوە دین نیە، وە هەر شتێکیش کە ئەو هەواڵی پێدابێت ئەوە حەقەو ڕاستەو درۆو خیلافی تێدا نیە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗا ﴾[23]، واتە: ڕاستە لە هەواڵ دان و ئیخباردا، وە عەدل و دادپەروەرە لەو شتانەی کە فەرمانی پێکردوون و ئەوانەش کە قەدەغەی کردوون (الأوامر والنواهي)، وە کە دینەکەشی بۆ تەواو کردن ئەوە نیعمەتی خۆی بە تەواوی بەسەردا ڕشتن، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ واتە: ئێوەش ڕازی بن بەو دینە کە خوای گەورە بۆی ناردوون، چونکە دینێکە خوای گەورە پێی ڕازیەو خۆشی دەوێت، وە بە باشترین پێغەمبەر لەناو پێغەمبەراندا ناردوویەتی، وە باشترین و پیرۆزترین کتێبی بۆ دابەزاندووە، وە ابن عباس دەڵێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾، ئەوە ئیسلامە، وە هەواڵ دەدات بە پێغەمبەر ﷺو ئیمانداران: کە بەڕاستی خوای گەورە ئیمانی بۆ تەواو کردوون، وە هیچ پێویستیان بە شتێك لەوە زیاتر نیە، وە بەڕاستی خوای گەورە تەواوی کردووەو هیچ شتێکی لێ کەم مەکەنەوە)[24].

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ما بقي شيء يقرِّب من الجنة و يباعد من النار إلاّ وقد بُيِّن لكم)[25]، واتە: (هیچ شتێك نەماوە کە پێی لە بەهەشت نزیك ببنەوە، وە دورتان بخاتەوە لە ئاگری جەهەننەم، ئیلا بۆتان رون کراوەتەوە). کەواتە مادام هەموو شتێکمان بۆ ڕوون کرابێتەوە کە پێی لە بەهەشت نزیك ببینەوەو ئەوەش کە لە دۆزەخ دورمان دەخاتەوە، چ پێوست بە داهێنان و بیدعە دەکات؟!! لە کاتێکدا هەموو داهێنراوو بیدعەیەك گومڕاییەو هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە .

---

21 البدعة وأثرها السيئ في الأمة، للشيخ سليم الهلالي، (ص٦).

22 المائدة/٣

23 الأنعام: ١١٥

24 عمدة التفسير (ج١ ص٥٥٤)

25 أخرجه الطبراني فى معجمه الكبير (١٦٤٧)، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة رقم (١٨٠٣).

وە (ابن الماجشون[٢٦]) دەڵێت: (گوێم لە ئیمام مالك بوو دەیفەرمو: هەر کەسێك بیدعەیەك لە دینی ئیسلامدا دابهێنێت و بە چاکیشی بزانێت، ئەوە وا گومان دەبات کە محمد ﷺ خیانەتی لە پەیامەکەی خوای گەورەدا کردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ وە ئەوەی ئەو ڕۆژە دین نەبوبێت، ئەوە ئەمڕۆ نابێت بە دین)[٢٧].

وە ئیمام (الشوكاني[٢٨]) لە (القول المفيد)دا دەڵێت: خوای گەورە ئاینەکەی تەواو کردووە پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بمرێت.

کەوابوو ئەو بۆچونە چیە کە دایان هێناوە دوای ئەوەی خوای گەورە دینەکەی تەواو کردووە؟!

– ئەگەر لە دیندا بێت بە بڕوای خۆیان، ئەوا دینەکە تەواو نەبووە، تەنها بەڕەئی و بۆچونی ئەوان نەبێت! ئەمەش ڕەددە لەسەر قورئان!

– وە ئەگەر لە دینیشدا نەبێت، ئەوە چ سودێك هەیە خەریك بوون بە شتێك کە لە دیندا نیە؟!.

---

26 ناوی (عبدالعزيز بن عبدالله بن أبى سلمه الماجشون المدنى)یە،لە پێشەواو زانا گەورەو باوەڕ پێکروەکانی تابعی تابیعینە، لە ساڵی (١٦٤)کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

27 الإعتصام ٤٩/١

28 ناوی (محمد بن على بن محمد بن عبدالله الشوكانى)یە، لە ساڵی (١١٧٣)ی کۆچی لە دایك بووە،وە تا تەمەنی (١٠) ساڵی قورئانی پیرۆزو زۆر بابەتی تر لەبەر دەکات، وە نوسینەکانی ئەم زانا بەرزە دەگاتە نزیکەی (٢٧٨)بابەت، کە ژمارەیەکی زۆریانی لێ بڵاوکراوەتەوە، وە لە ساڵی (١٢٥٠)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

# بەشی دووەم

# تێگەیشتنێکی هەڵە دەربارەی بیدعە

هەندێ لە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لە قسەکردن دەربارەی بیدعە بە هەڵەدا چوون و لەو ئیجتهادەی کە کردوویانە نەیان پێکاوە، وە یان ئەوان مەبەستیان ڕاست بووە بەلاّم ئەوانەی دوا خۆیان بە هەڵە قسەکانیان لێك داونەتەوە.

وە هەندێ قسەو ووتە لەم بارەیەوە لە پێشەواو زانا بەرزەکانەوە هاتووە کە بەو مەبەستە نەیان ووتووە کە ئێستا موبتەدیعەکان باسی لێوە دەکەن.

بۆ نموونە:

**نموونەی یەکەم:** خەلیفە عومەر ڕەزای خوای لێ بێت کاتێك کە بینی موسڵمانان بەش بەش و پارچە پارچە نوێژی تەڕاویح دەکەن، هەموویانی کۆکردەوەو ئیمامێکی بۆ دانان بۆ ئەوەی یەك جەماعەت بێت، وە فەرمووی: (نعمت البدعة هذه) واتە: باشترین داهێنان ئەوەیە.

بەلاّم چ داهێنانێکی کرد؟! ئایا ئەوەی کە کردی تەنها لە زماندا (في اللغة) بە داهێنان و بیدعە حیسابەیان لە شەرعیشدا؟

بێگومان بیدعەیەکی زمانەوانی (البدعة اللغوية) بوو نەك داهێنانێکی شەرعی (البدعة في الشرع).

چونکە ئەنجام دانی نوێژی تەڕاویح بە جەماعەت لە شەرعدا شتێکی داهێنراوو بێ بەڵگە بنەما نەبوو، بەڵکو چەند بەڵگەیەکی لەسەر بوو، وەك:

أ- پێغەمبەری خوا ﷺ چەند شەوێك بە جەماعەت کردی، بەلاّم لە ترسی فەرز بوون بەردەوامی پێنەدا، وە کە وەفاتی کرد ترسی فەرزبوون نەماو سوننەتەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی کە بە جەماعەت کردنە.

ب- وە پێغەمبەر ﷺ لە سوننەتی قەولیدا فەرمویەتی: (من قام مع الإمام حتى ينصرف كتب الله له قيام ليلة)[29] واتە: (هەر کەسێك لەگەڵ ئیمامەکەی نوێژی تەراویح بکات تاوەکو تەواو دەبێت، ئەوا خوای گەورە نوێژی تەواوی شەوەکەی بۆ دەنوسێت).

کەواتە: هەرچەندە ئەو ئیشەی کە پێشەوای موسڵمانان (عومەر) ڕەزای خوای لێ بێت کردی، پێشتر بە بەردەوامی نەبوو لەبەر ڕێگرێك کە ترسی فەرزبوون بوو، جا لەبەر نەبوونی بەم شێوەی لە زمانی عەرەبیدا دروستە وەسف بکرێت بە تازە داهاتوو (بدعە)، بەلاّم چونکە بەڵگەی شەرعی لەسەرە ئەوە بە بیدعە دانانرێت لە شەرعدا بەڵکو سوننەتە.

بۆیە بەکورتی ئەوەی کە (عومەر) ڕەزای خوای لێ بێت کردی لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (بدعە)، چونکە هەر شتێك کە داهاتوو بێت و پێشتر وێنەی هاوشێوەی نەبێت، ئەوە پێی دەوترێت (بدعە) (داهاتوو) هەرچەندە بەڵگەی شەرعیشی لەسەر بێت.

---

29 رواه النسائي (١٦٠٤)، وابن ماجه (١٣٢٧) وصححه الألباني.

کەواتە: (بدعە بوو لە زمانەوانیدا، وە سوننەت بوو لە شەرعدا).

وە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی لەم سێ خاڵە ووردبەرەوە:

١- هەر شتێك کە پێغەمبەر ﷺ کردبێتی، ئەوا ئەنجامدانی ئەو شتە یان زیندوو کردنەوەی دوای وون بوون و مردنی، سوننەتە نەك بیدعە، ئەمەش ئەم فەرمودەیە دەیگرێتەوە: (من سن في الإسلام سنة حسنة.....).

بە واتایەکی تر: شتێك بۆ خۆی سوننەتە وەك خێرکردن (الصدقة)، بەڵام لە شوێنێك یان لە سەردەمێك کەس نایکات، وە کە تۆ ببیتە پێشەنگی خەڵکی و سوننەتەکە زیندوو بکەیتەوە ئەوا بەر ئەم فەرموودەیە دەکەوێت.

٢- هەر کارێك پێغەمبەر ﷺ خۆی بە عەمەلی نەیکردبێت، بەڵام بە زمان ڕوخسەتی دابێت، یان ئیقراری لەسەر کردبێت، ئەوە کردنی ئەم کارە لە دوای پێغەمبەر ﷺ لە زمانی عەرەبیدا بە بیدعە دادەنرێت، بەڵام لە شەرعدا بیدعە نیە بەڵکو سوننەتە، نمونەی ئەم جۆرەش وەك کردارەکەی عومەر ڕەزای خوای لێ بێت.

٣- هەر کارێك پێغەمبەر ﷺ نەیکردبێت، هەرچەندە داخوازی کردنیشی هەبووبێت، وە هیچ ڕێگرێکیش نەبووبێت لە ئەنجامدانیدا، وە بە زمان و ئیقراریش ڕێگەی پێ نەدابێت، ئەوە ئەنجامدان و کردنی بیدعەیە لە زمانەوانیش و لە شەرعیشدا، وە نەکردنی سوننەتە، ئەمەش پێی دەوترێت (السنة الترکیة)، وە نمونەی ئەم جۆرەش زۆرن وەك ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ.

**نموونەی دووەم**: دەگێڕنەوە لە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە فەرموویەتی: دوو جۆر بیدعە هەیە ئەوانیش (المحمودة والمذمومة)، بەڵام مەبەستی ئەم زانا پایە بەرزو بەڕێزە بریتی نەبووە لە جۆری بیدعە لە شەرعدا، بەڵکو مەبەستی چەند شتێکی شەرعی و دروستن وەك :

أ- خاڵی دووەمی ڕابردوو.

ب- هەر کارێك کە داخوازی کردنی نەبووە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بەڵام دوای ئەو کە داخوازی کردنی پەیدا بووە، کە ئەمەش دەچێتە بواری (المصالح المرسلة)وە.

ج- داهێنانێك کە لە دونیادا بێت نەك لە دیندا.

وە هەندێ لەو هەڵەو ڕاو بۆچونانەش کە وتراون دەربارەی بیدعەو خەڵکی بە هەڵە لێی تێگەیشتوون، ئەمانەن:

**یەکەم**: دابەشکردنی بیدعە بۆ (بیدعەی چاك و خراپ) (الحسنة والسیئة) یان (المحمودة والمذمومة)، وە ئەم دابەشکردنەش ناگەڕێتەوە سەر شەرع و هیچ بنچینەیەکی نیە تێیدا، وە چۆن بنچینەی هەیە لە کاتێکدا پێچەوانەی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەرە ﷺ؟!!

وە ئەهلی سوننە بڕوایان وایە کە دین تەواو کراوە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، وە ئەوەی لەسەر خەڵکیش پێویستە بریتیە لە گوێڕایەڵی کردن و جێ بەجێکردن (السمع والطاعة)، کە ئەمەش لە زۆر ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هەستی پێ دەکرێت، وە هەموو ئەو شتانەش کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕوون کراوەتەوە هەر لەو ڕۆژەوە کە لە دایك دەبێت تا ئەو ڕۆژەی کە دەخرێتە ناو گۆڕەوە.

وە هەروەها دانانی شەریعەت و دین، حەق و مافی خوای پەروەردگارە نەك هی مرۆڤەکان، وە ئەگەر زیادکردن لە دیندا دروست بێت ئەوا کەم کردنیش تێیدا هەر دەبێت دروست بێت، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە زیاد کردن و داهێنانی بیدعە لە دیندا. کەوابوو ئەو کەسەی کە بیدعەیەك لە دیندا دادەهێنێت و زیاد دەکات، ئەوە

بەو قسەیەی یان ئەو کردەوەیەی ئەوە وەردەگیرێت کە شەریعەتی خوای گەورە تەواو نەبووە؛ چونکە ئەگەر بڕوای وابێت کە شەریعەتی خوای گەورە تەواوە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوا بیدعە ناکات و هیچ شتێکی تیادا زیاد ناکات.

وە ئەگەر دانانی شەریعەت کاری خەڵکی بوایە ئەوا پێویستی نەدەکرد خوای گەورە شەریعەت و ئایین دابەزێنێت و پێغەمبەران بنێرێت، وە ئەو کەسەی بیدعە لە دیندا دادەهێنێت و زیاد دەکات، ئەوە خۆی کردووە بە هاوبەش و شەریکی خوای پەروەردگار بەوەی کە شتێکی لە شەرعدا داهێناوەو زیاد کردووە لەگەڵ خوای گەورەدا کە دانەری شەریعەتە، وە دەرگای خیلاف و ناکۆکی دەکاتەوەو مەبەستی خوای گەورە ڕەت دەکاتەوە لە تەنهایەتی دانانی شەریعەتدا.

وە سەلەفی صاڵحیش هەر ئاوای تێی گەیشتوون، بۆ نموونە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (من استحسن فقد شَرَّع)[30] واتە: (هەر کەسێك بیدعەو شتێکی زیادکراو لە دیندا بەباش بزانێت ئەوا ئەویش شەریعەتی داناوە)، وە بێ گومان وەك پێشتریش تێی گەیشتین کە دانانی شەریعەت حەقی خوای پەروەردگارەو بەس. وە هەروەها ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (أصول السنة عندنا التمسك بما كان عليه أصحاب رسول الله ﷺ، والاقتداء بهم وترك البدع، وكل بدعة ضلالة)، واتە: (بنچینەی سوننەت لای ئێمە ئەوەیە کە دەست بگرین بەوەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوون، وە شوێن کەوتنیان و وازهێنان لە بیدعە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە)[31]. لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە دابەش کردنی بیدعە بۆ بیدعەی (چاك و خراپ) دابەش کردنێکی هەڵەیەو فەرمانی خواو پێغەمبەری ﷺ لەسەر نیە.

<u>**دووەمیان**</u>: دابەش کردنێکی تریش کراوە بۆ بیدعە ئەویش ئەوەیە کە (العِزّ کوڕی عبدالسلام) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کردوویەتی، وە بیدعەی دابەش کردووە بەسەر پێنج حوکمەکەداو بەم شێوەیە:

١- بیدعەی واجب.
٢- بیدعەی سوننەت.
٣- بیدعەی حەرام.
٤- بیدعەی مەکروهـ.
٥- بیدعەی موباح[32].

کە بێ گومان ئەمەش دابەش کردنێکی هەڵەیەو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بنچینەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێك ناکاتەوە، چونکە بیدعە لە ژێر هەر دروشم و ناوێکدا بێت ئەوە هەر یەك وەصفی بۆ کراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرمویەتی (وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار).

وە بەداخەوە ئەوانەش کەوا دوورن لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺو سەراپای لاشەو هەڵس و کەوتیان سوننەتێکی پێوە دیار نیەو دڵیان بە بیدعە خۆش دەبێت، دێن ئەم دابەش کردنە لەناو خەڵك دووبارە دەکەنەوە، بێ ئاگا لەوەی کە هەر کەسێك شوێن فەتوای ئەو زانایانە بکەوێت کە لەو بوارەدا نەیان پێکاوەو فەتواکەیان موافیقی

---

[30] ئەمە ووتەیەکی زۆر بەربڵاوی ئەم زانا پایە بەرزو بەڕێزەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کە زۆرێك لە زاناو پێشەوایانی مەزهەبەکەی گێڕاویانەتەوەلەوانە: الغزالي لە (المنخول) لاپەڕە (٣٧٤)، والمَحَلّي لە (جمع الحوامع) (٢/٣٩٥-بحاشيته) وە جگە لەوانیش. وە هەروەها لە کتێبی (الرسالة) لاپەڕە (٥٠٧)دا دەڵێت: (إنما الإستحسان تلذُّذٌ)، وە هەروەها لە کتێبی (الأم)دا بابەتێکی سەربەخۆی هێناوە بە ناوی (إبطال الإستحسان).

[31] وەرگیراوە لە (البدعة وأثرها السيئ في الأمة)، سليم الهلالي ص(٧-٩).

[32] سەیری مختصر صحيح مسلم ج١/١٤٥ شێخ ألبانی بکە، وە بڕوانە صحيح مسلم كتاب الزكاة حديث (٢٣٤٨).

سوننەت نیە، دەکەونە ناو گومڕاییەکی قوڵەوەو دەرباز بوونیشیان لێی تەنها تەوبە کردنەو گەڕانەوەیە بۆلای سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

وە هەروەها کۆمەڵێك نمونەش دەهێنینەوە بۆ هەریەك لەو پێنج بەشانەی کە باسمان کردن کە بە هیچ شێوەیەك ناشکەونە ژێر ئەو بەشانەوە، چونکە:

أ- یان ئەو نموونانە لە کارو کردەوەکانی خەلیفە بەڕێزەکانی پێغەمبەرن ﷺ کە ئەمەش بۆ ئێمە سوننەتەو پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردووین کە شوێن سوننەتی ئەوو خەلیفە ڕاشیدەکان بکەوین.

ب- وە یان لە زیادکردن و داهێنراوی ئەو کەسانەیە کە ئارەزوویان لە ئەنجامدانی بیدعەیەو بیدعەکەیان بە عیبادەتێك دەزانن لەناو عیبادەتەکاندا، وە گومانیش لەوەدا نیە کە بیدعەیەو خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی نابن و دەکەوێتە ناو بازنەی گومڕاییەوە.

ت- وە یان ئەم نموونانە پەیوەندیان بە ژیانی دونیاو خۆشگوزەرانی خەڵکیەوە هەیە، وەك دروست کردنی فڕۆکەو ئۆتۆمۆبێل و دروست کردنی خانووبەرە لەسەر شێوازی تازەو هۆکارەکانی خۆ فێنك کردنەوەو گەرم کردن و ........هتد، کە ئەمانە هیچیان پەیوەندیان بە دینەوە نیەو ناکەونە ناو زاراوەی بیدعە لە شەرعدا، چونکە تەنها لە شەرعدا ڕێگە لە بیدعە گیراوەو نەهی لێکراوە، وە بۆ نموونە کەسێك لە ڕێگەی کارو کاسبی حەڵاڵەوە ببێت بە خاوەنی باشترین خانوو و ئۆتۆمۆبێل و خۆشترین ژیان و گوزەرانی دونیای هەبێت و دەست بکەوێت، وە لە هەمان کاتدا ماڵەکەی لە کاری حەرام و قەدەغەکراودا سەرف نەکات و لەسەر سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ بڕوات، ئەوا هیچ زەرەرێکی بۆ دینەکەی نیە، مادام ئەو کەسە خۆی لە ئەنجامدانی بیدعە لە شەرعدا پاراستووەو نەکەوتۆتە ناویەوە.

کەوابوو ئەم دابەش کردن و گۆڕانکاریانەی کە لەناوو شێوازی بیدعەدا دەکرێت، هیچ بنەمایەکی شەرعی نیەو هەر لە چوارچێوەی بیدعەدا دەمێنێتەوەو حوکمەکەی ناگۆڕێت، هەروەك شێخ (حسین العوایشة) دەڵێت: (قولوا _إن شئتم_ بدعة حسنة و بدعة قبيحة، ولكن لاتنسوا أنَّ الرسول ﷺ قال: (فإنَّ كل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار). لإنَّ كلَّ الأسماء التي سميتموها تدخل في كلمة «كل» التي ذكرها رسول الله ﷺ)[٣٣]، واتە: (بە ئارەزووی خۆتان بڵێن بیدعەی چاك یان بیدعەی خراپ، بەڵام بیرتان نەچێت کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، وە هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگردایە)، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ناوانەی کە ئێوە پێیان ناو دەنێن، ئەوا دەچێتە ناو ووشەی «كل» کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە).

وە بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی ئەم بابەتە تکایە بگەڕێوە سەر کتێبی (الاعتصام)ی ئیمام (الشاطبي[٣٤]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت جوزئی یەك لاپەڕە ١٥٥-١٦٧)، وە هەروەها کتێبی (اقتضاء الصراط المستقیم)ی شیخ الاسلام ابن تیمیة ڕەحمەتی خوای لێ بێت لاپەڕە ٢٧٤-٢٧٥).

---

33 فقه الدعوة وتزكية النفس، للشيخ/ حسين بن عودة العوايشة، ص(٣٠٨).

34 ناوی (أبو اسحاق ابراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الشاطبي)یە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە (غرناطة) ژیاوەو ساڵی لە دایك بوونی نەزانراوە، وە خاوەنی چەند نوسراوێکە، لەناویاندا هەردوو کتێبی ناوازەو بڵاوی ناو کتێبخانەی ئیسلامی (الموافقات في أصول الشريعة) و (الإعتصام)ن، وە هەر لە (غرناطة) ماوەتەوە تا لە مانگی شەعبانی ساڵی (٧٩٠)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٣٨٨)ی زایینی کۆچی دوایی کردووە.
وەرگیراوە لە: (الإفادات والإنشادات، لأبي اسحاق ابراهيم بن موسى الشاطبي الأندلسي)

# بەشی سێیەم

# لە گرنگترین ترسناکی و خراپیەکانی بیدعە

**یەکەم:** بیدعە قسە کردنە بەناوی خوای پەروەردگار بە بێ زانست: ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (قسە کردن بەناوی خوای پەروەردگار بەبێ زانست و زانیاری لە توندترین حەرام کراوەکان و لە گەورەترین گوناهەکانە، لەبەر ئەوەی ئەمە درۆیەکە بەناوی خواوە دەکرێت و دەدرێتە پاڵی و لەهەمان کاتدا شایستەی ئەویش نیە وە دینەکەی دەگۆڕدرێت و ئەوەی خوای گەورە نەفی کردووە ئەو جێگیری دەکات و ئەوەش کە جێگیرە ئەو نەفی دەکات، وە ئەوەش کە خوای گەورە بەڕاستی داناوە ئەو بەخراپی دادەنێت و ئەوەش کە بەخراپی داناوە بە باشی دادەنێت.)[٣٥]

وە ابن کثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئایەتی: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾[٣٦]دا دەڵێت: (ئەو ئایەتە ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە بیدعەیەك دابهێنێت و نەگەڕێتەوە لای شەرع و یان شتێك حەڵاڵ بکات و خوای گەورە حەڕامی کردبێت یان شتێك حەڕام بکات و خوای گەورە بە حەڵاڵی دانابێت تەنها بەهۆی ڕاو ئارەزووەکانی خۆی)[٣٧].

**دووەم:** داهێنان و ئەنجامدانی بیدعە تۆمەتبار کردنی پێگەی پێغەمبەرایەتیە: کەسی بیدعەچی بە زمانی حاڵی تۆمەتی خیانەت کردن دەداتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەی کە خوای گەورە بۆی ناردووە، وە داهێنان و بیدعە هێنانە ناو دین بە کەم زانین و ڕازی نەبوونە بە پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ، چونکە ئەگەر کەسی بیدعەچی ڕازی بێت بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەرو پێشەواو چاو ساغی بێت، ئەوا بە تەنها دەست بەوەوە دەگرێت کە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە لە ووتەو بیرو باوەڕ ،وە وازیان لێ ناهێنێت و لێیان لانادات بۆ ڕاو بۆچوون و بیدعەی بیدعەچیەکان.

---

35 مدارج السالكين لابن القيم (١٣٧٢).

36 النحل: ١١

37 تفسير ابن كثير (٥٩١/٢).

**سێیەم**: داهێنان و ئەنجامدانی بیدعە تۆمەتبار کردنی پێگەی هاوەڵانە ﷺ: لە زۆر ڕووەوە تۆمەت دەخەنە پاڵ هاوەڵان ﷺ، لەوانەش:

- ❖ بیدعە ئەوە دەگەیەنێت کە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت بێ ئاگاو نەزان بوون بەوەی کە بیدعەچیەکان پێی گەیشتوون و دەرکیان پێ کردووە.
- ❖ وە کەمتەرخەمییان هەبووە لە عیبادەت کردن بەو عیبادەتەی کە بیدعەچیەکان زیادیان کردووە.
- ❖ کەموکووڕی لە عیبادەتیانداو کەمتەرخەمی لە گوێڕایەڵی کرنیاندا، بەشێوەیەك کە دەرگایان واڵا کردووە بۆ دوای خۆیان کە ڕێگاو مەنهەجی چاکتر دابهێنن و درکی پێ بکەن.
- ❖ بیرو باوەڕ بوون بەوەی کە خەڵکی دوای ئەوان ڕێزو فەزڵیان زیاترە، ئەوەش پێچەوانەی هەموو ئەو دەقانەیە کە فەزڵ و ڕێزی ئەوان دەدات بەسەر خەڵکانی تردا.

ابن كثير ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (بەڵام ئەهلی سوننەو جەماعە دەربارەی هەموو کردەوەو ووتەیەك کە لە لای هاوەڵان ﷺ جێگیر نەبووە، دەڵێن: ئەوە بیدعەیە، چونکە ئەگەر خێر بوایە ئەوا پێشمان دەکەوتن تیایدا، لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی خێریان واز لێ نەهێنانەوەو بەڵکو پێش برکێیان کردووە لەسەری)[٣٨].

**چوارەم**: بیدعە پێچەوانەی شەریعەتە: بیدعە پێچەوانەی شەریعەتە، وە شەریعەت تۆمەتبار دەکات، لەبەر ئەوەی شتێك لەشەریعەتدا زیاد دەکات یان کەمی دەکات وە یان بنچینەیەکی صەحیحی تێدا دەگۆڕێت، وە ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (بیدعە خۆشەویستە لای شەیتان لەبەر ئەوەی پێچەوانەی دینە، وە پاڵ بەوەوە دەنێت کە خوای پەروەردگار پێغەمبەری بۆ ناردووە، وە خاوەنەکەی تەوبەی لێ ناکات و وازی لێ ناهێنێت، وە بەڵکو خەڵکیشی بۆ بانگ دەکات)[٣٩].

**پێنجەم**: بیدعە هۆکاری تێکدانی دین و دڵە: بەڕاستی بیدعە فەسادی لە دڵ و دینی بیدعەچیدا جێگیر دەکات، بەشێوەیەك کە نەفسی خۆی قەدەغە دەکات لە سوود وەرگرتن لە شەریعەت، وە لێی لادەدات بۆ بیدعەو گومڕایی.

شيخ الإسلام ابن تيمية ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (بەڕاستی شەریعەت خۆراکی دڵەکانە، وە هەر کاتێك دڵەکان خۆراکیان لە بیدعە وەرگرت ئەوە هیچ فەزڵێکی بۆ سوننەت تێدا نامێنێت، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە یەکێك خۆراك و خواردنی پیس بخوات)[٤٠].

**شەشەم**: بیدعە تاوانە بەڵام لە شێوەی طاعەت و خوا پەرستیدایە: ئەوەی ترسناکی بیدعە زیاد دەکات، وە هەروەها کاریگەری و زەرەری زۆرتر بێت، ئەوەیە کە ئەهلی بیدەع و بیدعەچیەکان هەوڵ دەدەن و تێ دەکۆشن بۆ ڕازاندنەوەی بیدعەکەیان لای خەڵکی و سیفەتی شەرعی بۆ زیاد دەکەن، وە بیدعەکەیان بە وێنەی طاعەت و

---

38 تفسير ابن الكثير (٤/١٥٧).

39 مدارج السالكين، لابن القيم (١/٢٢٣).

40 اقتضاء الصراط المستقيم، لابن تيمية (١/٢٨١).

خواپەرستی دەخەنە ڕوو و بەرگێکی تری دەکەنە بەر، وە بەوەش خەڵکی نەزان و ساویلکەی پێ ڕاو دەکەن و لە خشتەیان دەبەن.

**حەوتەم:** بیدعە خراپترە لە تاوان کردن: بەڕاستی بیدعە خاوەنی شەڕێکی گەورەیە، وەبە شێوەیەکی گشتی خراپترە لە تاوان کردن، وە گوناهەکەی توندترەو زەرەرەکەیشی گەورەترە لەسەر ئوممەت.

ابن تیمیة ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (بیدعە خراپترە لە تاوان، هەروەك چۆن سوفیانی ثەوری دەڵێت: بیدعە خۆشەویست ترە لە تاوان لە لای ئیبلیس، لەبەر ئەوەی تاوان کردن تەوبەی لێ دەکرێت بەڵام بیدعە تەوبەی لێ ناکرێت)[41].

وە پێشەوایانی ئەهلی بیدەع و بیدعەچیەکان زەرەرو ترسناکیان زۆر زیاترو گەورەترە لە گوناهباران و تاوان کاران، چونکە بە بانگەوازی کردنیان بۆ لای بیدعەکانیان ئوممەت دەخەنە ناو کێشەو ڕا جیاوازی، و پارچە پارچەیان دەکەن و ئاگری فیتنەو ئاشووب دادەگیرسێنن، وە نەخۆشی کوشندە دەخەنە لاشەی ئوممەتەوە، بۆیە بەرەنگاربوونەوەو دژایەتی کردنیان پێویستە، بەوەی کە ئینکاری بیدعەکەیان بکرێت و وە وریایی و هۆشیاریش بدرێت دەربارەی ئەو شەڕەی کە هەیانە[42].

دوای ئەو پێشەکیە سەلمێنراوەی پێشوو ، دەگەڕێینەوە سەر باسی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ (المولد النبوي)، بۆ ئەوەی بزانین حوکمی ئەم ئاهەنگ گێڕانە چی یەو چۆنە بە پێی بەڵگەی قورئانی پیرۆزو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ؟

---

41 مجموع الفتاوى، لابن تيمية (١١/٤٧٢).

42 وەرگیراوەو کورت کراوەتەوە لە کتێبی (البرهان المبين في التصدي للبدع والأباطيل)، تأليف أشرف بن إبراهيم بن أحمد بن قطقاط، المجلد الأول، ص(٨٨-٩١).

# بەندی دووەم

## شوێن کەوتنی سوننەت و وازهێنان لە لاسایی کردنەوەی بێ بەڵگەو کوێرانە

بە داخەوە یەکێك لەو گرفت و کێشانەی کە توشی کۆمەڵگای ئیسلامی هاتووە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆر کوێرانەو بێ هیچ بیر کردنەوەیەك شوێن ڕاو بۆچوون و ووتەی هەندێ لە زانایان دەکەون، وە گومانیشی تێدا نیە کە هیچ زانایەك پارێزراو نیە لە تاوان و کەوتنە ناو هەڵەوە، جگە لە پێغەمبەر ﷺ کە پارێزراوو (مەعصوم)ە بە بێ هیچ گومان و دوو دڵیەك.

وە پێشەوای فەرمودە ناس شێخ (محمد ناصرالدین الألباني) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبە نایاب و پڕ سوودەکەیدا (صفة صلاة النبي ﷺ) ناونیشانێکی سەربەخۆی هێناوە بە ناوی: (أقوال الأئمة في اتباع السنة وترك أقوالهم المخالفة لها) واتە: (ووتەی پێشەوایان لە شوێن کەوتنی سوننەت و وازهێنان لەو ووتانەی ئەوان کە پێچەوانەی سوننەتن)، کە تێیدا ووتەی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبە بڵاوەکانی هێناوە کە ئەوانیش (پێشەوا ئەبو حەنیفەو پێشەوا مالك و پێشەوا شافعی و پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)ی هێناوە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. کە ووتەی هەموانیان ئاماژە بەوە دەدەن کە واز لە هەموو قسەو فەتوایەکی ئەوان بهێنرێت کە ئەگەر هاتوو پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بوو، یان فەتوایەکیان دابێت بەڵام فەتواکەیان هەڵە بوو وە نەیان پێکابوو، وە بێ گومان هەموو زاناو موفتیەکی ڕاستەقینە هەمان ڕاو بۆچوونی ئەوانی هەیە دەربارەی ئەو ڕاو بۆچونانەی کە هەیانە.

بۆیە منیش بە پێویستم زانی کە ئەو بابەتە وەك خۆی بخەمە ڕوو تا زیاتر بۆمان ڕوون بێتەوەو تێ بگەین کە هەر فەتواو ووتەیەك پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو، وە هیچ بەڵگەیەکیشی لەسەر نەبوو؛ ئەوە دەبێت وازی لێ

بهێنین و شوێن بەڵگەی قورئان و فەرمودە بكەوین، جا ئەو فەتواو ووتەیە هی هەر زانایەك بێت لە زانایانی ئوممەتی ئیسلامی، چونكە وازهێنان لە ووتەی ئەوان و شوێن كەوتنی قورئان و سوننەت جێ بەجێ كردنی ووتەو فەرمانەكانی ئەوانە، وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

## ١- پێشەوا (ئەبو حەنیفە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

یەكەمیان پێشەوا ئەبو حەنیفە (نوعمانی كوڕی ثابت)ە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، كە هاوەڵان و قوتابیەكانی ووتەو دەستەواژەی زۆرو جۆراو جۆریان لێ گێڕاوەتەو، كە هەموویان یەك شت دەگەیەنن و یەك مەبەستیان هەیە، ئەویش: واجبی و پێویستی دەست گرتن بە فەرمودەو وازهێنان و دوور كەوتنەوە لە لاسایی كردنەوەی ڕاو بۆچونی پێشەوایان كە پێچەوانەی سوننەتە، لەوانەش:

أ- دەفەرموێت: (إذا صحَّ الحديث فهو مذهبي)[٤٣]، واتە: (ئەگەر فەرمودەیەكی صحیح و ڕاست هەبوو ئەوە مەزهەبی منە).

ب- وە دەفەرموێت: (لا يحل لأحد أن يأخذ بقولنا مالم يعلم من أين أخذناه)[٤٤]، واتە: (دروست نیە بۆ هیچ كەسێك كە ووتەی ئێمە وەربگرێت، مادام نەزانێت ئێمە لە كوێمان وەرگرتووە).

وە لە ڕیوایەتێكی تردا دەڵێت: (حرام على من لم يعرف دليلي أن يفتي بكلامي) واتە: (حەرامە لەسەر هەر كەسێك كە نەزانێت بەڵگەم چیەو فەتوا بدات بە ووتەكەی من).

وە لە ڕیوایەتێكی تردا ئەمەشی زیادە: (فإننا بشر، نقول القول اليوم ونرجع عنه غداً) واتە: (ئێمە مرۆڤین، ئەمڕۆ قسەیەك دەكەین و بەیانی لێی پەشیمان دەبینەوە).

وە لە یەكێكی تردا دەڵێت: (ويحك يا يعقوب! (هو أبو يوسف) لا تكتب كل ما تسمع مني، فإني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غداً، وأرى الرأي غداً وأتركه بعد غد)، واتە: (ئەی یەعقوب (واتە: ئەبو یوسف) هەموو شتێك مەنوسە كە لە منی دەبیستی، چونكە لەوانەیە من ئەمڕۆ ووتەیەك بە باش بزانم و بەیانی وازی لێ بهێنم، وە بەیانیش ووتەیەك بە باش بزانم دوو بەیانی وازی لێ بهێنم).

ت- (إذا قلتُ قولاً يخالف كتاب الله تعالى و خبر الرسول ﷺ، فاتركوا قولي)[٤٥]، واتە: (ئەگەر قسەیەكم كرد پێچەوانەی كتابەكەی خوای پەروەردگارو فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەوا واز لە ووتەكەی من بهێنن).

## ٢- پێشەوا (مالك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

وە هەروەها پێشەوا مالیكی كوڕی ئەنەس ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

أ- (إنما أنا بشر أخطئ وأصيب، فانظروا في رأيي، فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذوه، وكل مالم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه)[٤٦]، واتە: (بەڕاستی منیش مرۆڤم و هەڵەش دەكەم و دەشپێكم، وە بڕواننە ووتەو ڕاكانم،

[43] ابن عابدين في (الحاشية) (٦٣/١)، و في رسالته (رسم المفتي) (٤/١ من مجموع رسائل ابن عابدين)، والشيخ (صالح الفلاني) في (إيقاظ الهمم) (ص/٦٢) و غيرهم.

[44] ابن عبدالبر في (الإنتقاء في فضائل الأئمة الفقهاء) (ص/١٤٥)، وابن القيم في (إعلام الموقعين) (٣٠٩/٢)، وابن عابدين في (حاشيته) على (البحر الرائق) (٢٩٣/٢) وفي (رسم المفتي) (ص/٢٩ و ٣٢)..........

[45] الفلاني في (الإيقاظ) (ص/٥٠).

هەرچیەکی کۆك و هاودەنگ بوو لەگەڵ قورئان و سوننەت ئەوا وەری بگرن، وە هەرچیەکیشی کۆك و هاودەنگ نەبوو لەگەڵ قورئان و سوننەت ئەوا وازی لێ بهێنن).

ب- (ليس أحد بعد النبي ﷺ إلاّ يؤخذ من قوله و يترك، إلاّ النبيَّ ﷺ)[47]، واتە: (هیچ کەسێك نیە لە دوای پێغەمبەر ﷺ ئەوا (بە دڵنیاییەوە) ووتەو قسەکانی وەردەگیرێت و وازیشیان لێ دەهێنرێت، تەنها ووتەو فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ نەبێت).

ت- (قال ابن وهب: سمعت مالكاً سئل عن تخليل أصابع الرجلين في الوضوء؟ فقال: ليس ذلك على الناس. قال: فتركته حتى خفَّ الناس، فقلت له: عندنا في ذلك سنة، فقال: وما هي؟ قلت: حدثنا الليث بن سعد وابن لهيعة و عمرو بن الحارث عن يزيد بن عمرو المعافري عن أبي عبدالرحمن الحبلي عن المستورد بن شداد القرشي قال: (رأيت رسول الله ﷺ يدلُك بخنصره ما بين أصابع رجليه). فقال: إن هذا الحديث حسن، وما سمعت به قط إلا الساعة. ثم سمعته بعد ذلك يُسأل، فيأمر بتخليل الأصابع).[48] واتە: (ابن وهب) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: گوێم لە ئیمامی مالیك بوو کە پرسیاری لێ کرا دەربارەی پەنجە خستنە ناو پەنجەی هەردوو پێیەکان لە کاتی دەست نوێژدا؟ ئەویش ووتی: ئەوە پێویست نیە لەسەر خەڵك، وە دەڵێت: منیش وازم لێ هێنا هەتا خەڵکەکە کەم بوونەوە، ئینجا ووتم: دەربارەی ئەمە فەرمودەمان هەیەو سوننەتە، ئەویش ووتی: فەرمودەکە کامەیە؟ ووتم: لەیثی کوڕی سەعدو ابن لهیعەو عەمری کوڕی حارث لە یەزیدی کوڕی عەمری المعافری لە ئەبو عبدالرحمن الحبلی لە المستورد کوڕی شداد ووتی: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی پەنجەی بچوکی دەخستە نێوان پەنجەی پێیەکانی). ئەویش ووتی: ئەمەفەرمودەیەکی چاك و حەسەنە، وە ئێستا نەبێت ئەم فەرمودەیەم نەبیستووە. لە دوای ئەمە گوێم لێ دەبوو کە پرسیاری لێ دەکرا، فەرمانی دەکرد بە پەنجە خستنە نێوان پەنجەی پێیەکانەوە).

## ٣- پێشەوا (شافعی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

وە پێشەوا شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت؛ قسەی زۆرترو جوانتری لێ دەگێڕنەوە، وە شوێن کەوتوانیشی زۆرتر کردەوە بە ووتەکانی دەکەن و بەختەوەرترن، لەوانەش:

أ- (ما من أحد إلا وتذهب عليه سنة لرسول الله ﷺ وتعزُب عنه، فمهما قلت من قول، أو أصّلت من أصل فيه عن رسول الله ﷺ خلاف ما قلت؛ فالقول ما قال رسول الله ﷺ، وهو قولي)[49]، واتە: (هیچ کەسێك نیە ئەوا ئیلا هەندێ لە فەرمودەکانی پێغەمبەری ﷺ بەسەردا دەڕوات و لێیان بێ ئاگا دەبێت، جا من هەر ووتەو قسەیەکم کردبێت، یان بنچینەیەکم لەسەر داڕشتبێت، وە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێچەوانەی ووتەکەی من هەبوو، ئەوە قسەو ووتە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی، وە هەر ئەویش ووتەی منە).

---

46 ابن عبدالبر في (الجامع) (٢/٣٢)، و عنه ابن حزم في (اصول الأحكام) (٦/١٤٩)، و كذا الفلاني (ص/٧٢).

47 نسبة هذا الى مالك هو المشهور عند المتأخرين، و صححه عنه ابن عبدالهادي في (إرشاد السالك) (١/٢٢٧)، وقد رواه ابن عبدالبر في (الجامع) (٢/٩١)، وابن الحزم في (أصول الأحكام) (٦/١٤٥ و ١٧٩)، من قول الحكم بن عتيبة ومجاهد، وأورده تقي الدين السبكي في (الفتاوى) (١/١٤٩)، من قول ابن عباس

48 مقدمة (الجرح والتعديل) لابن أبي حاتم (ص/٣١ – ٣٢)، ورواها تامة البيهقي في (السنن) (١/٨١).

49 رواه الحاكم بسنده المتصل إلى الشافعي رحمه الله؛ كما في (تاريخ دمشق) (لابن عساكر) (١٥/١/٣)، و (إعلام الموقعين) (٢/٣٦٣ و ٣٦٤)، و (الإيقاظ) (ص/١٠٠).

ب- (أجمع المسلمون على أن من استبان له سنة عن رسول الله ﷺ؛ لم يحل له أن يدعها لقول أحد)[٥٠]، واته: (موسڵمانان كۆڕان لەسەر ئەوەی كە هەر موسڵمانێك سوننەتێك لە سوننەتەكانی پێغەمبەری خوای ﷺ بۆ ڕوون بۆوەو ئاشكرا بوو، ئەوا بۆی حەڵاڵ و دروست نیە كە وازی لێ بهێنێت بۆ قسەی هیچ كەسێك).

ت- (إذا وجدتم في كتابي خلاف سنة رسول الله ﷺ؛ فقولوا بسنة رسول الله ﷺ، ودعوا ماقلت)، وفي رواية: (فاتبعوها، ولا تلتفتوا إلى قول أحد)[٥١]، واته: (ئەگەر لە كتێبی مندا شتێكتان بینی پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو؛ ئەوا بە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ قسە بكەن، وە واز لە ووتەی من بهێنن)، وە لە ڕیوایەتێكی تردا: (شوێنی بكەون، وە لێی لامەدەن بۆ ووتەی هیچ كەسێك).

ث- (إذا صحَّ الحديث فهو مذهبي)[٥٢]، واته: (ئەگەر فەرمودەیەكی صەحیح و ڕاست هەبوو، ئەوە مەزهەبی منە).

ج- (أنتم[٥٣] أعلم بالحديث والرجال مني، فإذا كان الحديث الصحيح؛ فأعلموني به أي شيء يكون: كوفياً أو بصرياً أو شامياً؛ حتى اذهب إليه إذا كان صحيحاً). واته: (ئێوە –مەبەستی پێشەوا (ئەحمەدی كوڕی حەنبەلە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت– شارەزاترن لە من بە زانستی فەرمودەو پیاوان، جا ئەگەر فەرمودەیەكی صەحیح و ڕاست هەبوو؛ ئەوا ئاگادارم بكەنەوە لێی جا لە كوفە بێت یان لە بەصرە یان لە شام؛ تا بچم بۆ لای و لێی وەربگرم ئەگەر هاتوو صەحیح بوو).

ح- (كل مسألة صح فيها الخبر عن رسول الله ﷺ عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فأنا راجع عنها في حياتي وبعد موتي)[٥٤]. واته: (هەر مەسەلەو بابەتێك كە فەرمودەی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەری ﷺ لەسەر بوو لای ئەهلی حەدیث و فەرمودە ناسانەوەو پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەوەی كە من ووتومە، ئەوا من دەگەڕێمەوەو پەشیمانم لێی لە ژیانم و دوای مردنیشم).

خ- (إذا رأيتموني أقول قولاً، وقد صح عن النبي ﷺ خلافه، فاعلموا أن عقلي قد ذهب)[٥٥]. واته: (ئەگەر منتان بینی قسەیەكم كرد، وە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمودەی ڕاست و صەحیح هەبوو بە پێچەوانەی ووتەكەی من، ئەوا بزانن كە ئەو كاتە عەقل و هۆشم لا نەماوەو ڕۆیشتووە).

---

50 ابن القيم (٣٦١/٢)، والفلاني (٦٨).

51 الهروي في (ذم الكلام) (١/٤٧/٣)، والخطيب في (الإحتجاج بالشافعي) (٢/٨)، وابن عساكر (١/٩/١٥)، والنووي في (المجموع) (٦٣/١)، وابن القيم (٣٦١/٢)، والفلاني (ص/١٠٠)، والرواية الأخرى لأبي نعيم في (الحلية) (١٠٧/٩)، وابن حبان في (صحيحه)(٢٨٤/٣ الإحسان) بسنده الصحيح عنه نحوه).

52 النووي في المصدر السابق، والشعراني (١٠٧/١)، وعزاه للحاكم والبيهقي، والفلاني (ص/١٠٧)، وقال الشعراني : (قال ابن حزم: أي : صح عنده او عند غيره من الأئمة).

53 الخطاب للإمام أحمد بن حنبل رحمه الله، رواه ابن أبي حاتم في (آداب الشافعي) (ص/٩٤ – ٩٥)، و أبو نعيم في (الحلية) (١٠٦/٩)، والخطيب في (الإحتجاج بالشافعي) (١/٨)، و عنه ابن عساكر (١/٩/١٥)، و ابن عبدالبر في (الإنتقاء) (ص/٧٥)، و ابن الجوزي في (مناقب الإمام أحمد (ص/٤٩٩)............الخ .

54 أبو نعيم في (الحلية) (١٠٧/٩)، والهروي (١/٤٧)، وابن القيم في (إعلام الموقعين) (٣٦٣/٢)، والفلاني (ص/١٠٤).

55 رواه ابن أبي حاتم في (آداب الشافعي) (ص/٩٣)، وأبو القاسم السمرقندي في (الأمالي) كما في (المنتقى) لأبي حفص/المؤدب (٢٣٤/١)، وأبو نعيم في (الحلية) (١٠٦/٩)، وابن عساكر (١/١٠/١٥)بسند صحيح.

د- (كل ما قلت؛ فكان عن النبي ﷺ خلاف قولي مما يصح؛ فحديث النبي أولى، فلا تقلدني)[٥٦]، واتە: (هەرچیەکم ووتبێت؛ وە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمودەی صەحیح و ڕاست هەبوو وە پێچەوانەی ووتەکەی من بوو، ئەوا فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لە پێشترە، وە شوێن قسەی من مەکەون کە بەڵگەی لەسەر نەبوو).

ذ- (كل حديث عن النبي ﷺ فهو قولي، وإن لم تسمعوه مني)[٥٧]. واتە: (هەموو فەرمودەیەك کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتبێت ئەوە ووتەی منە، وە ئەگەر لە منیشتان نەبیستبێت)[٥٨].

## ٤- پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

وە پێشەوا ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت؛ لە هەموو پێشەواکانی تر زیاتر سوننەتی کۆکردۆتەوەو دەستی پێوە گرتووە، وە وتویەتی:

أ- (لا تقلدني، ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري، وخذ من حيث أخذوا)[٥٩]، واتە: (شوێن قسەی من مەکەون کە بەڵگەی لەسەر نەبوو ، وە شوێن قسەی هیچ کام لە مالك و شافعی و ئەوزاعی و ثوری مەکەون کە بەڵگەیان لەسەر نیە، وە لەو شوێنانەوە وەربگرن کە ئەوان لێیانەوە وەرگرتووە).

وفي رواية: (لا تقلد دينك أحداً من هؤلاء، ما جاء عن النبي ﷺ وأصحابه فخذ به، ثم التابعين بعدُ الرجل فيه مخير)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا: (لە دینەکەتدا لاسایی هیچ یەکێك لەمانە مەکەوە، هەر شتێك لە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی ڕەزای خوایان لێ بێت هاتبوو، ئەوا وەری بگرە، پاشان لە تابعیەکان، دوای ئەوە پیاو ئازادە لە وەرگرتن و وەر نەگرتنی ووتەی کەسانی تر).

وقال مرة: (الإتباع أن يتبع الرجل ما جاء عن النبي ﷺ وعن أصحابه، ثم هو من بعد التابعين مخير)[٦٠]. وە جارێکیان ووتی: (شوێن کەوتن ئەوەیە کە پیاو شوێن ئەوە بکەوێت کە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیەوە ڕەزای خوایان لێ بێت هاتووە، پاشان لە دوای ئەوانەی دوای هاوەڵان دێن مرۆڤ ئازادە لە وەرگرتن یان وەرنەگرتن لە کەسانی تر).

ب- (رأي الأوزاعي، ورأي مالك، ورأي أبي حنيفة كله رأي، وهو عندي سواء، وإنما الحجة في الآثار)[٦١]. واتە: (ڕای ئەوزاعی و ڕای مالك و ڕای ئەبو حەنیفە هەموویان ڕاو بۆچونن، وە هەموویان لای من وەك یەکن و یەکسانن، وە بە ڕاستی ئەوەی بکرێت بە بەڵگە تەنها فەرمودەیە).

ت- (من ردَّ حديث رسول الله ﷺ؛ فهو على شفا هلكة)[٦٢]، واتە: (هەر کەسێك فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەت بکاتەوە؛ ئەوە بە ڕاستی لەناوچونی زۆر نزیکە).

---

56 ابن أبي حاتم (ص/٩٣)، وابو نعيم وابن عساكر (٢/٩/١٥)بسند صحيح.

57 ابن أبي حاتم (٩٣ – ٩٤).

58 وە پێشەوا شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە ووتەیەکی تریدا دەڵێت: (كلُّ مسألة تكلمت فيها بخلاف السنة؛ فأنا راجع عنها في حياتي وبعد مماتي)، واتە: (هەر بابەتێك کە قسەم تێدا کردبێت و پێچەوانەی سوننەت بێت" ئەوا من لێی پەشیمانم لە ژیانم و لە دوای مردنم)، وە هەروەها (الربيع بن سليمان) دەڵێت: ڕۆژێکیان پێشەوا شافعی فەرمودەیەکی گێڕایەوە، پیاوێکیش پێی ووت: ئایا ئەم فەرمودەیە وەردەگریت ئەی ئەبو عبدالله؟ ئەویش ووتی: (متى ما رويت عن رسول الله ﷺ حديثاً صحيحاً فلم آخذ به؛ فأشهدكم أنَّ عقلي قد ذهب).

59 الفلاني (١١٣)، وابن القيم في (الإعلام) (٢/٣٠٢).

60 أبو داود في (مسائل الإمام أحمد) (ص/٢٧٦ و ٢٧٧).

61 ابن عبدالبر في (الجامع) (٢/١٤٩).

62 ابن الجوزي (ص/١٨٢).

ئەوەیە ووتەی پێشەوایان ڕەزای خوایان لێ بێت لە فەرمان كردنیان بە دەست گرتن بە فەرمودەوە، وە نەهی كردنیان لە لاسایی كردنەوەیان بەبێ چاو ڕۆشنی و سەیر نەكردنی بەڵگەكانیان، وە ئەوە لە كاتێكدا كە ئەم ووتانە ئەوەندە ڕوون وئاشكران بەشێوەیەك كە هیچ مشت و مڕو دەمە تەقێ و لێكدانەوەیەكی پوچەڵ و نادروست هەڵناگرن، وە بە پێی ئەم ووتانەش؛ ئەگەر هەر كەسێك دەست بگرێت بە هەموو ئەو فەرمودە ڕاست و دروستانەی كە لە سوننەتدا جێگیرو سەلمێنراون، ئەگەر پێچەوانەش بن لەگەڵ هەندێ لە ووتەكانی ئەم پێشەوا بەڕێزو پایە بەرزانە، ئەوە پێچەوانەی ڕاو بۆچونی مەزهەبی ئەوان نابێت، وە دەرچونیش نیە لە ڕێگەو ڕێبازی ئەوان، بەڵكو ئەو كەسە شوێن هەموویان كەوتووە، وە دەستی گرتووە بە پەتی بەهێزو پتەوی ئیسلامەتیەوە كە هیچ كات پچڕانی بۆ نیە، بەڵام ئەو كەسە بەو شێوەیە نیە كە واز لە سوننەتێكی جێگیرو سەلمێنراو دەهێنێت تەنها لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ووتەی ئەوانە، بەڵكو ئەو كەسە بەهۆی ئەوەوە سەرپێچی ئەوانی كردووە، وە پێچەوانەی ووتە بە نرخەكانی ئەوانی كردووە كە پێشتر هێنرانەوەو باس كران، وە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾[٦٣]، واتە: (خوای پەروەردگار سوێن بە نەفسی پیرۆزی خۆی دەخوات كە بەڕاستی ئەوانە ئیمان ناهێنن هەتا ئەو كاتەی كە تۆ دەكەن حەكەم ودادوەر لە هەموو ئەو ناكۆكیانەی كە دەكەوێتە نێوانیانەوە، وە ئەمەش بە تەنها بەس نیە هەتا ئەو كاتەی كە ناڕەحەتی و تەنگە بەریەك لە دڵیاندا دوور دەخەنەوە، بەس نیە تا ئەو كاتەی كە بەو پەڕی دڵ فراوانیەوە خۆیان تەسلیمی ئەو حوكمە دەكەن و بە تەواوی پێی ڕازی دەبن)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[٦٤]، واتە: (با بترسن ئەوانەی كە بێ فەرمانی فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ دەكەن بەوەی كە توشی فیتنەو شیرك بن یان توشی بەڵاو سزاو عەزابێكی توندو بە ئێش بن لە ڕۆژی دواییدا)[٦٥].

---

[63] النساء: ٦٥

[64] النور: ٦٣، پێشەوا ابن كپیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (فليحذر الذين يخالفون عن أمره) واتە: لە فەرمانی پێغەمبەر، كە ئەویش ڕێگاو مەنهەج و ڕێبازو شەریعەتەكەیەتی، وە هەموو كردەوەو ووتەكان بە كردەوەو ووتەكانی پێغەمبەر بپێوە، ئەوەی كە وەك ئەو وابوو گیرایەو قەبوڵە، وە ئەوەش كە پێچەوانەی ئەو بوو ئەوە ڕەت دەكرێتەوە بەسەر ئەو كەسەی كە ئەو ووتەیەی ووتوەو كارەكەی ئەنجام داوە، جا ئەو كەسە هەر كەسێك بێت. (عمدة التفسير، ج٢ص٦٠٠).

[65] بڕوانە صفة صلاة النبي ص٤١–٤٩.

# بەندی سێیەم

## بەشی یەکەم
حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ

## بەشی دووەم
سەرەتای دەرکەوتن و داهێنانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە

## بەشی سێیەم
ڕەت کردنەوەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە

## بەشی چوارەم
ئەو زیادە ڕەویانەی کە لە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەدا دەکرێن

# بەشی یەکەم

## حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایک بوونی پێغەمبەر ﷺ

یەکێ لەو بیدعانەی کە بلاّو بۆتەوە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیداو بە تایبەتیش لە ڕۆژانی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا، بیدعەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ (المولد النبوي)یە، ئەگەر چی کەمێك لە زانایان بە شتێکی باشیان زانیوە[٦٦]، بەلاّم لەولاوە زۆربەی زانایان و شارەزایان لەزانستی شەرعیدا (الراسخون في العلم) باسی داهێنراویەتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ (الاحتفال بالمولد النبوي)یان کردووەو وتوویانە بیدعەیە، وە لای ئێمە بۆتە کێشەیەك (التنازع)، وە لە سەرەتادا باسیشمان کرد کە پێویستە لە کاتی کێشەو ناکۆکیدا بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی شەرع، کە ئەویش گێڕانەوەیەتی بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە کاتێکیش گەڕاینەوە بۆ لای کتابەکەی خوای گەورە هیچ ئەصڵ و بنچینەیەکمان دەست نەکەوت کە پشتی پێ ببەسترێت، وە بە لە دواداچون و لێکۆڵینەوەش لە سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ، دەرکەوت کە هیچ بەڵگەیەك نیە کەوا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردبێت بە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی، یان خۆی بە بۆنەی لەدایك بوونیەوە ئاهەنگی گێڕابێت، یان یەکێك ئاهەنگی گێڕابێت بە بۆنەی لە دایك بوونیەوە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەویش ئیقراری لە سەر کردبێت و لێی بێ دەنگ بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﷺ (٦٣) ساڵ لە ناویاندا ژیاوە، وە خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێ هێناوەو لە هەموو خەڵکی زیاتر خۆشەویستی و ڕێزو بە گەورە دانانیان هەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە زیاتریش لە مەبەست و داواکاریەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ گەیشتوون لە ئێمە، وە گیانی خۆیان دەبەخشی لە پێناو پێغەمبەر ﷺو ئاینەکەیدا، وە سور بوون

---

[66] مەرج نیە هەر شتێك کە زانایەك یان چەند زانایەك بە باشیان زانی و پێیان باش بوو ئەوە باش بێت و دروست بێت لە شەرعدا، بە تایبەت ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبوو یان فەتوایەکی تر هەبوو نزیکتر بوو لە قورئان و سوننەت، چونکە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ڕازی نابن بەوەی کە هەرچیەکیان ووتبوو لێیان وەربگیرێت بە تایبەت ئەگەر فەتواکەیان یان ووتەکەیان پێچەوانەی سوننەت بوو، وەك دواتر باسی دەکەین انشاءالله.

لەسەر شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو هەڵس و کەوتێکی گەورەو بچوکیاندا، وە سوننەتی پێغەمبەریان ﷺ بۆ ئێمە گواستۆتەوە بەبێ زیادو کەم، لە بچوکترین عیبادەتەوە تا گەورەترین عیبادەت، بۆیە ناتوانین بڵێین: لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئاهەنگی لە دایك بوونی بۆ گێڕدراوە بەڵام بۆ ئێمە نەگوازراوەتەوەو نەگەیشتووە بە ئێمە، لە کاتێکدا هیچ سوننەتێك نەماوە ئیللا بە ئێمە گەیشتووە لە ڕێگەی هاوەڵە بەڕێزەکانیەوە ﷺ.

ئینجا با سەیری باشترین سەردەم بکەین لە دوای پێغەمبەر ﷺ، کە خۆشەویست ترین خەڵك بوون لەلای پێغەمبەر ﷺ، کە ئەوانیش هاوەڵە بەڕێزەکانی بوون ﷺ، وە هیچ بەڵگەیەك نیە لەوانەوە کە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ ئاهەنگیان گێڕابێت، نە خەلیفەو جێ نشینە بەڕێزەکانی و نە هیچ یەکێك لە هاوەڵان ﷺ ئەنجامیان نەداوە، تەنانەت شوێن کەوتوانیش (التابعين) لە هیچ کام لە سێ سەدە پڕخێرو چاکەکە ئەنجامیان نەداوە.

وە هەموو ئەمانەش کە ئەنجامیان نەداوە، لەبەر ئەوە بووە کە ڕێگرێکی شەرعی هەبووە لە ئەنجام دانی، ئەویش ئەوەیە کە: ئەمە کارێکە نە خوای گەورەو نە پێغەمبەر ﷺ بە شەرعیان دانەناوە، وە یەکێك نیە لەو کارانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێ و پێی ڕازیەو هۆکارێکیش نیە بۆ نزیك بونەوە لە پەروەردگار، بەڵکو بیدعەیەکەو داهێنراوە، وە باشترین کەس کە پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەنجامی نەداوە، وە جگە لەویش نەهاوەڵان ﷺ وە نە زانایانی پێشین و سەدەی یەکەمی ئیسلام نە سەر مەزهەبەکانی چوار مەزهەبەکە ئەنجامیان نەداوە، وە ئەمە بەڵگەیەکی گەورەو بنچینەیەکی بڕوا پێ کراوە بۆ هەر کەسێك کە خوای گەورە دڵی واڵا کردبێتەوەو بە شوێن بەڵگەدا بگەڕێت.

وە لەوەی کە تێپەڕی و باسمان کرد بۆمان دەرکەوت کە هیچ کام لە هاوەڵان و سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەم، کە باشترین سەدەن ئەنجامیان نەداوە، لە کاتێکدا باشترین سەدەو سەردەم بون، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (خير الناس قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم)[67]، واتە: (باشترین خەڵك خەڵکی سەردەمی منن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن).

[67] رواه مسلم (٢٥٣٣)، وأخرجه أحمد (٣٥٩٤)و (٤١٣٠)و (٤١٧٣)و (٤٢١٧)، والبخاري (٢٦٥٢) وأطرافه في (٣٦٥١)و (٦٤٢٩)و (٦٦٥٨).

# بەشی دووەم
# سەرەتای دەرکەوتن و داهێنانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە

تا ئەو سێ سەدەیەی کە باسمان کرد ئەم ئاهەنگە سەری هەڵ نەدا، ئینجا دوای ئەو سێ سەدەو لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بیدعەی ئاهەنگ گێڕان لە لایەن (بني عبيد القداح) کە ناسراون بە (فاطمیەکان) و شیعە بوون داهێنرا، ئەمە لە کاتێدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾[68]، واتە: (ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردن)، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: (إنه لم يكن نبي قبلي إلاّ كان حقاً عليه أن يدل أمته على خير ما يعلمه لهم)[69]، واتە: (هیچ پێغەمبەرێك نەبوە لە پێش من، ئیلا لە سەری بووە کە ئوممەتەکەی ئاگادار بکاتەوە لە هەموو خێرو چاکەیەك لەوەی کە دەیزانێ بۆیان).

وە ئەمانە واتە (فاطمیەکان) هیچ پەیوەندیەکیان بە (فاطمە)ی کچی پێغەمبەرەوە ﷺ نیەو نەبووە وەك هەندێك کەس وا گومان دەبەن، بەڵکو لە نەوەی ئیسماعیلیە زەندیقیەکان بوون و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە نەوەو وەچەی پێغەمبەرن ﷺ، بەڵام حاشا لەوەی کە ئەوان نەوەی پێغەمبەر ﷺ بن، بەڵکو لە نەوەو وەچەی (عبدالله ی کوڕی مەیمونی قوداحەی یەهودی) بوون، تەنانەت وایان لە میصریەکان دەکرد کە جنێو بە (أبوبکر و عمر و عائشە) ڕەزای خوایان لێ بێت بدەن و قەدەغەی نوێژی تەراویحیشیان لێ کردن، وە هەروەها ئەمانە بە درێژایی ساڵ خەریکی یادکردنەوەی بۆنەی لە دایك بوون و بۆنەکانی ترەوە بوون کە چەندەها بۆنەو یادی لە دایك بوونیان دانابوو بۆخۆیان.

وەك (تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر بن محمد) ناسراو بە (المقريزي[70]) لە کتێبی (المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والآثار) جوزئی یەکەم لاپەڕە (٤٩٠)دا دەڵێت: (خەلیفەکانی (فاطمیەکان) بە درێژایی ساڵ لە یاد کردنەوەی جەژن و بۆنەو یادەکانیاندا بوون، ئەوانیش یاد کردنەوەی سەری ساڵ و ڕۆژی عاشوراو لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و لە دایك بوونی علی کوڕی ئەبو طالب ڕەزای خوای لێ بێت و وە لە دایك بوونی (حسن و حسين) ڕەزای

---

[68] (المائدة/٣)

[69] رواه مسلم (١٨٤٤) واخرجه أحمد (٦٥١٣)، وأبو داود (٤٢٤٨)، والنسائي في المجتبى (٤٢٠٢) وفي الكبرى (٤/٧٨١٤)، وابن ماجه (٣٩٥٦).

[70] ئەم زانا پایە بەرزە لە ساڵی (٧٦٦)ی کۆچی لە میصر لە دایك بووە، وە زۆر بە دوای زانستی شەرعیدا گەڕاوەو چەندەها زانای بینیوەو وانەی شەرعی لە لا خوێندوون، کە کۆی ئەو زانایانەی وانەی لا خوێندوون دەگاتە زیاتر لە (٦٠٠) زانا، وە چەندین کتێب و نوسراوی هەیە، تا لە کاتی عەصری ڕۆژی پێنج شەممەو لە (١٦/رمضان/٨٤٥)ی کۆچی لە میصر کۆچی دوایی دەکات.

خوایان لێ بێت و وە یادی لە دایك بوونی (فاطمة الزهراء) ڕەزای خوای لێ بێت، وە لە دایك بوونی ئەو خەلیفەیەی کە ئەو کات لە دەسەلات دا بوو، وە هەروەها شەوی یەکەمی مانگی ڕەجەب و سەرەتاو ناوەڕاستی مانگی شەعبان و ........هتد)[٧١].

وە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: بۆچی (أبوبکر و عمر و عثمان) ڕەزای خوایان لێ بێت پشت گوێ خران و بۆ لە دایك بوونی ئەوانیش ئاهەنگیان نەدەگێڕاو مەولودیان نەدەخوێندەوە؟! ئایا ئەوان هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ نەبوون؟! یان خەلیفەو جێنشینی ئەو نەبوون؟! لە وەڵامی ئەوەدا (عبدالرحمن عبدالخالق[٧٢]) لە بابەتێکدا بە ناوی (حقیقة الإحتفال بالمولد النبوي)دا دەڵێت: (بە کورتی ئەوانەی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانیان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێناوە، بۆ بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ دایان نەهێناوە وەك بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو بۆ بە گەورە دانانی خۆیان و شوێن کەوتنی هەواو ئارەزووی خۆیان دایان هێناوە)[٧٣].

وە لەو ئاهەنگ گێڕانانەو بە تایبەت ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بەردەوام بوون تا وای لێ هات خەڵکی چاوەڕێ بوون کەساڵی تازە بێتەوەو دووبارە ئاهەنگ بگێڕنەوە، وە ساڵان ڕۆیشتن و خەڵکی زیاتر تێکەڵ بەو بیدعەیە دەبوون، وە تا وای لێ هات ببوو بە عەقیدەو بیرو باوەڕی خەڵك، وە پیرەکان لەسەری مردن و هەر بەردەوام بوون، وە بچوکەکانیش گەورە بوون تیایداو پاشان کۆتایی بە دەوڵەتی (فاطمیەکان) هات، بەڵام ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە هەر بەردەوام بوو.

وە یەکەم کەسیش کە لە کوردستان ئەنجامی داوە، وەك مێژوو نوسان (ابن الکثیر و ابن الخلکان) و جگە لەوانیش باسیان کردووەو ئاماژەیان بۆ داوە، ئەوەیە کە دەڵێن: (یەکەم کەس کە لە دوای (فاطمیەکان) ئەنجامیدا سوڵتان (مظفر الدین أبو سعید الکوکبوري) یە کە پاشای هەولێر (اربل) بووە لە کۆتایی سەدەی شەش یان سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا).

وە دیسان هەریەك لە شێخ (محمد بخیت المطیعي) و شێخ (علي محفوظ) هاو دەنگ و کۆکن لەسەر ئەوەی کە سوڵتان (مظفر أبو سعید) یەکەم کەس بووە کە لە شاری هەولێر (اربل) مەولود خوێندنەوەی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێناوە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە دوای فاطمیەکان[٧٤].

---

71 (المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والآثار) (١/٤٩٠) وە هەروەها (أبوالعباس أحمد بن علي القلقشندي) لە (صبح الأعشى في صناعة الإنشاء)دا بە هەمان شێوە هێناویەتی.

72 ئەم پیاوە لە سەرەتادا لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بوو، بەڵام لەم دواییانە کەوتە داوی حزبایەتیەوەو تووشی لادان بوو لەم مەنهەجە پیرۆزە.

73 حقیقة الإحتفال بالمولد النبوي لــ(عبدالرحمن بن عبدالخالق).

74 بڕوانە: أحسن الكلام (ص/٥٢) لمحمد بخيت المطيعي، والإبداع في مضار الابتداع لعلي محفوظ (ص/١٢٦).

# بەشی سێیەم

# ڕەت کردنەوەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە

شێخ (صالح بن فوزان الفوزان[٧٥]) دەڵێت: ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دروست نیەو ڕەت دەکرێتەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە؛ لەوانە:

**یەکەم**: ئەم ئاهەنگ گێران و مەولود خوێندنەوەیە نە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و نە لە سوننەتی خەلیفە بەڕێزەکانی نین، کەوابوو بیدعەیەو ڕێگە پێ نەدراوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها و عضوا عليها بالنواجذ، و إياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة)[٧٦]، واتە: (دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە ڕێنومایی کراوو هیدایەت دراوەکانی دوای من، دەستی پێوە بگرن و بە خڕێکانتان بیان گرن، وە وریا بن و خۆتان بپارێزن لە شتە نوێیەکان، لەبەر ئەوەی هەموو شتە نوێیەکان داهێنراون، وە هەموو داهێنراوێکیش گومڕاییە)[٧٧].

---

75 ناوی (صالح بن فوزان بن عبدالله آل فوزان)ە، لە ساڵی (١٣٥٤)ی کۆچی لە دایك بووە، لە ساڵی (١٣٨١) کۆلیژی شەریعەی لە شاری ریاض تەواو کردووە، وە هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێر) و (دکتۆرا)یە لە زانستی فیقهدا.

وە لە ساڵی (١٤٠٧)ی کۆچی کراوە بە ئەندامی دەستەی گەورە زانایان، وە لە ساڵی (١٤١١) کراوە بە ئەندامی لیژنەی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا، وە هەروەها سەرپەرشتی چەندەها نامەی ماجستێرو دکتۆرای کردووەو چەندەها قوتابی لەبەر دەستی ئەودا زانستی شەرعیان خوێندووەو سوودیان لە زانستەکەی ئەو وەرگرتووە.

وە هەروەها لەلای چەندەها زانای گەورە وانەی خوێندووە، لەسەروو هەموویانەوە زانای پایەبەرز شێخ عبدالعزیز بن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت، وە خاوەنی زیاتر لە (٢٢) موجەلەدو چەندەها کتێب و بڵاوکراوەو نامیلکەی ترە.

خوای گەورە بیپارێزێت و تەمەنی درێژ بکات بۆ زیاتر خزمەت کردنی قورئانی پیرۆزو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

76 أخرجه أحمد: ٤/١٢٦، والترمذي رقم/٢٦٧٦

77 وە شێخ عبدالمحسن العباد دەربارەی بڕگەی کۆتایی ئەم فەرمودەیە دەڵێت: (بەڕاستی تێگەیشتنی ڕاست لە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: (وكل بدعة ضلالة) ئەوەیە کە ئەم ووتەیە لەسەر گشتێتی خۆی بهێڵرێتەوە، وە هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە لە دینی خوای گەورەدا داهێنراون بیدعەنە، وە ڕەت دەکرێنەوە بەسەر ئەو کەسەی کە هێناونیە ناو دینەوە) كتب ورسائل عبدالمحسن بن حمد العباد البدر، مجلد السابع، (ص/٤٥٨).

وە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێنراوێکەو فاطمیەکان دایان هێناوە لە دوای سێ سەدە پیرۆزەکە بۆ ناشیرین کردنی دینی موسڵمانان، وە هەر کەسێکیش کارێك ئەنجام بدات و مەبەستی پێ نزیك بوونەوە بێت لە خوای گەورە، وە پێغەمبەریش ﷺ ئەنجامی نەدابێت و خەلیفەکانیش لە دوای ئەو نەیان کردبێت؛ ئەوە بەو کارەی کە ئەنجامی دەدات، پێغەمبەر ﷺ تاوانبار دەکات بەوەی کە دینەکەی بە تەواوەتی بۆ خەڵك ڕوون نەکردۆتەوە، وە لە هەمان کاتدا بە درۆ زانینی ئایەتی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ ﴾[78]، چونکە زیادەیەکی خستۆتە ناو دین و پێی وایەو واش گومان دەبات کە کارەکەی لە دیندایە، ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوەو بەریە لێی.

**دووەم**: ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ خۆ چواندنە بە گاورەکان؛ لەبەر ئەوەی ئەوان ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی عیسى علیه السلام، وە خۆ چواندن بەوانیش زۆر بە توندی حەرام کراوە، وە لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە کە نەهی کردووە لە خۆ چواندن بە کافران، وە فەرمان کراوە بە پێچەوانە کردنی ئەوان، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم)[79] وە فەرمویەتی: (خالفوا المشركين)[80].

**سێیەم**: بەڕاستی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەوەی بیدعەیەو خۆ چواندنە بە گاورەکان –لە کاتێکدا ئەنجام دانی هەردوو جۆرەکەش حەرامە–، هۆکارێکیشە بۆ زیادەڕەوی و تێپەڕاندن لە بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لێی دەپاڕێنەوەو داوای کۆمەك و یارمەتی و بە فریا کەوتنی لێ دەکەن جگە لە خوای گەورە، وە قەسیدەو هۆنراوەی شیرکی تێدا دەخوێنرێتەوە، وەك قەصیدەی (البردة)[81] و جگە لەویش. وە پێغەمبەریش ﷺ نەهی کردووە لە زیادە ڕەوی کردن لە مەدح کردن و باس کردنیدا، وەك دەفەرموێ: (لا تطروني كما اطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد، فقولوا عبدالله و رسوله)[82]، واتە: (زیادە ڕەوی مەکەن لە مەدح کردنی مندا وەك چۆن گاورەکان زیادە ڕەویان کرد لە کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت لە بە گەورە دانان و مەدح کردنیدا هەتا گەیشتە ڕادەیەك کە جگە لە خوای گەورە دەیان پەرست؛ بەڵکو من بەندەی خوامەو بڵێن: بەندەو نێردراوی خوایە).

وە خوای گەورەش نەهی لێ کردن لەو زیادەڕەویەیان و فەرموی: ﴿يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ

---

78 المائدة/٣

79 صحيح أخرجه امام احمد في مسنده (٩٢/٥٠/٢) وأبو داود في سننه (٤٠٣١).

80 (صحيح) انظر حديث رقم: ٣٢٠٩ في صحيح الجامع

81 (البردة) قەسیدەیەکی (شیعر) عەرەبیە کە پڕیەتی لە بابەتی پڕو پوچ و خوڕافەو شیرك کە لەو جۆرە ئاهەنگانەدا دەخوێنرێنەوە، وە لای خۆشمان و بە زمانی کوردی هۆنراوەیەکی زۆر نوسراوەو لەو ئاهەنگ و مەولود خوێندنەوانەدا دەخوێنرێنەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان هەمان شێوەیەو شیرك و خوڕافەیەکی زۆری تێدایەو بە گوێی خەڵکیدا دەدرێت بێ ئەوەی بیر لەو زیادەڕەویانە بکرێتەوە کە تیایاندا هەیە.

82 أخرجه البخاري رقم(٣٤٤٥)، ومسلم (١٦٩١)و أخرجه مالك في (موطئه)في الحدود (١٥٥٨)، وأحمد (٣٩١)، وأبو داود (٤٤١٨)، والترمذي (١٤٣٢)، وابن ماجه (٢٥٥٣)، وغيرهم.

وَرُوحٌ مِّنۡهُ ﴾[83]، واتە: (ئەی خاوەن کتێبەکان –مەبەست گاورەکانە– زیادە ڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتانداو وە دەربارەی خوای گەورە هیچ مەڵێن تەنها ئەوە نەبێت کە حەق و ڕاستە، وە بە ڕاستی عیسای کوڕی مەریەم نێردراوی خوایەو بە کەلیمەی خوداو بەفەرمانی (کن) دراوە بە دایکی، واتە خودا فەرمویەتی (ببە) ئەویش بووە).

وە پێغەمبەریش ﷺ نەهی کردووە لە زیادە ڕەوی کردن، نەوەك تووشی ئەو بەڵاو نارەحەتیانە ببین کە ئەوان تووشی هاتون، وەك دەفەرموێت: (إياكم والغلو؛ فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو)[84] واتە: (وریا بن و خۆتان بپارێزن لە زیادە ڕەوی کردندا؛ چونکە بەڕاستی قەومەکانی پێش ئێوە بە هۆی زیادەڕەوی کردنەوە بە هیلاك چوون).

**چوارەم**: زیندوو کردنەوەی بیدعەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەرگا دەکاتەوە بۆ بیدعەی ترو خۆ خەریك کردن و گرفتار بوون پێیانەوە جگە لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ؛ بۆیە دەبینی بیدعەچیەکان زۆر گورج و گۆڵن لە زیندوو کردنەوەی بیدعەو بێ تواناو تەمەڵن لە سوننەتەکان و ڕقیان لەو کەسانەیە کە شوێن سوننەتەکان دەکەون و جێ بە جێیان دەکەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دینەکەیان هەمووی دەبێتە یادو یادەوەری و بیدعەو مەولود کردن، وە دابەش بوون بەسەر چەند گروپ و کۆمەڵێکداو هەر یەکێکیان یادی لە دایك بوونی پێشەواکەیان دەکەنەوە، وەك یاد کردنەوەی البدوي و ابن عربي و الدسوقي و الشاذلي، بەو شێوەیە لە ئاهەنگی یادی لە دایك بوونی یەکێك نابنەوە بە لە دایك بوونی یەکێکی ترەوە خەریکن[85].

کەواتە مادام ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ هیچ بنچینەیەکی شەرعی لەسەر نەبوو، ئەوا پێش کەوتنە لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾[86]، ابن عباس ڕەزای خوای لێ بێت دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: (لاتقولوا خلاف الكتاب والسنة)[87]، واتە: (شتێك مەڵێن کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت)، وە هەروەها شێخ عبدالرحمن السعدي ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (وە لەوەدا ڕێگری و نەهیەکی توند کراوە لەسەر پێش خستنی ووتەی هەر کەسێك بەسەر ووتەی پێغەمبەر ﷺ، وە هەر کاتێك سوننەتێکی پێغەمبەر هەبوو ئەوا شوێن کەوتنی پێویستە، وە دەبێت پێش ووتەی هەموو کەسێك بخرێت، جا ئەو کەسە هەر کەسێك بێت)[88].

وە لە (ابن مسعود)ەوە رضي الله عنه هاتووە کەفەرمویەتی: (اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفيتم)[89]، واتە:(شوێن قورئان و سوننەت بکەون و بیدعە مەکەن، چونکە سوننەتتان بەسە)، وە شێخ (عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين) لە شەرحی ئەم وتەیەدا دەڵێت: (اتبعوا ولا تبتدعوا) واتە: شوێن هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکەون و پەیڕەوی ڕێبازی ئەوان بکەن، وە هیچ شتێك لە دیندا دامەهێنن و زیاد مەکەن کە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەداوەو شتێکیش مەکەن بە شەرع مادام لە

---

[83] النساء: ١٧١

[84] أخرجه النسائي ٢٦٨/٥ وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي رقم/٢٨٦٣

[85] حقوق النبي ﷺ بين الإجلال والإخلال ص(١٤١-١٤٢).

[86] (الحجرات/١)

[87] عمدة التفسير (ج٣ص٣١٢)

[88] تيسير الكريم الرحمن (ص٩٤٣)

[89] رواه الطبراني في الكبير (٨٧٠) و ذكره الهيثمي في مجمع الزوائد (١٨/١) و قال: رجاله رجال الصحيح.

شەرعدا نەهاتووە، وە هەروەها وەك ئەو كەسانە مەبن كە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَـٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾[90]، چونكە بە ڕاستی خوای گەورە دینەكەی تەواو كردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەی ﷺ، بۆیە پێویست بە هیچ بیدعەیەك ناكات كە زیاد بكرێت بۆ ئەو شەریعەتە، و (فقد كفيتم) واتە: ئەوانەی پێش خۆتان (هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت) بەسن كە ئەم شەریعەتەیان هەڵگرتووەو ڕوونیان كردۆتەوە بۆمان)[91].

وە هەر (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت لە وتەیەكی تریدا دەفەرموێت: (مَن كان مستناً فليستن بمن قد مات)، واتە: (هەر كەسێك دەیەوێت بە ڕێبازێكدا بڕوات ئەوا با شوێن ئەوانە بكەوێت كە مردوون واتە: هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت).

وە هەروەها پێشەوا (الأوزاعي[92]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (عليك بآثار من سلف وإن رفضك الناس، وإياك وآراء الرجال وإن زخرفوه لك بالقول)[93]، واتە: (ڕێگەو ئاسەواری پێشین بگرە، ئەگەر خەڵكیش تۆیان نەویست و لێت دوور كەوتنەوە بە هۆی ئەوەوە، وە دوور بكەوە لە ڕاو بۆچونی خەڵكی، ئەگەر بە وتەی جوان و بریقە داریش بۆیان ڕازاندیتەوە).

وە دەست گرتنیش بە شوێنەوارو ڕێبازی پێشین، دەست گرتنە بە قورئان و سوننەتەوە، چونكە ئەوان دەستیان بەو دوانەوە گرتبوو، وە شتی بێ بەڵگەو دەلیلیان وەر نەدەگرت، وە گومانیشی تێدا نیە كە (ڕاو بۆچون) زۆربەی كات بریتیە لە قسەی بێ بەڵگەو دەلیل، وەك شێخ (عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين) لەشەرحی ئەم وتەیەدا دەڵێت: (وشەی (الآراء) كۆ (جمع)ی وشەی (رأي)یە، وە قسەیەكیش بەڵگەی لەسەر نەبێت پێی دەوترێت: (رأي) واتە: (ڕاو بۆچوون)، وە ئەو قسانەن كە هەندێ لە خەڵكی دەیان كەن بە بیرو بۆچون و فكری خۆیان و ئەو جۆرە بیر كردنەوەو تێڕوانینانەی كە خۆیان هەیانەو هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیە، وە پێویستە خۆمان لەو جۆرە كەسانە بپارێزین و لێیان دوور بكەوینەوە)[94].

وە هەروەها پێشەوای ئەهلی سوننەو جەماعە لەسەردەمی خۆیدا، پێشەوا (البربهاري[95]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە كتێبی (شرح السنة)دا دەڵێت: (واعلم –رحمك الله– انَّ الدين إنما جاء مِن قِبَل الله –تبارك وتعالى– لم يوضع على عقول الرجال و آرائهم)[96]، واتە: (وە بزانە –ڕەحمەتی خوات

---

90 الشورى: ٢١

91 الإرشاد شرح لمعة الإعتقاد الهادي الى سبيل الرشاد، للشيخ عبدالله عبدالرحمن الجبرين، ص/(١٠١ – ١٠٢).

92 پێشەوا (أبو عمرو عبدالرحمن بن عمرو الأوزاعي)یە، لە هۆزی (أوزاع)، ئیمام و پێشەوای ئەهلی شامە، لە (بعلبك) لە دایك بووە، وە لە ساڵی (١٥٧)ی كۆچی لە بەیرۆت كۆچی دوایی كردووە.

93 هذا الأثر أورده الإمام الذهبي في (سير أعلام النبلاء) (١٢٠/٧) و رواه ابن عبدالبر في جامع بيان العلم وفضله (١١٤/٢).

94 بڕوانە كتێبی: الإرشاد شرح لمعة الإعتقاد، ص/ (١١٠–١١١).

95 پێشەوا (أبو أحمد الحسن بن علي بن خلف البربهاري) پێشەوای ئەهلی سوننە لەسەردەمی خۆیدا، لە بەغداد لە دایك بووە، بەڵام ساڵی لە دایك بوونی نەزانراوە، ئەم پێشەوا بەڕێزە زۆر بوێر بووە لە بەرامبەر ئەهلی بیدعەو شوێن كەوتوانی هەواو ئارەزوو، وە شوێن ڕێڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعە كەوتووە لە مامەڵە كردن لەگەڵیاندا، وە ئەم هەڵوێستەشی زۆر بە ڕوونی لە كتێبە نایابەكەیدا (شرح السنة) دەردەكەوێت. وە لە ساڵی (٣٢٩)ی كۆچی، كۆچی دوایی دەكات.

لێ بێت– کە بەڕاستی دین ئەوەیە کە لە لای خوای گەورەوە هاتووە، وە بە پێی عەقڵ و بیرو بۆچونی پیاوان دانەنراوە).

## پێغەمبەر ﷺ لە چ ڕۆژێك لە دایك بووە؟

ئینجا ئەوانەی دەیانەوێت ئاهەنگ بگێڕن بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ با بزانین لە چ ڕۆژێکدا ئاهەنگ دەگێڕن؟! چونکە زانایانی سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ ڕایان جیاوازە لە کات و ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ.

هەندێکیان دەڵێن: لە ڕەمەزان لەدایك بووە، وە هەندێکیان دەڵێن لە (٨/ ڕەبیعی یەکەمدا) لە دایك بووە، وە هەندێك دەڵێن لە (١٢/ ڕەبیعی یەکەمدا) لە دایك بووە، وە کاتی تریش وتراوە لەسەر لە دایك بوونی، کەواتە ئاهەنگ لە چ کات و ڕۆژێکدا دەگێڕن؟ یان دەکرێت بڵێین لە دایك بوونی دووبارە بۆتەوە[97]؟!

بۆیە تێکەڵبوون و ڕا جیاوازی لە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بوونی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی هیچ بنەمایەکی شەرعی لەسەر نیە؛ چونکە ئەگەر هاتباو شتێکی شەرعی و هۆکارێکی نزیك بونەوە بوایە لە خوای پەروەردگار، ئەوا خیلاف و جیاوازی نەدەبوو لە نێوان زانایانداو کاتەکەی وەك جەژنەکان دیاری دەکرا.

ئینجا دەوترێت: دەڵێن لە مانگی ڕەبیعی یەکەم لە دایك بووە، کەچی لە هەمان کاتدا مردنەکەشی ﷺ هەر لە مانگی ربیعی یەکەمدا بووە، واتە: لە دایك بوون و مردنی پێغەمبەر ﷺ لە هەمان مانگدا بووە، خۆ دڵخۆش بونیش بە لە دایك بوونی لە پێشتر نیە لە دڵ گران بوون و ماتەم بوون بە مردنی ﷺ!!!

---

96 شرح السنة، للإمام البربهاري، ص/ (٦٠).

97 بۆ زیاتر شارەزابوون دەتوانیت بڕوانیتە البداية والنهاية، ابن کثير.

# بەشی چوارەم

# ئەو زیادە ڕەویانەی کە لە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەدا دەکرێن

وە ئاهەنگ گێڕانیش بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێك تاوان و زیادەڕەوی و خراپەی لێ دەکەوێتەوەو تیایاندا ئەنجام دەدرێت، لەوانە:ـ

أ ـ بەو ئاهەنگ گێڕانە دەیانەوێت لە خوا نزیك ببنەوە، وە وەك لە پێشتر باسمان کرد کە ئەصڵ لە عیبادەت و نزیك بوونەوە لە خوای گەورە وەستاوە لەسەر بەڵگەو دەلیل، وە ئەمەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

ب ـ وە ئەو مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانانە زیادەڕەوی زۆری تێدایە لەسەر مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ، وە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە زۆرێك لەو سیفەت و تواناو دەسەڵاتەی کە تایبەتە بە خوای گەورە دەدرێت بە پێغەمبەر ﷺ، بۆ نمونە:ـ

* (البوصیری) کە یەکێکە لەوانەی زیادەڕەوی کردووە، لە شعرێکیدا دەڵێت:ـ

فإن من جودك الدنيا وضرتها ومن علومك علم اللوح والقلم

واتە: (لە بەخشندەیی تۆیە دنیاو هەرچی تێیدایەتی، وە لە زانست و زانیاری تۆیە ئەوەی لە (لوح المحفوظ) دایەو هەرچی قەڵەمی قەدەر نوسیویەتی).

وە گومانی تێدا نیە ئەوە حەقی خوای گەورەیە، بەڵام ئەو شاعیرە پێغەمبەری ﷺ گەیاندۆتە ئەو پلەیەو پێی وایە کە عیلم و زانیاری خوای گەورە بەشێکە لە عیلم و زانیاری پێغەمبەر ﷺ، چونکە (مِنْ) لە زمانی عەرەبیدا یەکێك لە ماناکانی بۆ (تبعیض)ە، بە واتای عیلم و زانیاری (لوح المحفوظ) بەشێکە لە عیلم و زانیاری تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەوەش لەو هاوەڵ دانانەیە کە خوای گەورە لێیان خۆش نابێت، پەنا بەخوای پەروەردگار.

* وە هەروەها زۆرێك لەوانەی ئاهەنگی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕن دەکەونە ناو شیرکەوە، بۆ نمونە وەك لەو شیعرەدا دەردەکەوێت:

يا رسول الله غوثاً ومدد يا رسول الله عليك المعتمد

يا رسول الله فرج كربنا ما رآك الكرب إلا وشرد

واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فریامان بکەوەو یارمەتیمان بدە، وە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پشت بەستنمان هەر بە تۆیە، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناڕەحەتیەکانمان لەسەر لاببە، وە هە ناڕەحەتیەك وە هەر ناڕەحەتیەك کە تۆ دەبینێت هەڵدێت).

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ گوێ بیستی ئەم قسانە ببێت ئەوا بە دڵنیاییەوە حوکمی شیرکی گەورە دەدات بەسەریدا، لەبەر ئەوەی بە هانا چوون و لابردنی ناڕەحەتی و داوای یارمەتی کردن و پشت بەستن تەنها هەمووی تایبەتە بە خوای گەورەو بەس، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴾[98]، واتە: (وە کێ وەڵامی ئەو کەسە دەداتەوە کە تووشی ناڕەحەتی بووەو لێی قەوماوەو وە ناڕەحەتی و گرفتەکانی لەسەر لادەبات؟)، وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کردووە کە بە خەڵکی بڵێت: ﴿ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ﴾[99]، واتە: (ئەی محمد ﷺ بڵێ: بەڕاستی من توانام نیە نە زەرەرێکتان لێ بدەم یان قازانجێکتان پێ بگەیەنم، بەڵکو ئەمە هەمووی لە دەستی خوای پەروەردگاردایە)، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: (إذا سألتَ فسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله)[100]، واتە: (ئەگەر داوای هەر شتێکت کرد ئەوا داوا لە خوا بکە، وە ئەگەر داوای کۆمەکیشت کرد ئەوا تەنها داوا لە خوا بکە)[101].

* وە یەکێکی تر لەو زیادە ڕەویانە ئەوەیە کە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوو بێ سەنەد دەهێننەوە کە گوایە خوای گەورە فەرمویەتی: (لولاك لولاك لما خلقت الأفلاك)[102]. واتە: (ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە ئەی **محمد** ﷺ ئەم بونەوەرەم دروست نەدەکرد)، یان دەڵێن (ولولاك ما خلقت الدنيا)[103]، کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾[104]، واتە: (جنۆکەو ئینسانم دروست نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بم پەرستن).

* وە هەندێکی تر لەوانەی ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وا گومان دەبەن کەوا پێغەمبەر ﷺ ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبێت!!! کە ئەوەش گەورەترین نەزانی و جاهیلی یە، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ تا قیامەت لەناو گۆڕەکەیدایەو ڕۆحەکەیشی لە پلە بەرزەکانە لای پەروەردگاری، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تُبۡعَثُونَ ﴾[105]، واتە: (بەڕاستی ئێوە دوای ئەوە دەمرن و لە پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێنەوە).

---

98 النمل: ٦٢
99 الجن: ٢١
100 رواه الترمذي (٢٥١٦).
101 منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة، إعداد محمد بن جميل زينو، (ص١٠٥).
102 سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة رقم (٢٨٢).
103 حديث موضوع، بڕوانە: اللآلئ الموضوعة في الأحاديث الموضوعة ج١/ص٢٧٢.
104 الذاريات/٥٦
105 (المؤمنون/١٥و١٦)

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (أنا أول من ينشق عنه القبر يوم القيامة..)[١٠٦]، واتە: (من یەکەم کەسم کە قەبر لە سەری شەق دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا)، ئەم ئایەتە پیرۆزو فەرمودەیەو ئەوەی لەسەر مانای ئەوانیش هاتون بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لە ڕیزی مردوانەو زانایان کۆ ڕان لەو بابەتەداو هیچ خیلافێکیان نیە.

وە هەموو ئەو تاوان و خراپانەی کە دەکرێن بە هۆی زیادەڕەویەوە لە مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ؛ ئەوە خودی پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردون و دەفەرموێت: (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، إنما أنا عبد فقولوا عبدالله ورسوله)[١٠٧]، واتە: (زیادەڕەوی مەکەن لە مەدح کردنمدا، هەروەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەم دا (عیسى علیه السلام)، بەڵکو من عەبدێکم و بڵێین عەبدو بەندەو پێغەمبەری خوایە).

وە ئەگەر ئەو ئاهەنگانە هیچ کام لەم تاوان و سەرپێچیانەی تێدا نەبێت و تەنها بریتی بێت لە کۆبونەوەی خەڵك و ئامادەکردنی خواردن و دەربڕینی خۆشحاڵی (وەك دەڵێن)، ئەوە هەر بیدعەیەکەو داهێنراوەو خواو پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی نین، (وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة).

---

[106] رواه مسلم (٢٢٧٨)، وأخرجه الترمذي في الجامع (٥/٥٨٧/٣٦١٥)، وابن ماجه في سننه (٢/١٤٤٠/٤٣٠٨)، وأحمد في المسند (١٧/١٠/١٩٨٧) بهذا اللفظ: (وانا أول من ينشق عنه الأرض ولا فخر).

[107] سبق تخريجه

# بەندی چوارەم

## شوبهەی ئەوانەی كە ئاهەنگ گێڕان بە دروست دادەنێنن

## بەشی یەكەم
## شوبهەكانیان لە قورئانی پیرۆزدا

## بەشی دووەم
## شوبهەكانیان لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ

## بەشی سێیەم
## ئەو شوبهانەی كە ڕاو بۆچونن

### شوبهەی[108] ئەوانەی كە ئاهەنگ گێڕان بە دروست دادەنێن:

هەندێ لەوانەی ئاهەنگ دەگێڕن بەو بۆنەوەیە، چەند شوبهەیەك باس دەكەن و وا گومان دەبەن كە ئەوە حەق و ڕاستە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرابێكەو بەس، چونكە شوبهەكانیان:

أ‌- یان دەقێكی ڕاستە بەڵام بە ڕوونی و ئاشكرایی دەلالەت لەسەر مەبەستەكەیان ناكات و مانای سەرەكی بەڵگەكە دەگۆڕن و لە شوێنی خۆیدا بەكاری ناهێنن (يحرفون الكلم عن مواضعه)[109].

---

[108] ئەگەرچی ئەوەی ئەوان دەیهێننەوە بەشێكیان ئایەت و فەرمودەن و لە بنچینەدا هەریەكەیان لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا دەبن بە بەڵگەو كاریان پێ دەكرێت، بەڵام ئەوان یان جێگای خۆیان نیە كە تێیدا بەكاریان دەهێنن، وە یان ماناو مەبەستەكەی دەگۆڕن، بۆیە دەكرێت لێرەدا بڵێین ئەمانە وەك شوبهەیەك بەكار دەهێنن بۆ شەرعیەت دان بە كارەكەیان.

[109] المائدة/١٣.

ب- یان دەقەكە ناڕاستەو هەرچەندە بە ڕوونی و ئاشكراییش دەلالەت بكاتە سەر مەبەستەكەیان بەلاّم دەقێكی لاوازەو بە بەڵگە حیساب ناكرێت، چونكە لە هیچ بوارێك لە بوارەكانی شەرعدا كارو كردەوە بە بەڵگەو فەرمودەی لاوازو هەڵبەستراو بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ناكرێت.

وە هەروەها ئەو شوبهانەش كە دەیان هێننەوە دەكرێت دابەشیان بكەین بە سەر سێ بەشی بنچینەی سەرەكیدا، بەم شێوەیە:

## یەكەم: شوبهەكانیان لە قورئانی پیرۆزدا:

ئەمەش بە هێنانەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزدا كە دەیكەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەن بە بیدعەكەیان و بە هۆیەوە بیسەلمێنن كە بەبێ بەڵگە مەولود ناخوێننەوەو ئاهەنگ ناگێڕن بە ڵكو پشت بە قورئان دەبەستن و بەڵگەیان بە دەستەوەیە، كە بێ گومان ئەم ئایەتانەش كە ئەوان دەیهێننەوە نابن بە بەڵگە بۆ كارەكەیان، چونكە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ ئاوا لەم ئایەتانە نەگەیشتون و هەروەها زانایانی تەفسیرو ڕاڤەكارانی قورئانیش بەم شێوەیە تەفسیرو لێكدانەوەیان بۆ ئەم ئایەتانە نەكردووە.

## دووەم: شوبهەكانیان لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ:

هەندێ لە شوبهەكانی تریان بریتین لە چەند فەرمودەیەكی پیرۆزی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ كە مانای سەرەكی فەرمودەكەیان گۆڕیوەو بە هەڵەو بۆ مەبەستی تر بەكاری دەهێنن، یان وتەی هەندێ لە هاوەڵانن و ناگەنەوە سەر پێغەمبەر ﷺ، وە لە ڕاستیشدا زۆرێك لەم فەرمودەو وتانە نەك ناگونجێن و نابن بە بەڵگە بۆیان، بەڵكو دەبن بە بەڵگە لەسەر خۆیان و دەكرێت وەك بەڵگە لەسەر ئەوان بهێنرێتەوە.

## سێیەم: ئەو شوبهانەی كە ڕاو بۆچونن:

وە هەندێ لە شوبهەكانی تریان كە بە هیچ شێوەیەك نابن بە بەڵگەو پشتیان پێ نابەسترێت، بریتیە لە ڕاو بۆچون و قیاسی هەڵەی چەند كەسانێك كە بە ووشەی (**بە ڕای من، یان پێم وایە، یان ئاوا باشترە، یان....و یان......و یان....**)، كە ئەمە قسە كردنە بەناوی دینەوە بە بێ بەڵگە، لە كاتێكدا بنچینەی هەموو قسەیەك كە بەناوی دینەوە بكرێت بریتیە لە بەدەستەوە بوونی بەڵگەی ڕاست و دروست لە قورئان و سوننەت بۆ سەلماندنی قسەو بابەتەكە.

وە پشت بە خوای پەروەردگار هەر یەكەیان لە شوێنی خۆیداو بە بەڵگەی قورئان و فەرمودەی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەر ﷺ و وتەی زانایانی باوەڕ پێكراوی ئەم ئوممەتە وەلاّم دەدەینەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەكمان لەسەر چاو ڕۆشنی بین و كارێك نەكەین كە خواو پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی نەبن و فەرمانی ئەوانی لەسەر نەبێت.

# بەشی یەکەم

# شوبهەکانیان لە قورئانی پیرۆزدا

**شوبهەی یەکەم:**

یەکێ لەو شوبهانەی کە ئەوان دەیکەن بە بەڵگە، ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا ﴾[110] واتە: (بڵێ: بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوا دڵخۆش بن)، دەڵێن: دڵخۆشی بە پێغەمبەر ﷺ خواستێکی فەرمان پێ کراوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتە، دوایی دەڵێن: خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات دڵخۆش بین بە (ڕەحمەت)، وە پێغەمبەریش ﷺ گەورەترین ڕەحمەتە، وە بەڵگەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾[111] واتە: (تۆمان نەناردووە تەنها بە ڕەحمەت نەبێت بۆ هەموو خەڵکی)، ئەوە یەکێ لە بەڵگەکانیان بوو.

**لە وەڵامیاندا دەڵێین:-**

**یەکەم:-** دانانی ئەو ئایەتە بە بەڵگە هاوەڵان و پێشین باسیان نەکردووەو بەو شێوازە تەفسیریان نەکردووە، وە ئەگەر خێریش بوایەو بەو شێوەیە بوایە، ئەوا ئەوان پێشمان دەکەوتن و ئەنجامیان دەدا، وە داهێنانی بیدعەش لە دیندا کە بەڵگەی لەسەر نەبێت بەسەر خاوەنەکەیدا دەدرێتەوە، وە تەفسیری سەلەف بۆ ئەو ئایەتەو وتەیان لەسەری ئەوەیە کە (فەزڵ و ڕەحمەتی خوا) بریتیە لە ئیسلام وسوننەت .

**دووەم:-** وە تەفسیر کردنی(الرحمة) لە ئایەتی ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ بە دڵخۆش بوون بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ هەڵەیە، چونکە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ناردنی پێغەمبەر ﷺ بە پەیامی پێغەمبەرایەتی نەك لە دایك بوونی، وە نێوانی لەدایك بوونی و ناردنی وەك پێغەمبەر ﷺ نزیکەی (٤٠) ساڵ بووە، وە هەموو ئەو دەقانەی وەصفی پێغەمبەر ﷺ دەکەن بە (ڕەحمەت)، ئەوە وەصفەکە بۆ دوای

---

[110] یونس/٥٨

[111] الأنبياء /١٠٧

ناردنیەتی وەك پێغەمبەر ﷺ، وە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی کە لە دایك بوونی بەرەحمەت وەصف کرابێت.

**شوبهەی دووەم:**

وە یەکێ لەو شوبهانەی تر کە بە بەڵگە ئەیهێننەوە بۆ دروستیەتی مەولود خوێندنەوە، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ شَٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ۝ لِّتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾[112]، واتە: (بە ڕاستی تۆمان ناردووە بە شاهید و مژدە دەرو ترسێنەر، تا بڕوا بە خواو پێغەمبەرەکەی بهێنن و یارمەتی بدەن و ڕێزی بگرن و بە گەورەی دابنێنن، وە بەیانی و ئێواران تەسبیحاتی خوا بکەن)، ئەم ئایەتە کە فەرمان بە ڕێز گرتن و پشتگیری پێغەمبەر ﷺ دەکات، بەسەر کەسانێکدا هاتۆتە خوارەوە کە زۆر لەئێمە بە تەقواترو بەڕێزتر بوون و پڕ بە مانای ئایەتەکە ڕێزو پشتگیری خۆیان بۆ پێغەمبەر ﷺ دەربڕیوە، جا ئایا ئەوان عەقڵیان بەوە نەشکاوە کە ئەم یادە بکەنەوە؟!! یان بە تەواوی دڵنیابوون لەوەی کە بەو شێوازە خۆشەویستی و پشتگیری دەرنابڕدرێت؟ دیارە وەڵامەکەی ڕوونە، چونکە ئەوان زانیویانە کە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بە شوێن کەوتنی سونەتەکانیەتی نەك بە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بونی .

**شوبهەی سێ یەم:**

وە ئایەتێکی تر کە دەیکەن بە بەڵگە، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴾[113] ، لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین: بەرز ڕاگرتنی ناوی پێغەمبەر ﷺ بەوە نابێت کە ئێمە بە هەر هۆکارو کردەوەیەك، جا بیدعە بێت یان تاوان، ناوی پێغەمبەر ﷺ بەرز ڕابگرین، بەڵکو بەرز ڕاگرتنی ناوی پێغەمبەر ﷺ بە زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانی و صەڵاوەت لێدان و مراندنی بیدعەکان دەکرێت، وە کە خوای گەورەش ناوی بەرز کردۆتەوە بەوە کردوویەتی کەوا بیست و چوار سەعات و بەردەوام لە کاتی بانگدا لەگەڵ ناوی خوای گەورە ناوی (**محمد** رسول الله) دەهێنرێت ﷺ، وە خۆی و فریشتەکانی صەڵاواتی لەسەر دەدەن و فەرمانیش بە بڕواداران دەکات کە سەڵاواتی لەسەر بدەن وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ ۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾[114] واتە: (بە ڕاستی خواو فریشتەکانی سەڵاوەت لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدەن، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ئێوەش سەڵاوەتی لەسەر لێدەن.......).

**شوبهەی چوارەم:**

شوبهەیەکی تریان بریتیە لە دابەزاندنی سینی و سفرەیەك خواردن لە ئاسمانەوە بۆ سەر عیسی علیە السلام و شوێن کەوتوانی وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ

112 الفتح/٨ و٩
113 الشرح: ٤
114 الأحزاب/٥٦

ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَ وَٱرْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾[115] واتە:(عیسی وتی: خوایە گیان سفرەیەك خواردن لە ئاسمانەوە بۆ ئێمە بنێرە تا ببێت بە جەژن بۆ سەرەتاو ئاخری ئێمەو بەڵگەیەك بێت لەسەر گەورەیی تۆ، وە ڕزق و ڕۆزیمان بدە بە ڕاستی تۆ باشترین ڕۆزی دەری)، وە دەڵێن دابەزینی سینیەك خواردن ببێت بە جەژن بۆ عیسی علیه السلام و شوێن کەوتوانی، ئەوە هیچ بێ شەرعیەکی تێدا نیە کە ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بکرێت بە جەژن و ڕۆژی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە.

**لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:**

١- ئەوە هیچ کە ئەم ئایەتە ناگونجێ لێرەدا بە بەڵگە بهێنرێتەوە، چونکە ئەمە تایبەت بووە بەوان.

٢- کاتێکیش ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات دوو جەژنی بۆ موسڵمانان بڕیاردا لە جیاتی هەموو جەژنەکانی سەردەمی جاهیلی، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (کان لکم یومان تلعبون فیهما، وقد أبدلکم الله بهما خیراً منهما، یوم الفطر ویوم الأضحی)[116]، واتە: (ئێوە دوو ڕۆژتان هەبووە ئاهەنگتان تێدا گێڕاوەو یاریتان تێدا کردووە، بە ڕاستی خوای گەورە ئەو دوو ڕۆژەی بۆ گۆڕین بە دوو ڕۆژی چاکتر لەوانە، (واتە جەژنی رەمەزان و قوربان).

---

115 المائدة/١١٤

116 أخرجه النسائي رقم (١٧٣)، وصححه الألباني.

# بەشی دووەم
# شوبهەکانیان لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ

**شوبهەی یەکەم:**

شوبهەی یەکەمیان ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت: (مَن سَنَّ في الإسلام سنَّةً حسنةً فَلَهُ اجرها واجرُ مَن عملَ بها الى يوم القيامة)[117]، واتە: (هەر کەسێك ڕێگایەکی چاك لە ئیسلامدا دابهێنێت، ئەوە ئەجرو پاداشتی خۆیی و ئەوانەیش کە کاری پێ دەکەن پێ دەگات هەتا ڕۆژی قیامەت).

وەك لە ناوەڕۆکی فەرمودەکەدا دەردەکەوێت کە مەبەست لە (السنة الحسنة) بریتیە لە سوننەتێك کە لە بنچینەدا لە شەرعدایەو بەڵگەی لەسەرە، بەڵام خەڵکی وازیان لێ هێناوە یان ئەنجامی نادەن، وەك شێخ سليم الهلالي لە کتێبی (البدعة وأثرها السئ في الأمة)دا دەڵێت: (خێرو ماڵ بەخشین شتێکی شەرعیەو هەر لە زووەوە ئەنجام دراوە بە دەق و بەڵگە، ئایا وا دەبینن کە ئەو هاوەڵە بیدعەیەکی حەسەنەو چاکی هێنابێت کە پێشتر لە دیندا نەبووە؟!)[118].

وە هەروەها دەڵێت: (سوننەتی حەسەنەو چاك؛ بریتیە لە زیندوو کردنەوەی کارێکی شەرعی کە خەڵکی لەو کاتەدا ئەنجامی نادەن و وازیان لێ هێناوە، وە لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر کەسێك سوننەتێکی واز لێ هێنراو زیندوو بکاتەوە، پێی ناوترێت: بیدعەیەکی حەسەنەو چاکی هێناوە، بەڵکو دەوترێت: سوننەتێکی حەسەنەو چاکی هێناوە، کەوابوو سوننەتی حەسەنەو چاك ئەوەیە کە بنچینەیەکی شەرعی و بەڵگەی ڕاست و دروستی لەسەر بێت و خەڵکیش وازیان لێ هێنابێت و پاشان یەکێك بێت و ئەو سوننەتە لەناو خەڵکیدا زیندوو بکاتەوە؛ نمونەش وەك ئەوەی کە عومەری کوڕی خەطاب ڕەزای خوای لێ بێت ئەنجامی دا کە بریتی بوو لە زیندوو کردنەوەی سوننەتی نوێژی تەراویح بە جەماعەت و بە یانزە ڕکات)[119].

---

117 أخرجه مسلم (١٠١٧)و (٢٠٧٣)، وأخرجه أحمد (١٩١٧٧)و (١٩١٩٥)و (١٩٢٢١)و (١٩٢٢٣)و (١٩٢٢٧)، والترمذي (٢٦٧٥)، والنسائي (٢٥٥٣) وفي الكبرى (٢/٢٣٣٥)، وابن ماجه (٢٠٣)، وغيرهم.

118 البدعة وأثرها السئ في الأمة ص: ٢٦ سليم الهلالي.

119 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وە زیندوو كردنەوەی سوننەتی تریش كە ئێستا خەڵكی ئەنجامی نادەن، وەك نوێژكردنی هەردوو جەژنەكان لە نوێژگە (المُصَلَّى) كە پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت ئەنجامی نەدەدان، وە كە ئێستاش كەسێك بێت و لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە بچن لە دەرەوەی شار نوێژ بكەن، ئەوە پێی ناوترێت بیدعەیەكی حەسەنەی هێناوە، بەڵكو دەوترێت سوننەتێكی حەسەنەی هێناوە؛ چونكە وەك باسمان كرد پێغەمبەر ﷺ ئەو دوو نوێژەی لە مزگەوت نەكردوون و ئەنجام دانیان لە دەرەوە زیندوو كردنەوەو شوێن كەوتنی سوننەتی پێغەمبەری پێشەوامانە ﷺ، وە یان ئەو سوننەتانەی كە زۆر بە كەمی ئەنجام دەدرێن وەك ئەنجام دانی نوێژی مردوو بە جەماعەت، یان ئەنجام دانی (مەڕە منداڵە) (العقيقة)[120] وە زۆر سوننەتی تریش كە ئێستا ئەنجام نادرێن، زیندوو كردنەوەیان بریتیە لە سوننەتی حەسەنەو چاك، چونكە لە بنچینەدا خۆیان سوننەتن و خەڵكی وازیان لێ هێناون و ئێستا ئەنجامیان نادەن.

كەوابوو ئەم فەرمودەیە ناگونجێت بە بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ شەرعیەت دان بە كارێكی داهێنراوو بیدعەی وەك (مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە)، چونكە وەك ڕوون و ئاشكرایە كە ئەم كارە هیچ بەڵگەو بنچینەیەكی شەرعی لەسەر نیەو بەڵكو داهێنراوو بیدعەیە.

وە بەكار هێنانی ئەم فەرمودەیەش بە بەڵگە گۆڕینی مانای ڕاستەقینەی فەرمودەكەیە، كە گومانی تێدا نیە ماناو مەبەستی فەرمودەكە ئەمە ناگەیەنێت.

وە هەروەها شێخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (بەڕاستی مانای (مـن سـنَّ) واتـە: (هەر كەسێك سوننەتێك زیندوو بكاتەوە كە پێشتر هەبووەو بەڵام ئێستا نەماوەو ئەویش زیندووی دەكاتەوە)، وە هەروەها دەڵێت: (السن) لێرەدا بە مانای كار پێكردن و جێ بە جێ كردن دێت نەك بە مانای شەرعیەت پێدان و داهێنانی لە لایەن خۆیەوە، وە مانای فەرمودەكە (من سنَّ في الإسلام سنة حسنة) بەم شێوەیەی لێ دێت: (من عمل بها تنفيذاً لا تشريعاً) واتە: كارپێكردن و جێ بە جێ كردنی نەك شەرعیەت پێدان و بە شەرع دانانی؛ چونكە دانانی شەرع ڕێگە پێ نەدراوە (كل بدعة ضلالة)[121].

وە لە وەڵامی پرسیارێكدا كە ئاڕاستەی شێخ صالح بن فوزان الفوزان كرا دەربارەی فەرمودەی (مـن سـنَّ في الإسـلام سـنة حـسنة)، كـە بیدعەچیەكان (أهـل البـدع) دەیكـەن بـە بەڵگـە بـۆ ڕازاندنـەوەو شـەرعیەت دان بـە بیدعەكانیان.

**ئەویش لە وەڵامدا وتی:** ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت: (من سنَّ في الإسـلام سـنة حـسنة) خۆی بەڵگەیە لەسەر بیدعەچیەكان؛ چونكە پێغەمبەر ﷺ نەیفەرمووە: (من ابتدع في الإسلام بدعة حـسنة)، بەڵكو وەك دیارە فەرمویەتی: (من سنَّ في الإسلام سنة حسنة)، وە (سنة حسنة) لە ئیسلامدا بریتیە لە زیندوو كردنەوەی سوننەت، وە زیندوو كردنەوەی سوننەتیش ئەوەیە كە خەڵكی نایزانن و پێی ئاگادار نین، یان لە بیریان چۆتەوە؛ وە هەندێ لە زانایان زیندووی دەكەنەوەو خەڵكیش شوێنیان دەكەون.

---

[120] (مەڕە منداڵە) (العقيقة): بریتیە لە ئەنجام دان و سەربڕینی ئاژەڵ بۆ منداڵی تازە لە دایك بوو لە دوای تێپەڕ بوونی هەفتەی یەكەمی تەمەنی، كە بۆ منداڵی كوڕ دوو ئاژەڵەو بۆ كچیش یەك ئاژەڵ، وە ئەگەر كەسەكە هەژارو نەبوو بوو ئەوا بۆ كوڕیش دەتوانێت هەر یەك ئاژەڵ سەر ببڕێت.

[121] الإبداع في كمال الشرع وخطر الإبتداع، شيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله، (ص/٢٦).

وە بەڵگەش لەسەر ئەم تەفسیرە هۆكاری فەرمودەكەیە، ئەویش ئەوەبوو كە پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵكیدا بۆ خێرو چاكە كردن كاتێك كە هەندێ خەڵكی دەست كورت و موحتاج هاتنە لای، پاشان خەڵكی لە مزگەوت كۆكردەوەو وتاری بۆ خوێندنەوەو هانی دان و جوولاندنی بۆ خێرو چاكە كردن، دواتر كە پێغەمبەر ﷺ لە وتارەكە بۆوە، پیاوێك لە هاوەڵان هات و تورەكەیەكی پارە پێ بوو، تورەكەیەكی گەورە بوو كە دەستی ماندوو ببوو بە هەڵگرتنی و لەبەر دەستی پێغەمبەری ﷺ دانا، پاشان خەڵكیش شوێنی كەوتن، كاتێك پێغەمبەر ﷺ بینی كە خەڵكی زۆر خێریان هێناو خێرەكە زۆر بوو، دەم و چاوی گەشایەوەو خۆشی و شادی پێوە دیاربوو، وە فەرموی: (مَن سَنَّ في الإسلام سنَّةً حسنةً فَلَهُ اجرها واجرُ مَن عملَ بها الى يوم القيامة) وە ئەم هاوەڵە بەڕێزە بەو ماڵە زۆرەوە هات، وە كاتێك خەڵكی بینیان شوێنی كەوتن و پێش بڕكێیان دەكرد لەسەر ئەم كارە، وە بۆیان بوو بە سوننەتێكی حەسەنەو چاك.

وە چاكەو خێر كردنیش بە هەزاران لە سوننەتی پێغەمبەرانەو خوای پەروەردگاریش فەرمانی پێكردووە، وە پێغەمبەریش ﷺ بە هەمان شێوە فەرمانی پێكردووە، بەڵام ئەم هاوەڵە بەڕێزە زیندووی كردەوەو كاری پێكرد، خەڵكیش چاویان لێ كردو هەمان كاری ئەویان ئەنجامدا، وە بوو بە هۆكارێكی خێر بۆیان.

وە لە فەرمودەیەكی تریشدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من دعا الى الهدى كان له الأجر مثل أجور مَن تبعه، لا ينقص ذلك من اجورهم شيئاً، و مَن دعا الى ضلالة كان عليه من الإثم من آثام مَن تبعه، لا ينقص ذلك من آثامهم شيئاً)[١٢٢] واتە: (هەر كەسێك بانگەوازی بكات بۆ ڕێنمایی كردن و كاری چاكە، ئەوە ئەجرو پاداشتی هەموو ئەوانەشی بۆ هەیە كە شوێنی دەكەون، بە بێ ئەوەی هیچ لە ئەجرو پاداشتی ئەوان كەم بێتەوە، وە هەر كەسێكیش بانگەوازی بكات بۆ گومڕیی و كاری خراپە، ئەو گوناهو تاوانی هەموو ئەوانەشی لەسەر دەبێت كە شوێنی دەكەون، بە بێ ئەوەی هیچ لە گوناهو تاوانی ئەوان كەم بێتەوە)[١٢٣].

وە شێخ محمد ناصرالدين الألباني ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (البدع والشبهات)دا دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە بە پێچەوانەی مانا ڕاستەقینەكەی پێغەمبەر ﷺ تەفسیر دەكەن، كە پێچەوانەكەشی هیچ ناكۆك نیە لەگەڵ ئەم قاعیدەو بنچینە ئیسلامیە: (كل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار)، وە فەرمودەكە ئاوا تەفسیر دەكەن و دەڵێن: (من سنَّ في الإسلام سنة حسنة)، واتە: (مَن ابتدع في الإسلام بدعة حسنةً)، بە واتای: (هەر كەسێك بیدعەیەكی چاك لە دیندا دابهێنێت)، وە ئەمەش تەفسیرو لێكدانەوەیەكی باطلە)[١٢٤].

122 رواه مسلم (٢٦٧٤)، وأخرجه مالك في (موطئه) في كتاب القرآن (٥٠٧)، وأخرجه موصولا أحمد (٩١٧١)، وأبو داود (٤٦٠٩)، والترمذي (٢٦٧٤)، والدارمي (٥١٣)، وابن ماجه (٢٠٦)، وغيرهم.

123 البدع وأثرها السئ، شيخ صالح بن فوزان الفوزان.ص

124 البدع والشبهات، للشيخ محمد ناصرالدين الألباني رحمه الله.ص

## شوبهەی دووەم:

وە شوبهەیەکی تریان ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەربارەی گەورەیی ڕۆژی هەینی (جمعة) دەفەرموێت: (من أفضل أيامكم يوم الجمعة، فيه خلق آدم، و فيه قبض....)[125]، واتە: (لە باشترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینی یە، ئادەم لەو ڕۆژەدا دروست کراوەو هەر لەو ڕۆژەشدا مردووە).

محمد بن علوي المالكي لە کتێبی (الذخائر المحمدية)داو لاپەڕە (٢٧٠) ئەم شوبهەیە دەهێنێت، وە هەروەها (يوسف بن هاشم الرفاعي) هەمان شوبهە باس دەکات و دەیکەن بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە.

وە ئەم فەرمودەیەی کە پێشتر باسکرا، ماناکەی زۆر ئاشکراو ڕوونەو هیچ شتێکی نادیارو شاراوەی تێدا نیە، بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمان و سەر سامیە ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەیەك تەفسیری دەکەن و باس لە فەرمودەکە دەکەن، کە هیچ کەسێکی ژیرو خاوەن هۆش و بیر ئەم جۆرە تەفسیرو لێکدانەوەیە وەرناگرێت و بڕوای پێ ناهێنێت.

لێکدانەوەی فەرمودەکەش ئاوا دەهێنن و دەڵێن: (فيه ولد آدم)، لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (فيه خلق آدم). وە شێخ حمود بن عبدالله التويجري ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي)دا زۆر بە ڕوونی وەڵامی ئەم شوبهەیە دەداتەوەو دەڵێت: (ئێمە پرسیار لە ابن العلوي و الرفاعي دەکەین: کێ باوکی ئادەمە؟ وە کێ دایکیەتی کە لێی بووە؟ وە داوایان لێ دەکەین بەو شێوەیەی کە پێغەمبەری خوا موسى عليه السلام داوای کرد، کە خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەی کە فەرمویەتی: ﴿أَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾[126]، وە چ جەهل و نەفامی و نەزانیەك لەو قسەیە خراپترە کە بڵێن ئادەم لە دایك بووە؟!!)، وە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (بەڕاستی گۆڕینی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ (فيه خلق آدم) بە (فيه ولد آدم)، لە لایەن (ابن العلوي و الرفاعي)یەوە، لەو درۆیانە دەژمێردرێن کە بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستراون، وە پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: (من كذب عليّ متعمداً فليتبوأ مقعده من النار)[127]، واتە: (هەر کەسێك درۆ بە دەم منەوە هەڵبەستێت با جێگەی خۆی لە ئاگردا خۆش بکات).

وە هەروەها دەڵێت: (وە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی جومعەی تایبەت نەکرد بەوەی کە هیچ سوننەت و کارو کردەوەیەکی تێدا ئەنجام بدرێت، وە نەهی کردووە لە تایبەت کردنی ئەم ڕۆژە بە بەڕۆژوو بوون، وە تایبەت کردنی شەوەکەشی بە هەڵسانەوەو نوێژ تێدا کردنی، لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێت ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرمویەتی: (لا تختصوا ليلة الجمعة بقيام من بين الليالي، ولا تخصوا يوم الجمعة بصيام من بين الأيام)[128] ،

---

125 مسند أحمد بن حنبل ١٥٨٣٧، سنن ابن ماجه ١٠٧١ و ١٦٣٢، سنن أبي داود ٨٩٦، صحيح ابن خزيمة ١٦٢٨، صحيح ابن حبان ٩١١، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني ٩٢٦ .

126 البقرة: ٦٧

127 رواه مسلم (٣)، وأخرجه البخاري (١١٠)و (٣٥٣٩)و (٦١٨٨)و (٦١٩٧)و (٦٩٩٣)، وأحمد (٨٧٨٤).

128 صحيح مسلم (١١٤٤)، وأخرجه البخاري (١٩٨٥)، أحمد (٩١٣٨)، وأبو داود (٢٤٢٠)، والترمذي(٧٤٣)، وابن ماجه (١٧٢٣)، وغيرهم.

واتە: (شەوی جومعە تایبەت مەکەن بە هەڵسانەوەو نوێژ تێدا کردنی لە نێوان شەوەکانی تردا، وە هەروەها ڕۆژی جومعە تایبەت مەکەن بە بە ڕۆژوو بوون لە نێوان ڕۆژەکانی تردا).

کەواتە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی جومعەی تایبەت نەکرد بە شتێك لە سوننەت و کردەوە تێدا کردن، لەبەر ئەوەی کە ئادەم علیه السلام تێیدا دروست کراوە، ئەی چ شتێك هەیەو پەیوەست بێت بەوەوە کە (ابن العلوي و الرفاعي) دەیهێنن و دەیکەن بە بەڵگە بۆ دروستێتی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە؟!!).

وە هەروەها دەڵێت: (بەڕاستی عیبادەت و پەرستن لەسەر شەرع و شوێن کەوتن (الشرع والإتباع) دامەزراوە نەك لەسەر ڕەئی و بۆچون و بیدعە کردن، وە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی لە دایك بوونی تایبەت نەکردبێت بە هیچ شتێك لە کردەوە تێدا ئەنجام دان جگە لە ڕۆژەکانی تر، ئەوە بۆ هیچ کەسێك نیە لە خەڵکی کە کارو کردەوەیەکی تێدا ئەنجام بدەن و دابهێنن کە خوای گەورە ئیزن و فەرمانی لەسەر نیە، وە پێغەمبەریش ﷺ ئەنجامی نەداوەو نەیکردووە.)[129].

## شوبهەی سێیەم:

وە هەروەها شوبهەیەکی تریان کە دەیکەن بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، ئەو فەرمودەیەیە کە باس لە بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی دوو شەممە دەکات، کە دەفەرموێت: (ذاك يومٌ ولدتُ فيه و بعثتُ فيه، أو أنزل عليَّ فيه)[130]، واتە: (ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا لە دایك بووم و نێردراوم، یان لەو ڕۆژەدا قورئانم بەسەردا دابەزیوە).

وەڵامی ئەم شوبهەیە:

بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی (١٢)ی ڕەبیعی یەکەمی تایبەت نەکرد بە بەڕۆژوو بوون و هیچ کردەوەیەك لە کردەوەکان لە نێوان ڕۆژەکانی تردا، وە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی لە دایك بوونی خۆی بە گەورە دانابا –وەك ئەوانەی مەولود دەخوێننەوەو ئاهەنگ دەگێڕن وا گومان دەبەن–، ئەوا ئەو ڕۆژەی دەکرد بە جەژن لە هەموو ساڵێکدا، یان تایبەتی دەکرد بە بە ڕۆژوو بون یان ئەنجام دانی عیبادەتێك لەو ڕۆژەدا، وە مادام تایبەتی نەکردووە بە هیچ شتێك لە عیبادەت کردن لە نێوان ڕۆژەکانی تردا، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا فەزڵ و گەورەیی ئەم ڕۆژەی نەداوە بەسەر هیچ کام لە ڕۆژەکانی تری ساڵدا، وە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْآخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴾[131]، واتە: (بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا ﷺ پێشەنگی و پێشەوایەتیەکی چاك هەیە بۆ ئێوە، بۆ هەر کەسێك مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورەی بوێت و ئومێدی خۆشیەکانی بەهەشت بێت لە دوا ڕۆژدا، وە هەروەها پێویستە زیکرو یادی خوای گەورە زۆر بکات و دڵ و زمانی پێ پاراو بکات)، وە شوێن کەوتنی پێغەمبەریش ﷺ، بریتیە لە دەست گرتن بە سوننەت و ڕێنماییەکانیەوەو دوور کەوتنەوە لەو بیدعانەی کە ئەهلی بیدەع و بیدعەچیەکان دایان هێناون، وە لە ناویاندا

[129] بروانه (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي) للشيخ حمود بن عبدالله التويجري ص/١٤٦ – ١٤٩

[130] رواه مسلم (١١٦٢)، وأخرجه أحمد (٢٢٦٠٠)و (٢٢٦٨٤)و (٢٢٧١٣)، وأبو داود (٢٤٢٥)و (٢٤٢٦)، والترمذي (٧٥٢)، وابن ماجه (١٧١٣)و (١٧٣٠)و (١٧٣٨)، وغيرهم.

[131] الأحزاب: ٢١

بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان؛ چونكە لە سوننەت و ڕێنماییەكانی پێغەمبەر ﷺ نیە، وە یەكێكیش نیە لە كارو كردەوەكانی هاوەڵانی ڕەزای خوایان لێ بێت.

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ ویستویەتی و ئارەزوی لەوە بووە كە ڕۆژانی دوو شەممە بە ڕۆژوو بێت لە هەموو هەفتەیەكدا هەروەك چۆن ویستویەتی كە ڕۆژانی پێنج شەممەو ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژی عاشوراو ڕۆژانی سپی (أيام البيض)[132]ی هەموو مانگێك و شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال بە ڕۆژوو بێت.

كەواتە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی دوو شەممەی بە تەنها دیاری نەكردووە بۆ بە ڕۆژوو بوون، بەڵكو چەندەها ڕۆژی تریش هەن كە تیایاندا بە ڕۆژوو بووە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناگونجێت ئەم فەرمودەیە بكرێت بە بەڵگە بۆ ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە، وە فەرمودەكەش باس لە ڕۆژوو دەكات نەك شتێكی تر!!!

وە هەروەها هۆی ئەوەش كە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژانی دوو شەممەو پێنج شەممە بە ڕۆژوو دەبوو،ئەوە بووە كە لەم دوو ڕۆژانەدا كردەوەكانی بەرز دەكرێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، وە ئەویش ﷺ حەزی دەكرد كە كردەوەكانی دەخرێنە ڕوو و بەرز دەكرێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار بە ڕۆژوو بێت، وە ئەمەش لەو فەرمودانەی ئەبو هورەیرەو ئوسامەی كوڕی زەید ڕەزای خوایان لێ بێت دەردەكەوێت:

فەرمودەكەی ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت، ئیمام (أحمد و الترمذي) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (تعرض الأعمال يوم الإثنين والخميس، فأحب أن يعرض عملي و أنا صائمٌ)[133]، واتە: (ڕۆژانی دوو شەممەو پێنج شەممە كردەوەكان دەخرێنە ڕوو، وە پێم خۆشە كە كردەوەكانی من دەخرێنە ڕوو بە ڕۆژوو بم).

وە فەرمودەكەی ئوسامەی كوڕی زەید ڕەزای خوای لێ بێت ئیمام (أحمد و النسائي) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ذانك يومان يعرض فيهما الأعمال على رب العالمين، فأحب أن يعرض عملي و أنا صائمٌ)[134]، واتە: (ئەوە دوو ڕۆژن كە كردەوەكانی تێدا دەخرێنە ڕووی پەروەدگاری جیهانیان، وە من پێم خۆشە كە كردەوەكانم دەخرێنە ڕوو بە ڕۆژوو بم).

كەواتە هۆی بە ڕۆژوو بوونی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژانی دوو شەممەو پێنج شەممەدا ئەوە بووە كە لەم دوو ڕۆژانەدا كردەوەكان دەخرێنە ڕوو و بەرز دەكرێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، وە ئەویش ﷺ حەزی كردووە لەو كاتانەدا بە ڕۆژوو بێت، وە ئەم بەڵگەیەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوانەی كە بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی دوو شەممە دەكەن بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان[135].

وە لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت كە فەرمودەكان باس لە ڕۆژی (١٢/ڕەبیعی یەكەم) ناكەن كە جێگای جیاوازیە لە نێوان زانایاندا، بەڵكو باسی ڕۆژی دوو شەممەیە كە جێگای كۆڕای هەموو زانایانە كە لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر ﷺ لەدایك بووە. كەواتە هە كەسێك دەیەوێت لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لەبەر چاو بگرێت، با دووشەممان بە ڕۆژوو بێت نەك بە ئاهەنگ گێڕان و خواردن و خواردنەوەو دەفە لێدانەوە خۆی خەریك بكات.

132 كە ڕۆژانی (١٣ و ١٤ و ١٥)ی هەموو مانگێكی ساڵی كۆچی دەگرێتەوە.

133 رواه الترمذي (٢٠٥٦)، وصحيح جامع الصغير (٢٩٥٩)، وصححه الألباني.

134 رواه النسائي (٢٠١/٤رقم/٢٣٥٨)، وقال الألباني حسن صحيح.

135 بڕوانە (الرد القوي على الرفاعي والمجهول و ابن العلوي) للشيخ حمود بن عبدالله التويجري رحمه الله ص/(١٢٥- ١٢٩).

**شوبهەی چوارەم:**

وە یەکێکی تر لەو شوبهانەی کە دەیهێننەوەو دەیکەن بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان، بریتیە لە کۆتایی ئەو فەرمودەیەی کە ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە بابی (وأمهاتكم اللاتي أرضعنكم –و يحرم من الرضاع ما يحرم من النسب–)دا هێناویەتی، کە ئەمەش کۆتایی فەرمودەکەیە: (قال عروة: وثويبة مولاة لأبي لهب: كان أبو لهب أعتقها، فأرضعت النبي ﷺ، فلما مات أبو لهب أُرِيهُ بعض أهله بشر حيبة، قال له : ماذا لقيت؟ قال أبو لهب: لم ألق بعدكم خيراً غير أني سقيتُ في هذه بعتاقتي ثويبة)[136]، ئەمەش وەك بەڵگەیەك دەهێننەوەو دەڵێن کەسێکی کافری وەکو ئەبو لەهەب بە هۆی ئازاد کردنی بەندەیەك بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەربڕینی خۆشی و شادی سزای لەسەر سوك ببێت، ئەوە زۆر ئاساییە کە ئێمە ئاهەنگ بگێڕین و خۆشی و شادی دەربڕین و خواردن و شیرینی ببەخشینەوە ! ! !.

بە ڕاستی سەیرە ! دەڵێن ئەو کەسەی ئاو دەیبات پەنا بۆ پوشکەیەکیش دەبات کە خۆی پێ بگرێتەوە، وە ئەوانەش کە ئەم بیدعەیە (مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ) بە شەرعی دەزانن و ئەنجامی دەدەن، ناچارن بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و بیدعەکەیان و ڕەواج دان پێی پەنا ببەن بۆ هەر شتێك بۆ ئەوەی بیکەن بە شوبهەو بەڵگە لە بەرامبەر ئەم هەموو بەڵگە بە هێزانەدا کە هەمویان لە قورئان و سوننەت و ووتەی زانایان وەرگیراون، وە ئەم شوبهەیەش لە کۆمەڵێك ڕووەوە ناکۆکە لەگەڵ قورئان و سوننەت و واقیع و ڕاستیدا، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەم فەرمودەیە (مُرسَل)ە، واتە: (عروة) ناوی ئەو کەسەی نەهێناوە کە ئەو بەشەی فەرمودەکەی بۆ گێڕاوەتەوەو لە پێغەمبەری ﷺ بیستووە، وە فەرمودەی (مُرسَل)یش یەکێکە لەو بەشانەی فەرمودە کە کاری پێ ناکرێت، وە ئیمام موسلیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە پێشەکی صەحیحەکەیدا دەڵێت: (والمرسل من الروايات في أصل قولنا وقول أهل العلم بالأخبار ليس بحجة)[137]، واتە: (فەرمودەی (مرسل) لەوانەی کو گێڕدراونەوە لە بنچینەی ووتەکانمان و ووتەی زانایان نابێت بە بەڵگە)، وە هەروەها شێخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (والمرسل من أقسام الضعيف لأن الواسطة بين النبي ﷺ وبين من رفعه مجهول)[138]، واتە: (فەرمودەی (مرسل) لە جۆری فەرمودە لاوازەکانە، لەبەر ئەوەی لە نێوان پێغەمبەر ﷺو ئەوەی کە بەرزی کردۆتەوە بۆ لای ئەو کەسێکی نادیار هەیە).

**دووەم:** وە بەپێی ئەم فەرمودەیە بێت ئەوا کافریش لە دوا ڕۆژدا سوودو کەڵك لە کردەوە چاکەکانی وەر دەگرێت کە لە دنیادا ئەنجامی داون، بەڵام گومانی تێدا نیە کە پێچەوانەی ئایەتی قورئانە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَـٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴾[139]، واتە: (وە کردەوەی چاکی بێ باوەڕەکان دەکەین بە تەپ و تۆزوو غوبارێکی بە هەدەر ڕۆیشتوو وە لە دوا ڕۆژدا هیچ سودێکی لێ نابینن)، کە گومانیش

136 رواه البخاري في اخر الحديث رقم/٥١٠١.
137 صحيح مسلم، مقدمة امام مسلم ص١٣.
138 شرح المنظومة البيقونية، للشيخ محمد بن صالح العثيمين، ص٥٣.
139 الفرقان: ٢٣

لەوەدا نیە کە (ئەبو لەهەب)یش یەکێکە لە کافران و هیچ سودێك لەو کردەوە چاکانە ناکات کە لە دنیا ئەنجامی داون.

**سێیەم**[٧]: وە ئەوەی کە هاتووە لەو بەشەی ئەم فەرمودەیەدا، بریتیە لە بینینی ئەبو لەهەب لە خەودا، کە گومانیش لەوەدا نیە کە ئەحکامی شەرعی لەسەر خەون بنیات نانرێت و دانامەزرێت[١٤٠].

وە جگە لەوانەش مەرجێك لە مەرجەکانی قبولْ بوونی کردەوەکانی مرۆڤ, لای خوای پەروەردگار، بریتیە لە باوەڕ هێنان بەخوای گەورەو ئایینە پیرۆزەکەی، وە کافریش ئەگەر بڕواشی بە خوای گەورە هەبێت ئەوە لە هەمان کاتدا هاوبەش بۆ خوا دادەنێت هەروەك کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، کەواتە ئەو کردەوانەش کە ئەنجامی دەدات مەبەستی پێ نزیك بوونەوە نیە لە خوای پەروەردگار، وە خوای باڵا دەست لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَـٰتُهُمْ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ ﴾[١٤١]، واتە: (هیچ شتێك نەبوەتە ڕێگرو بەر بەست لە قبولْ بوونی ماڵ بەخشینەکانیان تەنها ئەوە نەبێت کە ئەوان کافر بوون بە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ)[١٤٢].

وە هەروەها لە هیچ سەنەدو ڕێگایەکی ڕاست و دروستەوە جێگیر نەبوەو نە سەلمێنراوە کە (ئەبو لەهەب) دڵخۆش بوبێت بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە (ثویبة) مژدەی بە (ئەبو لەهەب) دابێت بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە (ئەبو لەهەب)یش (ثویبة)ی ئازاد کردبێت بە هۆی ئەوەی کە مژدەی پێ دابێت بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە هیچ لەمانەش جێگیر نەبون و نە سەلمێنراون و بەڵگەی ڕاست و دروستیان لەسەر نیە، وە هەر کەسێکیش بانگەشەی جێگیر بوونی شتێك بکات، ئەوا پێویستی بە بەڵگە هەیە بۆ سەلماندنی ئەو شتەی کە بانگەشەی بۆ دەکات.

وە بە پێچەوانەوە ئەوەی کە سەلمێنراوەو جێگیر بووە بە بەڵگەوە، ئەوەیە کە (ئەبو لەهەب) دوای هیجرەت و کۆچی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە بۆ مەدینە (ثویبة)ی ئازاد کردووە، نەك وەکو ئەوان دەڵێن. وە بەڵگە مێژووییەکان و شارەزایانی سیرەو مێژوو نوسان ئەوە دەسەلمێنن کە دوای چەند ساڵێکی زۆر ئینجا (ئەبو لەهەب) (ثویبة) ی ئازاد کردووە.

وە هەر (ابن حجر العسقلاني) خۆی لە جوزئی چوارەمی (الإصابة في تميز الصحابة)داو لە لاپەڕە (٢٥٠)دا ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (ابن سعد دەڵێت: (الواقدي) هەواڵی پێداوین لە کەسانێکی زۆر لە ئەهلی عیلم کە وتویانە: (ثويبة) شیر دەری پێغەمبەر ﷺ بووە، وە پێغەمبەر ﷺ تا لە مەککە بوو دەچوو بۆ لای و سەردانی دەکرد، وە خەدیجە ڕەزای خوای لێ بێت زۆر ڕێزی لێ دەگرت، وە ئەو (واتە ثويبة) هەر موڵکی (ئەبو لەهەب) بوو، وە (خەدیجە) ڕەزای خوای لێ بێت داوای لێ کرد کە پێی بفرۆشێت بەڵام (ئەبو لەهەب) ڕازی نەبوو، وە کاتێك پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە ئینجا (ئەبو لەهەب) (ثويبة)ی ئازاد کرد).

---

140 بڕوانە: فتح الباري بشرح صحيح البخاري، مجلد ٩ ص/٥٤.

141 التوبة: ٥٤

142 بڕوانە: (شرح الورقات في أصول الفقه)، للشيخ/عبدالله بن صالح الفوزان، ص/(٦٤).

وە هەروەها ئیمام (الحافظ أبو عمر بن عبدالبر) لە کتێبی (الإستيعاب في اسماء معرفة الأصحاب) جوزئی یەك لاپەڕە (١٢)دا دەڵێت: (ئامینە) لە (عبدالله) پێغەمبەری ﷺ بوو، وە (هالە)ش لە (عبدالمطلب) (حمزە)ی بوو، وە (ثويبة) شیری دا بە حمزەو پێغەمبەر ﷺ، وە لەگەڵ ئەوانیش شیری دەدا بە (أبو سلمة کوڕی الأسد)، وە پێغەمبەر ﷺ زۆر ڕێزی لە (ثويبة) دەگرت، وە دوای ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ (خەدیجە)ی ڕەزای خوای لێ بێت گواستەوە، (ثويبة) سەردانی پێغەمبەری ﷺ کرد، وە (خەدیجە)ش ڕەزای خوای لێ بێت زۆر ڕێزی لێ گرت، وە پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە، (ئەبو لەهەب) (ثويبة)ی ئازاد کرد، وە پێغەمبەریش ﷺ پۆشاك و شتی بۆ دەنارد تا ئەو کاتەی لە دوای فەتحی (خەیبەر) (ثويبة) کۆچی دوایی کرد، وە هەواڵی مردنیان گەیاند بە پێغەمبەر ﷺ، ئەویش پرسیاری کرد لە (مسروح)ی کوڕی کە بە شیری ئەو شیری دابوو بەوانیش،پێیان وت: ئەویش مردووە، وە پرسیاری کرد لە خزمە نزیکەکانی: وتیان: هیچ کەسێکیان نەماوە).

وە هەروەها زۆری تریش لە مێژوو نوسان هەر ئاوا باسیان کردووە، لەوانە: کتێبی (طبقات ابن سعد) ناو نیشانێکی سەربەخۆ هاتووە بە ناوی (ذكر من ارضع رسول الله ﷺ و تسمية إخوته و أخواته من الرضاعة) جوزئی یەك لاپەڕە (١٠٨)، وە هەروەها (أبو الفرج ابن الجوزي) لە کتێبی (الوفا بأحوال المصطفى) جوزئی یەك لاپەڕە (١٠٦ و ١٠٧) بە هەمان شێوە باس لەو بابەتە دەکات.

وە هەروەها لەوانەیە بوترێت: ئەوەتا (ئەبو طالب) سزاو ئازاری لەسەر سوك بوو، چونکە زۆر یارمەتی پێغەمبەری ﷺ دەدا، ئەی چۆن نابێت بە دڵخۆش بوونی (ئەبو لەهەب) بە لە دایك[١٤٣] بوونی پێغەمبەر ﷺ خوای گەورە سزای لەسەر سوك بکات؟

**لە وەڵامدا دەڵێین:**

سوك بوونی سزا لەسەر (ئەبو طالب) بە بەڵگەی ڕاست و دروست لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بووەو هیچ گومانێکی لەسەر نیە، بەڵام ئەوەی لەو (مُرْسَل)ەداو لەسەر (ئەبو لەهەب) هاتووە، تەنها قسەی (ئەبو لەهەب)ە کە لە خەودا بینراوە، ئەم دوانەش زۆر لێك دوورن، تەنها بەوە (واتە ئەوەی (ئەبو طالب) فەرمودەی ڕاست و دروستی لەسەرەو هی (ئەبو لەهەب) تەنها قسەی خۆیەتی کە لە خەودا بینراوە)، ئەو شوبهەیە پوچەڵ دەبێتەوە کە دەیکەن بە بەڵگەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان.

وە هەروەها (ئەبو لەهەب) لە هەموو کەس زیاتر دوژمنایەتی پێغەمبەری ﷺ کردووە، وە گەورەترین ئەزیەت و ئازاری پێغەمبەری ﷺ دەدا. وە گریمان (ئەبو لەهەب) دڵخۆش بووە بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و (ثويبة)شی ئازاد کردووە بە هۆی ئەوەی کە مژدەی داوەتێ بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، ئەوا بە ڕاستی دژایەتی کردنی بۆ پێغەمبەر ﷺ لە دوای ناردنی وەك پێغەمبەر، وە زیادە ڕەوی کردنی لە دژایەتی کردنیدا؛ ئەوە هەموو ئەو دڵخۆشیی و بەختەوەریەی کە هەی بووە بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و ئازاد کردنی (ثويبة)و جگە لەوانەش هەر کردەوەیەکی چاکەی تریش کە هەی بوبێت، ئەوا هەموویان هەڵ دەوەشێنەوەو هیچ سودێکی پێ

---

[١٤٣] گریمان (ئەبو لەهەب) دڵخۆش بووە بە لە دایك بوونی (محمد) ﷺ، بەڵام ئەم دڵخۆش بوونە شتێکی ئاساییە لە هەموو کەسێکدا موسڵمان بێت یان کافر، مەبەستی لەو دڵخۆشی و شادی دەربڕینە نزیك بوونەوە بێت لە خوای پەروەردگار یان نا؛ وە گومان نیە لەوەشدا کە ئەگەر (ئەبو لەهەب) دڵیشی خۆش بووبێت بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، ئەوە هەر ئەو دڵخۆشیەیە کە لە هەموو کەسێکدا هەیە کاتێك توشی خێرو خۆشیەك دەبن، ئەگەر نا دژایەتی پێغەمبەری ﷺ نەدەکرد کاتێك دەبوو بە پێغەمبەرو پەیامی ئیسلامی ڕادەگەیاند.

ناگەیەنن، جا کەسێك ئەوە حاڵی بێت و هەموو کردەوەکانی هەڵ بوەشێنەوەو هیچ سودێکیان لێ نەبینێت، خەونێك کە پێوەی بینراوە چ سودێکی پێ دەگەیەنێت؛ چ جای ئەوەی بکرێت بە بەڵگەیەك لەسەر دروستێتی و شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان.

وە هەروەها پێیان دەوترێت: بە ڕاستی زۆر ئایەتی قورئان دەلالەت دەکەنە سەر ئەوەی کە عەزاب و سزا لەسەر کافران سوك ناکرێت، کە ئەمەش لە زۆر ئایەت دا هاتووە، لەوانە:

✓ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَٰلِكَ نَجْزِى كُلَّ كَفُورٍ ۝ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴾[144]، واتە: (وە ئەوانەی کە کافر بوون و دژایەتی ئەو ئایەت و بەڵگانەیان دەکرد کە لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە بۆیان هاتبوو، وە هەروەها ئینکاری گەیشتن بە لیقاو دیداری خوای گەورەیان دەکرد، ئەوە ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیەو تێیدا عەزاب و سزا دەدرێن بە توندترین سزاو عەزاب، وە نە بڕیاری مردنیشیان بۆ دەدرێت تا بمرن و ڕزگاریان بێت لە سزاو ئازارو عەزاب، وە نە سزاو عەزابەکەشیان لەسەر سوك دەکرێت، بەڵکو لە هەموو کات و ساتێکدا لەسەریان بەردەوامەو کۆتایی نایات، وە بەو شێوەیە سزاو عەزابی هەموو بێ باوەڕو کافرێك دەدەین. وە ئەوان هاوار دەکەن و بانگ دەکەن و دەپاڕێنەوەو دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان دەرمان بهێنەو ڕزگارمان بکە تابگەڕێینەوەو کاری چاك ئەنجام بدەین پێچەوانەی ئەو کارانەی کە پێشتر ئەنجاممان داون، ئینجا پێیان دەوترێت: ئایا تەمەنمان درێژ نەکردن بە شێوەیەك کە هەر کەسێك مەبەستی بوایە دەیتوانی بیر بکاتەوە کە چ کارو کردەوەیەك ئەنجام دەدات و بگەڕێت بە دوای ڕێگای ڕاستدا، وە هەروەها پێغەمبەرتان بۆ هات کە ڕێگای ڕاستتان بۆ ڕوون بکاتەوەو بتان ترسێنێت لە سزای خوای گەورە، بەڵام وریا کردنەوەو ئامۆژگاری هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن بۆیە دە بچێژن لەو سزاو عەزابە، وە بێ باوەڕان و ستەمکاران هیچ سەرخەرو پشتیوانێکیان نیە کە دەریان بهێنێت یان سزاو عەزابەکەیان لەسەر سوك بکات)، وە (ئەبو لەهەب) لەوانەیە کە ئەو دوو ئایەتەی لەسەر جێ بەجێ دەبێت بەهۆی کافر بوونی بە خوای گەورەو توندی دوژمنایەتی کردنی بۆ پێغەمبەر ﷺ و ئەزیەت دانی.

✓ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُواْ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ وَنَادَوْاْ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴾[145]، واتە: (بە ڕاستی موجریم و تاوانبارەکان ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون بە خوای گەورەو ئاینە پیرۆزەکەیان بە درۆ دەزانی، لە سزاو عەزابی دۆزەخدا دەمێننەوە بۆ هەتا هەتایی و بۆ کاتێکیش ئەو سزایەیان لەسەر لاناچێت و سوك نابێت لە سەریان، وە بێ ئومێد دەبن لە ڕەحمەتی خواو هیچ هیوایەکیان نیە بۆ ڕزگار بوون تێیدا، وە ئێمە هیچ ستەممان لێ نەکردوون بەڵکو ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد بەوەی بێ باوەڕ بوون بە خوای گەورەو باوەڕیان نەهێنا، وە بانگی مالیك (دەرگاوانی دۆزەخ) دەکەن و دەڵێن: با خوای پەروەردگارت بمان

---

[144] فاطر: ٣٦- ٣٧

[145] الزخرف: ٧٤- ٧٨

مرێنێت و ڕزگارمان بکات لەو عەزاب و سزایەی کە تێیداین، (مالـك)یـش پێیـان دەڵێـت: ئێـوە بـە بـەردەوامی تێیـدا دەمێننەوەو هەرگیز لێی دەرناچـن، وە ئێمـە حـەق و ڕاسـتیمان بـۆ نـاردن تـا شـوێنی بکـەون بـەڵام ئێـوە شـوێنی نەکەوتن و وە زۆربەتان دژایەتی ئەو حەق و ڕاستیەتان دەکرد، وە بەهۆی ئەو دژایەتی و سەر کەشیەتانەوە توشـی ئەو سزاو ناڕەحتیە بوون و هەرگیز بەختەوەری بە دوادا نایات)، وە (ئەبو لەهەب) یەکێکە لەوانەی کە ئەو ئایەتـەی لەسەر جێ بەجێ دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو حەقە لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ هاتووە، وە ئەو زۆر ڕقی لـەو حەقـە بوو وە نەشی دەویست کە شوێنی بکـەوێت، وە دژایـەتی ئـەوەشـی دەکـرد کـە هێناویـەتی کـە (پێغەمبـەرە ﷺ) و ئەزیەتی دەدا بە توندترین دوژمنایەتی و ئازاردان.

✓ خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِهِۦ ۖ وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا ۖ مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَـٰهُمْ سَعِيرًا ۝ ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَقَالُوٓا۟ أَءِذَا كُنَّا عِظَـٰمًا وَرُفَـٰتًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴾[146]، واتە: (هەر کەسێك خوای گەورە هیدایەتی بدات ئـەو بـە ڕاستی لەسەر هیداتە، وە هەر کەسێکیش شوێن گومڕایی بکەوێت و پشت لەو هیدایەتە بکات، ئـەوە بەڕاسـتی هـیچ هیدایەت دەرو ڕێنمایی کارێکی نیە جگە لە خوای گەورە، وە لە ڕۆژی دواییشدا ئەو کەسانە کۆ دەکەینـەوە بەسـەر ڕوویاندا بە کوێری و کەڕو لاڵی، وە جێگەیان دۆزەخەو هەر کاتێکیش گەرماو بڵێسەی ئاگرەکە دامرکایـەوە دووبـارە بڵێسەو گڕی ئاگرەکە زیاد دەکەین لەسەریان، ئەوەش سزای ئەو کـافر بـوون و بـێ باوەڕیەیانـە کـە هـەیان بـوو بـە ئایەتـەکانی خـوای پـەروەردگار، وە دەیـان ووت: ئایـا ئەگـەر ئێمـە بووینـەوە بـە ئێسك و پروسـك و ڕزایـن لـەناو گۆڕەکانماندا جارێکی ترو سەر لە نوێ زیندوو دەکرێینەوەو لێ پرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت؟)، وە (ئەبو لەهەب) یەکێکە لەوانەی کە ئەو ئایەتانەی بەسەردا جێ بە جـێ دەکرێـت بـەهۆی ئـەوەی کـە کـافرە بـە ئایەتـەکانی خـوای گەورەو بە درۆ زانینی پێغەمبەر ﷺ و زیادە ڕەوی کردن لە دوژمنایەتی کردنی و ئەزیەت دانی.

وە لە سەروو هەموو ئەمانەشـەوەو گـەورەترین بەڵگـە کـە بدرێتـەوە بـە ڕوویانـدا، ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە سوڕەتێکی قورئانی پیرۆزی بە تایبەت و بـە نـاوی (ئـەبو لەهـەب)ەوە دابەزانـدووە، کـە هـیچ گومانێـك ناهێڵێتـەوە دەربارەی ئەوەی کە (ئەبو لەهەب) هیچ سودو کەڵکێك لەو کارو کردەوانە وەر ناگرێت کە لە دنیادا ئەنجامی داوون، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴾[147]، واتە: (دەك خەسـارەت مەنـد بێـت و بفـەوتێت و لـەناو بچێت هەردوو دەستەکانی (ئەبو لەهەب) وە خەسارەت مەنـد بـوو و فـەوتاو لـەناو چـوو)، وە ئایـەتی دووەمـی ئـەم سوڕەتە پیرۆزە زیاتر شوبهەکەیان پوچەڵ دەکاتەوەو لێیان دەکات بە بڵقـی سـەر ئـاوو سـوکترو سـادەتر لـە مـاڵی جاڵجاڵۆکـە، کـە دەفـەرموێت: ﴿ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴾[148]، واتـە: (مـاڵ و سـامان و ئـەو کـارو کردەوانەی ئەنجامی داوون، هیچ سوودێکیان لێ نابینێت و ڕزگاری ناکەن لە سزاو ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی دوایی). وە

146 الإسراء: ٩٧- ٩٨
147 المسد: ١
148 المسد: ٢

تا کۆتایی سورەتەکە کە (پێنج) ئایەتە، هەمووی تایبەتە بە (ئەبو لەهەب)و خێزانەکەی، کە هەمویان توشی بەڵاو موصیبەت هاتن و لەناو چوون[149].

## شوبهەی پێنجەم:

وە شوبهەیەکی تر کە بە دەستیانەوەیەو دەیکەن بە بەڵگە، ئەو فەرمودەیەیە کە لە (ابن مسعود)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت گێڕدراوەتەوە کە فەرمویەتی: (ما رآه المسلمون حسناً فهو عند الله حسن، وما رآه المسلمون قبيحاً فهو عند الله قبيح)[150]، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (ما رآه المسلمون سيئاً فهو عند الله السئ)، وە دەڵێن بەو پێیە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، کارێکی چاکەو موسڵمانان بە چاکیان داناوەو بۆیە لای خوای گەورەش چاکە.

شێخ (سليم الهلالي) لە کتێبی (البدعة و أثرها السئ في الأمة)داو دەربارەی ئەم فەرمودەیە دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە بە ڕاست و دروستی ناچێتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو لە ووتەکانی (ابن مسعود)ە ڕەزای خوای لێ بێت، وە (العجلوني) لە کتێبی (كشف الخفاء) (٢/٢٦٣)دا کە لە (حافظ ابن عبدالهادي) وەری گرتووە، دەڵێت: (لە ئەنەسەوە بە مەرفوعی هاتووە، بەڵام بە اسنادێکی (ساقط) وە ڕاستتر ئەوەیە کە مەوقوفە لەسەر ابن مسعود)، وە هەروەها زانای پایە بەرز شێخ (محمد ناصر الدين الألباني) لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة) (٢/١٧)دا دەڵێت: (هیچ بنچینەیەکی نیە کە گەیشتبێتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو بە مەوقوفی لەسەر (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت وەستاوە)[151].

کەوابوو فەرمودەکە ناگاتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ و وە دروستیش نیە لێرەداو بۆ بە شەرعیەت دانانی بیدعەیەکی وەك مەولود خوێندنەوە بکرێت بە بەڵگە، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ فەرمودەی (أن كل بدعة ضلالة).

وە مەرجیش نیە هەر کارێك کە زۆربەی موسڵمانان ئەنجامیان دا کارێکی پەسند کراوو باش بێت و لای خوای گەورەش باش بێت و پێی ڕازی بێت، وە شێخ (حمود بن عبدالله التويجري) لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێت: (بە ڕاستی مەبەستی (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ، نەك هەر کەسێك لە موسڵمانان و ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام)[152]، کەواتە مەبەست لە (کۆڕای موسڵمانان) بریتی نیە لە کۆڕای هەموو موسڵمانان لەسەر کارێك بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو مەبەست لە (کۆڕای موسڵمانان) بریتیە لە کۆڕای زانایان و ئەهلی عیلم، وە شێخ (سليم الهلالي) دەڵێت: (کۆڕای زانایان هیچ گومانی تێدا نیە کە بەڵگەیە، وە کۆڕای بنچینەیی

---

149 بۆ زیاتر شارەزا بوون و وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم فەرمودەیەو هەڵوەشاندنەوەی شوبهەکانیان بگەڕێوە بۆ هەردوو کتێبی (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي) لاپەڕە (١١٩ – ١٢٥)، وە هەروەها کتێبی (القول الفصل في حكم الإحتفال بمولد خير الرسل) لاپەڕە (٤٨٥ – ٤٩٠).

150 رواه: أحمد (٣٧٩/١)، والطيالسي في مسنده (٢٣)، واخطيب في (الفقيه والمتفقّه) (١٤٦/١)، والحاكم (٧٨/٣)، والبزّار رقم (١٣٠)، وأبو نُعيم في الحلية (٣٧٥/١)، وابن الأعرابي (٨٩١)، والطبراني في الكبير (٨٥٨٢و٨٥٨٣و٨٥٩٣)، والبغوي في (شرح السنة) (١٠٥)، والبيهقيفي (المدخل) (رقم٤٩)، وغيرهم. وقال السخاوي في (المقاصد الحسنة) رقم (٩٥٩) (وهو موقوف حسن).

151 البدعة وأثرها السئ في الأمة، للشيخ سليم الهلالي، ص/٢١.

152 الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي ص

و باوەڕ پێ كراو بریتیە لە كۆڕای زانایان لە سەر دەمێكدا، وە هیچ گومانیش لەوەدا نیە كە ئەوانەی لەسەر ڕێ ڕۆشنی نین و خەریكی لاسایی كردنەوەو ئەنجام دانی كاری بێ بەڵگەن (المقلدين)، بە زاناو ئەهلی عیلم دانانرێن)[153].

وە هەروەها دەڵێت: (وە ئەوەش كە ئەو بابەتە ڕوونتر دەكاتەوە ئەوەیە كە (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت لە هەموو هاوەڵان زیاتر دژایەتی و ئینكاری بیدعەی كردووەو بیدعەچیانی هەجر كردووە)[154].

وە خوێندنەوەی مەولودو ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ كە بیدعە بێت و بەڵگەی لەسەر نەبێت، چۆن دەبێت ئەم فەرمودەیەی (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت بكرێت بە بەڵگە لەسەری و بوترێت مادام موسڵمانان بە باشی دەزانن ئەوە لای خوای گەورەش باشە!!! لە كاتێكدا پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إن الله لا يجمع امتي –أو قال: أمة محمد ﷺ– على الضلالة)[155] واتە: ( خوای گەورە ئوممەتەكەم –یان ووتی: ئەم ئوممەتە– لەسەر گومڕایی كۆ ناكاتەوە).

كەواتە هەرگیزاو هەرگیز زانایانی ڕاستەقینەو ڕۆچوان لە زانستی شەرعیدا كۆنابنەوەو بڕیار لەسەر دروستی ئەم ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەیە نادەن، چونكە دڵنیان لەوەی كە بیدعەیەو هەموو بیدعەیەكیش گومڕاییەو هەموو گومڕاییەكیش لە ئاگردایە.

153 البدعة وأثرها السيئ في الأمة ص٢١.

154 البدعة وأثرها السيئ في الأمة ص/٢٢.

155 صحيح، رواه الترمذي، ٢١٦٧.

# بەشی سێیەم

# ئەو شوبهانەی کە ڕاو بۆچونن

**شوبهەی یەکەم:**

بانگەشەی ئەوە دەکەن و دەڵێن: ئەو مەولود خوێندنەوەو ئاهـەنگ گێڕانانـە مایـەی بـە گـەورە زانـین و بـەڕێز دانانی پێغەمبەرە ﷺ.

لە وەڵامی ئەم ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:بە ڕاستی بە گەورە زانین و ڕێز دانان بۆ پێغەمبەر ﷺ بە گوێ ڕایـەڵی کردن و جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆشویستنی و خۆ پاراستن و دوور کەوتنەوە لە لە نەهیەکانی دەبێت، نـەك بە ئەنجام دانی بیدعەو شتی پڕو پوچ و گوناهو تاوان، وە ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبـەر ﷺ لەم ڕووەوە زەم کراوە، لەبەر ئەوەی سەرپێچی کردنـە لـە سـوننەتەکانی، وە هـاوەڵان ڕەزای خوایـان لـێ بێـت لـە هەموو کەس زیاتر پێغەمبەریان ﷺ خۆش دەویست و بە گـەورەیان دادەنـا، وەك (عـروەی کـوڕی مـسعود) بـە قوڕەیش دەڵێت: (أي قوم ، والله لقد وفدت على الملوك ، ووفـدت علـى قيـصر ، وكـسرى ، والنجاشـي ، والله إن رأيت ملكا قط يعظمه أصحابه ما يعظم أصحاب محمد صلى الله عليه وسلم محمدا ، والله إن تـنخم نخامـة إلا وقعـت في كف رجل منهم ، فدلك بها وجهه وجلده ، وإذا أمرهم ابتدروا أمره ، وإذا توضأ كادوا يقتتلون علـى وضـوئه ، وإذا تكلم خفضوا أصواتهم عنده ، وما يحدون إليه النظر تعظيما له)[156]، واتە: (ئەی قەوم: سوێند بە خوا بە وەفدو نوێنـەر ڕۆیشتووم بۆ لای زۆر لە پاشاو فەرمان ڕەواکان، ڕۆیشتووم بۆ لای قەیصەرو کیسراو نەجاشی، سـوێند بـەخوا هـیچ پاشاو فەرمان ڕەوایەکم نەبینیوەکە هاوەڵانی بە گەورەیان زانیبێت هێندەی ئەوەی هاوەڵانی محمـد ﷺ محمـد بـە گەورە دەزانن، وە سوێند بە خوا ئەگەر تف و بەڵغەم فڕێ بدات ئەوە لە دەستی یەکێك دایە لەوان و، وە دەیهێنێـت بە دەم و چاوو پێستیدا، وە ئەگەر فەرمانێکیان پێ بکات پێش برکێ دەکەن لە جـێ بـەجێکردنی فەرمانەکـەی، وە ئەگەر دەست نوێژ دەگرێت نزیکە کوشتار بکەن لەسەر ئاوی دەسـت نوێژەکـەی، وە ئەگـەر قـسە دەکـات دەنگیـان نزم دەکەنەوە لەلای ئەو، وە بەردەوام بە چاوی ڕێـزو گـەورە دانانـەوە تێـی دەڕوانـن)، وە لەگـەڵ ئـەو بـە گـەورە دانانەشیان بۆ پێغەمبـەر ﷺ، ڕۆژی لە دایك بوونیان نـەکرد بـە جـەژن و ئاهـەنگی تێدا بگێـڕن، وە ئەگـەر کـارێکی شەرعی و ڕێگە پێدراو بوایە، ئەوا بە دڵنیایی یەوە ئەنجامیان دەداو وازیان لێ نەدەهێنا.

---

[156] صحيح البخاري: ٣/١٧٨، رقم: ٢٧٣١ – ٢٧٣٢، الفتح: ٥/٣٨٨. و النـسائي (٢٧٧١)، وأبـو داود (١٧٥٤، ٢٧٦٥، ٢٧٦٦، ٤٦٥٥)، وابن ماجه (٢٨٧٥).

## شوبهەی دووەم:

وە شوبهەو بەڵگەیەكی تریان ئەوەیە: كە خەڵكانێكی زۆرو لە زۆربەی وڵاتان ئەم كارە ئەنجام دەدەن، واتە (مەولود دەخوێننەوەو ئاهەنگ دەگێڕن بەم بۆنەیەوە).

بۆ وەڵامی ئەم شوبهەیەش دەڵێین: بەڵگەو دەلیل ئەوەیە كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیرو سابت بووبێت، وە ئەوەش كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بووە ئەوەیە كە نەهی كردووە لە ئەنجام دانی بیدعە بە شێوەیەكی گشتی، وە ئەو ئاهەنگ گێڕانەش یەكێكە لەو بیدعانە، وە هەروەها كارو كردەوەی خەڵكیش ئەگەر پێچەوانەی بەڵگەو دەلیل بوون، ئەوە نابێت بە بەڵگە ئەگەر خەڵكێكی زۆریش بن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ﴾[١٥٧]، واتە: (ئەگەر گوێ ڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بكەیت كە لەسەر زەوین و گومڕا بوون، ئەوا تۆش گومڕا دەكەن و لە ڕێگای خوا لات دەدەن)، لەگەڵ ئەوەشدا –سوپاس بۆ خوا– بەردەوام و لە هەموو سەردەمێكدا خەڵكانێك هەبوون كە ئینكاری بیدعەیان كردووەو ڕوونیان كردۆتەوە كە شتێكی باطل و پوچ و بێ ناوەڕۆكە، وە كردەوەی ئەو كەسەش كە بەردەوامە لەسەر زیندوو كردنەوەی ئەو بیدعەیە نابێت بە بەڵگە دوای ئەوەی كە حەق و ڕاستیەكە ڕوون كرایەوە.

وە لەوانەی كە ئینكاری ئاهەنگ گێڕانیان كردووە بەو بۆنەیەوە، شێخی ئیسلام (ابن تيمية) لە كتێبی (اقتضاء الصراط المستقيم)دا،وە ئیمام (الشاطبي) لە كتێبی (الإعتصام)دا، وە (ابن الحاج) لە كتێبی (المدخل)دا، وە شێخ (تاج الدين علي بن عمر اللخمي) كتێبێكی سەربەخۆی داناوە لەسەر ئینكاری كردنی، وە شێخ (محمد بشير السهسواني) لە كتێبی (صيانة الإنسان)دا، و سيد (محمد رشيد رضا[١٥٨]) نامیلكەیەكی سەربەخۆی لەسەر ئەم بابەتە داناوە، وە شێخ (محمد بن ابراهيم آل الشيخ[١٥٩]) بە هەمان شێوە نامیلكەیەكی سەربەخۆی داناوە لەسەری، وە شێخ (عبدالعزيز بن باز) و جگە لەوانیش كەسانێكی زۆر بەردەوام و لە هەموو ساڵێكدا لەسەر ئینكاری كردنی ئەم بیدعەیە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان دەنوسن، لەو كاتانەی كە ئەم بیدعەیە ئەنجام دەدەن.

---

157 الأنعام: ١١٦

158 ئەم زانایە لە بنچینەدا خەڵكی بەغدایەو لە ساڵی (١٢٨٢)ی كۆچی لە دایك بووە، خاوەنی گۆڤاری (المنار) بووەو تەفسیری قورئانیشی نوسیوە بە ناوی (تفسير القرآن الحكيم) كە بە تەفسیری (مەنار) ناسراوە بەڵام تەواوی نەكردووە، وە لەساڵی (١٣٥٣)ی كۆچی، كۆچی دوایی كردووە.

159 ناوی (محمد بن ابراهيم بن عبداللطيف بن عبدالرحمن بن حسن بن الإمام محمد بن عبدالوهاب)ە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، لە (١٧/محرم/١٣١١)ی كۆچی لە دایك بووە، وە لە ژێر چاودێری باوكیدا پەروەردەیەكی باش دەكرێت و هەر بە منداڵی قورئان تەواو دەكات، وە لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا چاوەكانی لە دەست دەدا، وە ئەمەش نەك هەر هیچ كاریگەریەكی خراپی لەسەر نابێت، بەڵكو گەرج و گۆڵتر دەبێت لەسەر بەردەوامی لەسەر خوێندن و بەشداری كردنی لە وانەو كۆڕی زانایاندا.

وە چەندەها زاناو شارەزای گەورە وانەی شەرعیان لا خوێندووەو لەژێر دەستیدا پێ گەیشتوون، تا لە (٢٤/رمضان/١٣٨٩)ی كۆچی، كۆچی دوایی دەكات. وە لەدوای خۆی چەندین فەتواو كتێب و نامیلكەو بابەتی تری بەجێ هێشتووە كە لە چەند بەرگێكدا كۆكراونەتەوەو بڵاوكراونەتەوە.

**شوبهەی سێیەم:**

وە شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن: بە ڕاستی لەو مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانانەدا، زیکرو یادی پێغەمبەر ﷺ زیندوو دەکرێتەوە.

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین: بە ڕاستی زیکرو یادی پێغەمبەر ﷺ بەردەوام لەگەڵ مرۆڤی موسڵماندا نوێ دەبێتەوە، وە دڵی بەو زیکرانەوە بەستراوەتەوە هەر کاتێك گوێ بیستی ناوی پێغەمبەر ﷺ دەبێت لەکاتی بانگ و قامەت و وتارەکاندا، وە هەر کاتێك شایەتومان دێنێت لە دوای دەست نوێژو لە نوێژەکانیداو لە کاتی سەڵاوەت دانی لەسەر پێغەمبەر ﷺ و لە کاتی زیکر کردنیدا، وە لە کاتی ئەنجام دانی کاری چاکەدا جا واجب بێت یان سوننەت، بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوەو بۆ ئێمەی بەشەرع داناوە. ئا بەم شێوەیە بەردەوام پێغەمبەری ﷺ لە یادەو پاداشت و خێری پێ دەگات، بۆیە مرۆڤی موسڵمان بەردەوام یادی پێغەمبەر ﷺ زیندوو دەکاتەوەو دڵی پێیەوە بەستراوەو بەشەوو ڕۆژو بە درێژایی تەمەنی و بەو شێوەیەش کە خوای پەروەردگار بۆی بەشەرع داناوین، نەك تەنها لە ڕۆژی لە دایك بوونیداو بەس، وە لە کاتێکدا بیدعەیەو پێچەوانەی سوننەتەکانیەتی، وە بەو کارەش دوور دەکەوێتەوە لە پێغەمبەر ﷺ و بێبەریشە لێی.

وە پێغەمبەر ﷺ بێ پێویستە لەو ئاهەنگ گێڕانە بیدعەیی یە کە پێچەوانەی ئەو بە گەورە دانان و ڕێز بەخشینەیە کە خوای گەورە پێی داوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴾[160]، کە هەر کاتێك باس و یادی خوای گەورە بکرێت لە بانگ و قامەت و وتارەکاندا، ئەوا ئیللا لە دوای ئەو؛ باس و یادی پێغەمبەر ﷺ دەکرێت، وە ئەوەش بەسە بۆ بە گەورە دانان و خۆش ویستن و نوێ بوونەوەی زیکرو یادی و سوور بوون لەسەر شوێن کەوتنی سوننەتەکانی.

وە خوای گەورەش لە قورئاندا هیچ منەتی بەسەر موسڵماناندا نەکردووە بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، بەڵکو منەتی بەسەردا کردوون بە ناردنی وەك پێغەمبەر؛ خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴾[161]، واتە: (بە ڕاستی خوای گەورە منەتی بەسەر موسڵماناندا کردوەو نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون بەوەی کە پێغەمبەرێکی لەناو خۆیاندا بۆ ناردوون)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾[162]، واتە: (ئەو خوایەی کە لەناو خۆیاندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون).

**شوبهەی چوارەم:**

وە شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن: مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ پاشایەکی دادپەروەرو شارەزا دایهێناوەو مەبەستی نزیك بوونەوە بووە لە خوای گەورە.

---

160 الشرح/٤

161 آل عمران: ١٦٤

162 الجمعة: ٢

وەڵامی ئەوەش ئەوەیە کە: بیدعە لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکرێت؛ جا ئەو کەسە هەر کەسێك بێت، وە لە هەمان کاتدا نیەت پاکیش کاری ناشەرعی و خراپ حەڵاڵ ناکات ئەمە لە لایەك، وە لە لایەکی تریشەوە ئەو کەسە کە شارەزاو دادپەروەر بووە ئەوەی لێ ناخوێنرێتەوەو وەر ناگیرێت کە کەسێکی بێ تاوان و مەعصوم بووە.

## شوبهەی پێنجەم:

وە شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن: بە ڕاستی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان لە بیدعە چاکەکانە (البدعة الحسنة)؛ لەبەر ئەوەی سوپاس کردنی خوای گەورەیە لەسەر لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ.

ئەم شوبهەیەش بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە: لە بیدعەدا هیچ شتێکی چاك و باش نیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن أحدَثَ في أمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ)[١٦٣]، وە هەروەها فەرمویەتی: (فإنَّ كل بدعة ضلالة)؛ بە پێی ئەم فەرمودانە پێغەمبەر ﷺ حوکمی دا بەسەر هەموو بیدعەیەکدا کە گومڕایی یە، کەچی ئەوانیش دەڵێن: هەموو بیدعەیەك گومڕایی نیە، بەڵکو ئەمە بیدعەیەکی چاك و حەسەنەیە ! ! !

(ابن رجب) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە شەرحی (الأربعون النووية)دا دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: (كل بدعة ضلالة)، ئەوە یەکێکە لە قسە کۆکراوەو پڕ ماناکانی پێغەمبەر ﷺ و وە هیچ شتێکی لێ دەرناچێت، وە بنچینەیەکی گەورەو سەرەکیە لە بنچینەکانی دین، وەك ئەو فەرمودەیەی وایە کە دەفەرموێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد)[١٦٤]؛ وە هەر کەسێك شتێك دابهێنێت و بیداتە پاڵ دین و وە هیچ بنچینەیەکیشی نەبێت لە دیندا کە بۆی بگەڕێتەوە، ئەوە گومڕایی یەو دینی پیرۆزی ئیسلام بەریە لەو کارە داهێنراوە، وە ئەمەش هەموو بابەتەکانی عەقیدەو بیرو باوەڕو کردارەکان و وتە ئاشکراو پەنهانەکان دەگرێتەوە)[١٦٥].

وە ئەوانەش هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە لەسەر ئەوەی کە ئەم بیدعەیە، بیدعەیەکی چاك وباشە تەنها چەند شتێك نەبێت، ئەوانیش:

أ- وتەی (عمری کوڕی خطاب) ڕەزای خوای لێ بێت کە دەربارەی نوێژی (تەڕاویح) فەرموی: (نعمت البدعة هذه).

ب- وە چەند شتێکیش داهێنراون و هاوەڵان و پێشین ئینکاریان نەکردووە؛ وەك: کۆکردنەوەی قورئان لە یەك کتێبدا، وە نوسینەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

### وە وەڵامی ئەم شوبهانەش ئەوەیە کە:

ئەم کارانە هەمویان بنچینەیەکیان هەیە لە شەرعداو بیدعە نین:

➢ عومەری کوڕی خطاب ڕەزای خوای لێ بێت کە فەرمویەتی: (نعمت البدعة هذه) مەبەستی بیدعە بووە لە ڕووی زمانەوانیەوە نەك لە ڕووی شەرعیەوە، وە هەر شتێك بنچینەیەکی هەبێت لە شەرعداو بگەڕێتەوە سەری، وە وتراش ئەوە بیدعەیە؛ ئەوە لێرەدا مەبەست لێی بیدعەی زمانەوانیە نەك بیدعەی شەرعی، چونکە بیدعەو داهێنان لە شەرعدا هیچ بنچینەیەکی نیە کە بگەڕێتەوە سەری.

---

[163] سبق تخريجه

[164] سبق تخريجه

[165] جامع العلوم والحكم ص/٢٣٣.

➢ وە (تەڕاویح) کردنیش پێغەمبەر ﷺ چەند شەوێك بۆی ئەنجام دان و ئەوانیش لە دوایەوە ئەنجامیان دا، بەڵام لە دواییداو لە ترسی ئەوەی واجب بکرێت لەسەر ئوممەتەکەی وازی لێ هێنا، وە هاوەڵانیش ڕەزای خوایان لێ بێت بەردەوام بوون لەسەریو ئەنجامیان دەدا بە کۆمەڵ کۆمەڵ و بە جیا لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و لە دوای مردنیشی، تا ئەو کاتەی عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێت کۆی کردنەوە لە دوای یەك پێش نوێژ (امام)داو بەو شێوەیەی کە لە دوای پێغەمبەر ﷺ ئەنجامیان دەدا، وە ئەمەش هیچ بیدعە نیە لە شەرعدا.

➢ وە کۆکردنەوەی قورئانیش لە یەك کتێبدا، بەهەمان شێوە بنچینەیەکی هەبووە لە شەرعدا، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە نوسینەوەی قورئان، بەڵام ئەو کات بە جیا جیا دەنوسرا، وە هاوەڵان کۆیان کردەوە لە یەك کتێبدا تا بپارێزرێت.

➢ وە نوسینەوەی فەرمودەش بە هەمان شێوە بنچینەی هەبووە لە شەرعدا؛ وە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە چەند هاوەڵێکی نوسینەوەی هەندێ لە فەرمودەکانی، وە کە نەش دەنوسرایەوە لەسەردەمی ئەودا ﷺ بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە ڕێگرێك هەبوو لە نوسینەوەی دا، ئەویش ترسان بوو لەوەی کە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا تێکەڵ ببێت، لە کاتێکدا فەرمودەی پێغەمبەریشە ﷺ، وە کاتێکیش کۆچی دوایی کرد ﷺ، ئەو ڕێگرە نەما لە بەردەم نوسینەوەیدا؛ چونکە قورئان تەواو بوو لە پێش مردنی پێغەمبەر ﷺ، ئەوە بوو موسڵمانانیش دوای ئەوە هەستان بە نوسینەوەی سوننەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ پاراستنی لە نەمان و لەناو چوون، وە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان بە باشترین پاداشت؛ لەوەی کە قورئانی پیرۆزو سوننەت و فەرمودەی پێغەمبەریان ﷺ پاراست لە لەناو چوون و گاڵتەی گاڵتە جاڕان.

وە دیسان پێیان دەوترێت: بۆچی ئەم سوپاس کردنی نیعمەتە –بە گومانی ئێوە– ئاوا دوا کەوت؟!! وە باشترینی سەدە لە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و شوێن کەوتوان و شوێن کەوتوانی ئەوانیش پێی هەڵنەستان؟!! لە کاتێکدا ئەوان گەورەترین و زۆرترین خۆشەویستیان هەبوو بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە سور تریش بوون لەسەر کاری چاکەو هەستان بە سوپاس کردنی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی، وە ئایا ئەوەی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانی داهێناوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ زیاتر ڕێنمویی و هیدایەت دراو بووە لەوان و سوپاس کردنیشی بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی گەورەتر بووە لەوان؟!! حاشا و کلاّ.

## شوبهەی شەشەم:

وە هەروەها شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن: بیدعە دەکرێت بە پێنج بەشەوە؛ ئەویش بیدعەی (واجب و سوننەت و ڕێگە پێدراوو مەکروهو حەرامە!!!)، وە ئەوەی کە ئێمەش ئەنجامی دەدەین دەکەوێتە ژێر بیدعەی (سوننەت یان ڕێگە پێدراوەوە)، بۆیە ئێمە لە ئەنجامدانی پاداشتمان دەست دەکەوێت!!!

شێخی پێشەوا أبو حفص تاج الدين الفاكهاني ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (المورد في عمل المولد)دا وەڵامی ئەم شوبهەیە دەداتەوەو دەڵێت: (بە کۆڕای زانایان ئەوە واجب نیە، وە هەروەها سوننەتیش نیە؛ چونکە حەقیقەتی سوننەت: ئەوەیە کە شەرع داوای کردبێت بەبێ ئەوەی لەسەر وازهێنانی لۆمە کرابێت، وە ئەمەش شەرع ڕێگەی پێ نەداوە، وە هاوەڵانیش ئەنجامیان نەداوە، وە هەروەها شوێن کەوتوان و زانا ڕاستەقینەو بەرزەکانیش ئەنجامیان نەداوە).

وە هەروەها دەڵێت: (وە دروستیش نیە موباح و ڕێگە پێدراو بێت، چونکە بیدعەو داهێنان لە دیندا بە کۆڕای موسڵمانان ڕێگە پێدراو نیە).

پاشان دەڵێت: (هیچ شتێك نەماوە تەنها ئەوە نەبێت کە یان مەکروهە، یان حەڕامە، وە ئەو کاتەش قسە کردن دەربارەی لە دوو ڕووەوەیە:

**یەکەمیان**: ئەوەیە کە کەسێك بە ماڵی خۆی ئەنجامی دەدات بۆ ماڵ ومنداڵ و خاوو خێزانی، وە ئەم کۆڕو کۆبوونەوەیە جگە لە خواردن هیچی تر نیە، وە لە گوناهو تاوان نزیك نابنەوە، وە ئەوەی کە وەصفمان کرد ئەوە بیدعەیەکی مەکروهەو ڕێگە پێ نەدراوە، لەبەر ئەوەی کە زاناو خواپەرستانی پێشوو، ئەوانەی کە شارەزای ئیسلام و زانای سەردەم وخەڵك بوون، ئەنجامیان نەداوە.

**دووەمیان**: وە لە خاڵی دووەمیاندا ئاماژە بە کۆمەڵێك کاری ناشەرعی دەکات کە تیایاندا ئەنجام دەدرێت، لەوانە: ئەنجامدانی گوناهو تاوان و کاری ڕێگە پێ نەدراو، وە هەروەها ووتنی گۆرانی و لێدانی دەف[١٦٦] و کۆبوونەوەو تێکەڵ بوونی پیاوان و ئافرەتان بە یەکەوەو ڕۆچونیان لە ناو هەواو ئارەزووی خۆیاندا.

ئینجا دەربارەیان دەڵێت: (هیچ دوو کەسێك خیلافیان نیە لە حەرامێتی ئەو شتەدا، وە هەروەها هیچ مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی و عاقڵ و تێگەیشتوو ئەوە بە باش نازانێت)[١٦٧].

## شوبهەی حەوتەم

وە هەندێکی تریان ئەم شوبهەیە دەهێننەوەو دەڵێن: بە ڕاستی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەرخستنی خۆشەویستیە بۆی؛ وە دەرخستنی خۆشەویستیش بۆی شتێکی شەرعی و ڕێگە پێدراوە ! ! !

وەڵام: گومانی تێدا نیە کە خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك، وە زیاتر لە خۆشویستنی نەفسی خۆی و منداڵ و دایك و باوك و هەر هەموو خەڵکی، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە شتێك دابهێنین و بە شێوەیەك خۆشەویستی بۆ دەر ببڕین کە شەرع بۆی دانەناوین، بەڵکو خۆشویستنی؛ گوێ ڕایەڵی کردن و شوێن کەوتنی دەگرێتەوە، کە ئەمەش گەورەترین دەربڕینی خۆشەویستیە بۆی ﷺ.

وەك ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

لو كان حبك صادقاً لأطعته　　　إنّ المحب لمن يحب مطيع

واتە: (ئەگەر خۆشەویستیەکەت ڕاستەقینەیە بۆی ئەوا گوێ ڕایەڵی دەکەیت، چونکە بە ڕاستی خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی گوێ ڕایەڵە).

---

[166] وە لە سەردەمی خۆماندا دەبینین کە بەناوی هونەری ئیسلامیەوە چەندەها ئالەت و ئامێری تر لەو جۆرە بۆنەو ئاهەنگانەدا بەکار دەهێنرێن کە گومان لەوەدا نیە کە هەموویان حەرامن و شەرع ڕێگەی پێ نەداون، کەچی زۆرێك بەناو زاناو بانگەوازی کاران بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کتێب و بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانیان خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن بەوەی کە ئەم ئامێرانەی مۆسیقا حەڵاڵن و هیچیان لەسەر نیە، وە بینیتان کە فاکهانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی دەف دەکات؛ ئەی کە لەسەردەمی ئێمەدا ژیابایە دەبوو چی بەو خەڵکانە وتبایە کە باسمان کردن؟! ! وە بۆ شارەزایی زیاتر دەربارەی حوکمی ئامێرەکانی مۆسیقا بڕوانە کتێبی (تحريم آلات الطرب)ی شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

[167] بڕوانە: المورد في عمل المولد، للفاكهاني، بتحقيق علي الحلبي، (ص١٠-١٢).

وە هەروەها خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانی دەگرێتەوە، وە گرتنی بە خرێکان و دوور کەوتنەوەش لە هەموو ئەو شتانەی کەوا پێچەوانەی سوننەتەکانیەتی و نەهی لێ کردوون، وە بێ گومان هەر شتێك کە پێچەوانەی سوننەتەکانی بێت ئەوە بیدعەیەو قێزەونەو سەرپێچیەکی ئاشکرای پێغەمبەرە ﷺ؛ وە ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەی لە دایك بوونی ئەوو جگە لەویش لە بیدعەکانە، وە نیەتی پاکی شەرعیەت بە داهێنان و بیدعە نادات لە دیندا؛ چونکە دین لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی وەستاوە، ئەوانیش: (الإخلاص والمتابعة)ن، واتە: (تایبەت بێت و لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام بدرێت وە هەروەها بەو شێوەیەش بێت کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوە)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾[١٦٨]، واتە: (هەر کەسێك ڕوو بکاتە خواو لەو زیاتر کەسی تر نەپەرستێت لە هەمان کاتدا چاکەکاریش بێت، ئەوە پاداشتی لای خوای گەورەیەو توشی هیچ ناخۆشی و ترس و بیمێکیش نابێت). (أسلم وجهه) ئیخلاسە بۆ خوای گەورە، (وهو محسن)، بریتیە لە شوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ و (پێکان)ی سوننەتە.

## شوبهەی هەشتەم:

وە یەکێکی تر لە شوبهەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن: لە زیندوو کردنەوەو ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەو خوێندنەوەی سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ لەو یادەدا، زیاتر سوورمان دەکات لەسەر شوێن کەوتنی!!!

لە وەڵامدا پێیان دەڵێین: بە ڕاستی خوێندنەوەی سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ وە شوێن کەوتنی؛ بەردەوام کارێکی داواکراوە بە درێژاییساڵ و درێژایی تەمەن، بەڵام تایبەت کردنی ڕۆژێکی دیاری کراو بەو بۆنەیەوە بە بێ بەڵگەو دەلیل ئەوا بە دڵنیایی یەوە بیدعەیە، وە (هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە)، وە بیدعەش هیچ بەرهەمێکی نابێت تەنها دوور کەوتنەوە نەبێت لە سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ[١٦٩].

## شوبهەی نۆیەم:

وە لە شوبهەیەکی تریاندا دەڵێن: ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، دەربڕینی دڵخۆشی و شادومانیە بەو بۆنەیەوە.

وەڵامی ئەم شوبهەیە بەم شێوەیە دەدەینەوە:

➢ بێ گومان بەڵگە لەسەر دروستی کارێك یان دروست نەبوون و ڕێگری کردن لێی لە خۆش حاڵی و شادومانی یان دڵ تەنگی و غەمباری خەڵکی وەرناگیرێت، بەڵکو لە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان (اجماع العلماء) وەر دەگیرێت، وە ئەوانەش کە بانگەوازی دەکەن بۆ دروست بوون و شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە، هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە نە لە قورئان و نە لە سوننەت و نە لە کۆڕای زانایان، هەر بۆیە ئەم بانگەوازی بۆ کردنەیان پوچەڵەو ڕەت دەکرێتەوە بە سەریاندا.

---

168 البقرة: ١١٢

169 شوبهەی یەکەم تا حەوتەم لە (حكم الإحتفال بذكرى المولد النبوي) نوسینی شێخ (صالح بن فوزان الفوزان) لاپەڕە (١٤٣ – ١٤٨) وەرگیراوە کە لە کتێبی (حقوق النبي بين الإجلال والإخلال) لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی تردا کە هەموویان پەیوەندیان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانەوە هەیە بڵاو کراوەتەوە، کە کتێبی ناو براو کۆمەڵێك بابەتی بە نرخی تێدا کۆکراوەتەوە کە هەمویان دەربارەی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانن بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ.

➢ سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ دەلالەت دەكاتە سەر زەم كردن و بە خراپ دانانی بیدعەو خۆ پاراستن و وریا بوون لێی، وە بیدعەی مەولودیش یەكێكە لەو بیدعە داهێنراوانەی كە دوای ماوەیەكی زۆر لە مردنی پێغەمبەر ﷺ داهێنراوەو لەناو ئەو بیدعانەدایە كە پێغەمبەر ﷺ زەمی كردوون و وریایی و پارێزی داوە بە ئوممەتەكەی دەربارەیان.

➢ وە هەروەها پێویستە لەسەر موسڵمان كە بەردەوام دڵخۆش بێت بە پێغەمبەر ﷺ و سەلاواتی لەسەر بدات و بەردەوام سوننەتەكانی جێ بەجێ بكات وشوێنیان بكەوێت، نەك ئەو دڵخۆشیە كورت هەڵبێنێ لە تەنها شەوو ڕۆژێك لە ساڵێكداو لەو شەوو ڕۆژەش تەنها لە ئاهەنگێك و مەولود خوێندنەوەیەكدا كە هیچ بنچینەیەكی نیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا[170].

## شوبهەی دەیەم:

وە لە شوبهەیەكی تردا دەڵێن: ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، گەیاندن و بەجێهێنانی بەشێك لە حەق و مافە گەورەكانی پێغەمبەرە ﷺ لەسەرمان، چونكە خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ئێمەی هیدایەت داوەو لە ئاگر ڕزگاری كردوین و لە گومڕایی و تاریكایی دەری هێناوین بۆ نورو ڕۆشنایی.

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:

**یەكەم:** بە ڕاستی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و مەولود خوێندنەوەو دانان و دیاری كردنی ئەو ڕۆژە بە جەژن، هیچ بریتی نیە لە گەیاندن و جێ بەجێ كردنی مافەكانی پێغەمبەر ﷺ لە سەرمان، بەڵكو لە ڕاستیدا بێ ڕێزی نواندنە لە بەرامبەر پێغەمبەردا ﷺ لە دوو ڕووەوە:

١- ئەوانەی ئاهەنگ دەگێڕن بەو بۆنەیەوە ڕۆژێكیان بە جەژن داناوە كە ئیزنی خوای گەورەی لەسەر نیەو پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی پێ نەكردووە، وەك (ئیمام مالیك) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەر كەسێك بیدعەیەك لە ئیسلامدا دابهێنێت و بە چاكیشی بزانێت، ئەوە بە ڕاستی وا گومان دەبات كە پێغەمبەر ﷺ خیانەتی لە پەیام و ئایینی خوادا كردووە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾[171]، وە هەر شتێكیش ئەو ڕۆژە (سەردەمی پێغەمبەر ﷺ) دین نەبوبێت ئەوە ئەمڕۆ نابێت بە دین).

٢- وە بە ڕاستی سەرپێچی فەرمانەكانی پێغەمبەریان ﷺ كردووە، بەوەی كە پێغەمبەر ﷺ لە زۆر فەرمودەدا وریایی و ئاگاداری داوە لە ئەنجام دانی بیدعەو كاری داهێنراو لە شەرعدا، بەڵام ئەوان گوێ نادەن بەو فەرمودە ڕاستانەی كە فەرمونی و مانای فەرمودەكان دەگۆڕن، لەو فەرمودانەش: (وشر الأمور محدثاتها) وە هەروەها (وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار) وە هەروەها (من عمل عملاً ليس عليه امرنا فهو ردٌ).

**دووەم:** وە هەروەها پێیان دەوترێت: بە ڕاستی جێ بەجێ كردنی حەق و فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ تەواو نابێت تەنها بە گوێ ڕایەڵی كردن و شوێن كەوتنی ڕێنومایی یەكانی و دەست گرتن بە سوننەتەكانی و بڵاو كردنەوەی بانگەوازەكەی نەبێت، وە هەروەها دوور كەوتنەوە لە هەموو شتێك كە پێچەوانەی فەرمانەكانی ئەو بێت،

---

[170] بڕوانە: (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي) ص/(١١٩ – ١٢٠).

[171] المائدة: ٣

وە بەجێ هێنانی مافەکانی پێغەمبەر ﷺ هیچ کاتێکی دیاری کراوی بۆ نیەو بەڵکو لە هەموو کاتێکدا واجبە، وە هەر کەسێك وا گومان ببات کە هەندێ لە حەق و مافەکانی پێغەمبەر ﷺ لەو شەوو ڕۆژەدا بەجێ دەهێنێت، ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە کە لە حەق و مافەکانی پێغەمبەری ﷺ کەم کردۆتەوە.

**سێیەم**: وە هەروەها ئەو مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانە لە شەوو ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەردا ﷺ، بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوە، وە هەروەها سوننەت و عیبادەتی پێغەمبەر ﷺ لە شەوی لە دایك بوونیدا هیچ جیاوازیەکی نەبووە لەگەڵ هیچ شەوێك لە شەوەکانی تردا، وە هیچ شتێکیش نەهاتووە دەربارەی ئەوەی کە ئەو شەوەی دیاری کردبێت بە شتێك لە عیبادەت کردن، وە هەروەها خەڵکیشی کۆ نەکردۆتەوە بۆ خوێندنەوەو باس کردنی چاکەکانی و ژیانەکەی و گوێ گرتن لێیان. وە خێرو چاکەش هەمووی لە دەست گرتن بە سوننەت و ڕێنومایی یەکانیەتی ﷺ، وە هەروەها وازهێنانە لە هەموو ئەو شتە زیاد کراوو بیدعانەی کە خەڵکی لە دوای ئەو دایان هێناون[172].

## شوبهەی یانزەهەم:

لە شوبهەیەکی تریاندا دەڵێن: مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە، کۆبونەوەیەکە بۆ زیندوو کردنەوەی یادی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەمەش کارێکی شەرعی و ڕێگە پێدراوە لە ئیسلامدا، بە قیاس کردنی لەگەڵ کارو کردەوەکانی حەج.

**وەڵام**:

**یەکەم**: گومان بردن بەوەی کە کۆبونەوەو دانیشتن لە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕاندا بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ کارێکی شەرعی و ڕێگە پێدراوە؛ ئەوە قسە کردنە لەسەر وتەکانی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە کۆبونەوەو دانیشتنی بۆ یادی پێغەمبەر ﷺ نە لە ڕۆژی لە دایك بوونی و نە لە ڕۆژەکانی تردا بە شەرع دانەناوەو وە پێغەمبەریش ﷺ شەرعیەتی پێ نەداوە نە بە کردارو نە بە گوفتار.

**دووەم**: وە هەروەها گەورەترین هەڵەو نەزانی ئەوەیە کە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ قیاس بکرێت بەسەر کارو کردەوەکانی حەجدا، کە ئەمەش خراپترین و فاسدترین قیاسە کە دەکرێت لە نێوان کارو کردەوەکانی حەج، وە خوای گەورە بە شەرعی دانەناوە بۆ بەندەکانی، بەڵکو دانراوی شەیتانەو ڕازاندویەتەوە بۆ خەڵکی نەزان و نا تێگەیشتوو بە ناوی دینەوە بە هۆی فاطمیەکان و سوڵتان مظفری هەولێرەوە[173].

## شوبهەی دوانزەهەم:

یەکێ لەو شوبهانەی تریان کە دەیهێننەوە ئەوەیە کە دەڵێن: ڕاستە پێغەمبەر ﷺ ئاهەنگی بۆ لە دایك بوونی خۆی نەگێڕاوەو مەولودی نەخوێندۆتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا لە هیچ فەرمودەیەکیدا باسی لە خراپی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بەم بۆنەیەوە نەکردووەو بە هیچ شێوەیەکیش نەهی لێ نەکردووە، وە لە قسە کردن دەربارەی شوبهەکەیان بەردەوام دەبن و دەڵێن: وە کە ئێمەش ئاهەنگ دەگێڕین و مەولود دەخوێنینەوە، ئەوە هیچ بێ فەرمانی و سەرپێچیەکمان لە بەرامبەر سوننەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ نەکردووە ! ! !

---

172 بڕوانە: (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي) ص/(١٤٢ – ١٤٦).

173 بڕوانە: (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي) ص/(١٦٩ – ١٧٢).

## لە وەڵامی ئەم شوبهەدا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەڵێین:

ڕاستە کە پێغەمبەر ﷺ لە هیچ فەرمودەیەکیدا نەهی لە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونیەوە نەکردووەو تەنانەت هەر باسیشی نەکردووە، بەڵام هێنانەوەی ئەم شوبهەیەو کردنی بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بەو بیدعەیە (مەولود)، جگە لە ناشارەزایی و بێ ئاگایی ئەم کەسانە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هیچی تر ناگەیەنێت.

چونکە بە ڕاستی پێغەمبەر ﷺ دوو جۆر سوننەتی بۆ ئێمە بە جێ هێشتووە، کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم**: (السنة الفعلية) واتە: (ئەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ بە کردەوە ئەنجامی داون، وە ئەنجام دان و جێ بەجێکردنیان دەبێت بە سوننەت بۆ ئێمە) .

**دووەم**: (السنة التركية) واتە: (ئەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ وازی لێ هێناون و ئەنجامی نەداون، وە ئەم جۆرەشیان وازهێنان لێیان و ئەنجام نەدانیان بۆ ئێمە دەبێت بە سوننەت).

وە ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوەو کاری پێکردووە، ئەوە: یان پێویست و واجبە، وە یان سوننەتەو دەبێت شوێنی بکەوین، وە ئەوەش کە وازی لێ هێناوەو ئەنجامی نەداوە، ئەوە واز هێنان لێی دینەو حەق و ڕاستیە، وە دەست گرتن و شوێن کەوتنی ڕێ و شوێن و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەردوو جۆرەکەی دەگرێتەوە بە بێ جیاوازی.

وە شێخ (صالح آل الشيخ) لە بابەتێکدا بە ناوی (الإقتداء بالسنة فعلاً وتركاً)دا دەڵێت: (وە یەکێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ (السنة التركية)یە، واتە: ئەو شتانەی کە پێغەمبەر ﷺ وازی لێ هێناون، ئەوەش وا پێویست دەکات کە شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوین لە هەموو ئەو شتانەدا کە وازی لێ هێناون، وە هەروەها ئەو شتانەش کە پێغەمبەر ﷺ وازی لێ هێناون، لە هەمان کاتدا دەیتوانی ئەنجامیشیان بدات و هیچ ڕێگرێکیش نەبووە لە ئەنجام دانیاندا لە کاتی ژیانیدا ﷺ).

هەروەها دەڵێت: (بۆ نمونە یەکێك لەو سوننەتە واز لێ هێنراوانە وەربگرە، وەك: (مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونیەوە)؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی لە دایك بوونی خۆی دەزانی، وە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت هەوڵیان دەدا کە لە خوای گەورە نزیك ببنەوە، وە یەکێ لەو شتانەش کە هەوڵیان داوە پێی لە خوای گەورە نزیك ببنەوە بریتی بووە لە خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ کەوابوو خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ هەبوو، وە هیچ ڕێگرێکیش نەبوو بۆ ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بەو بۆنەیەوە، کەوایە نەبوونی ڕێگرێك بۆ ئەنجام دانی لەسەر دەمی پێغەمبەردا ﷺ لەگەڵ بوونی هۆکاری ئەنجام دانی، کە بریتی بوو لە خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە داهێنان و ئەنجام دانی ئەم بیدعەیە، داهێنانێکە پێچەوانەی سوننەتە، وە پێغەمبەریش ﷺ ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەو هاوشێوەکانی واز لێ هێناوەو ئەنجامی نەداون، بۆیە واز هێنان لێیان عیبادەتە هەروەك چۆن پێغەمبەر ﷺ وازی لەو شتانە هێناوە)[١٧٤] .

---

[174] بڕوانە: (مجموع ورسائل في ذم البدع و خطر الإبتداع لجمع من العلماء) (رسالة: الإقتداء بالسنة فعلاً و تركاً) للشيخ: صالح آل الشيخ ص/(٢٤٢).

**شوبهەی سیانزەهەم:**

شوبهەیەكی تری ئەوانەی كە بایەخ بە مەولود خوێندنەوەو ئەم ئاهەنگە دەدەن ئەوەیە كە دەیانەوێت بە شێوازێكی تازەو نوێ! ! ئەنجامی بدەن، ئەویش بریتیە لەو شوبهەو بۆچونەی كە (م.علی باپیر) لە كتێبی (موسڵمانی كامڵ)داو لە ژێر ناونیشانی (پێویستە چۆن یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بكەینەوە؟!) چەند خاڵێكی هێناوە كە بە ڕاستی هەمویان جێگای تێڕامان و سەر سوڕمانن، چونكە شتێك كە لە بنچینەدا بیدعە بێت و نەهی لێ كرابێت، هەرچەندە شێوازو ڕوخساریشی بگۆڕدرێت هەر بیدعەیەو شەرعیەتی پێ نادرێت.

وە لەو خاڵانەی كە باسی كردوون خاڵی (چوارەم و پێنجەم)ە، كە بەم شێوەیە باس دەكات و دەڵێت:

(**چـوارەم**: وە ڕێ دەكەوێ خوێندنی چەند ئایەتێكی قورئان و تەفسیر كردنیان بە گوێرەی بارو دۆخ و پێویستی خەڵكەكە[175] بكرێتە بابەتی ئەو یاد كردنەوەو ئاهەنگ گێڕانە.

**پێنجەم**: دیسان زۆر شتێكی وێچوو گونجاوە، كە ئینسان بچێتە نێو گوڵزاری فەرمودە بە پیت و پێزەكانی پێغەمبەرەوە ﷺ و چەپكێكیان لێ بچنێ و، بە شێوەیەكی عاقڵانەو حەكیمانە مێشك و دڵی خەڵكەكە بەو عەترو گوڵاوە كە لەو چەپكە دەستگیری دەكات، گوڵاو ڕشێن و بۆن خۆش بكات)[176].

**وەڵام:**

(ابن الحاج) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە كتێبی (المدخل)دا باس دەكات و وا دەبینێت كە: هەر شتێك نیەتی مەولودی لێ بهێنرێت ئەوە دەبێت بە بیدعە، تەنانەت ئەگەر لەو ڕۆژەداو بەو بۆنەیەوە خۆت خەریك بكەیت بە خوێندنەوەی كتێبی (صحيح البخاري)، كە بەم شێوەیە دەڵێت: (وە هەندێكیان واتە –ئەوانەی خەریكی مەولود خوێندنەوەن– خۆیان دەپارێزن لەوە –واتە: گوێ گرتن لە گۆرانی و شتەكانی تر–و خەریكی خوێندنەوەی فەرمودە ڕاستەكانی بوخاری و جگە لەویش دەبن لەبری ئەو شتانەی تر، لەگەڵ ئەوەشدا كە خوێندنەوەی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ یەكێكە لە گەورەترین عیبادەت و هۆكارەكانی لێ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار، وە بەرەكەت و خێرێكی زۆر گەورەیان تێدایە، بەڵام ئەم خێرو بەرەكەتە گەورەو زۆرانە بە مەرجێك دەست دەكەون كە بە شێوەیەكی شەرعی و دروست ئەنجام بدرێن نەك بە نیەتی مەولود! ! ! وە ئایا نابینیت كە نوێژ لە گەورەترین عیبادەت و هۆكانی لێ نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە؟ وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مرۆڤ لە كاتێكی نادروست و نەهی لێكراودا ئەنجامی بدات ئەوە ئەو كاتە كارەكەی زەم كراوەو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو شەرعەی كە خوای گەورە بۆی داناوین، ئەوە ئەگەر نوێژ كە گەورەترین عیبادەتە ئەوە حاڵی بێت، ئەی جگە لە نوێژ دەبێت چۆن بێت؟! !)[177].

---

[175] لێرەشدا دیارە مامۆستا بە هەڵەدا چووە كە دەیەوێت قورئان بە گوێرەی پێویستی خەڵكەكەو ڕای ئەوان تەفسیر بكرێت وەك لە خاڵی چوارەمدا دەردەكەوێت، بێ ئاگا لەوەی كە قورئان كەلامی خوایەو دەبێت بە شێوازێك تەفسیر بكرێت و لێك بدرێتەوە كە ڕاست و دروست بێت و پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ناوەرۆكی قورئانی پیرۆز، وە دەبێت بارو دۆخ و خەڵك لە گەڵ داواكاری و نەهیەكانی قورئان خۆیان بگونجێنن نەك بە پێچەوانەوە قورئان لەگەڵ ئەوان بگونجێنرێت.

[176] موسڵمانی كامڵ، نوسینی علی باپیر، لاپەڕە (١٥٦).

[177] كتاب (المدخل) لابن الحاج، ص/(٢٦).

## شوبهەی چواردەهەم:

شوبهەیەكی تریان ئەوەیە كە دەڵێن: بەڕاستی لێ بوردەیی و چاوپۆشی كردن یەكێكە لە سیفەتە جوان و بەرزەكانی ئایینە پاكو پیرۆزەكەمان، كە فەرمانی پێكردوین بەوەی كە گفتوگۆو ڕاجیاوازیدا نەرم و نیان و لێبوردە بین لە بەرامبەر موسڵمانانیدا.

وەڵامی ئەم شوبهەیە لە چەند ڕوویەكەوە:

١- بەڕاستی ئەم لێبوردەیی و نەرم ونیانییە لە بواری دنیاو هەڵسوكەوتی خەڵكە لەگەڵ یەكتریدا، بەڵام هاوبەش بۆ خوا دانان و بیدعەو كاری زیادە لە دینداو سەرپێچی لە فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر ﷺ دروست نیە چاو پۆشیان لێ بكرێن، بەڵكو پێویستە دژایەتی بكرێن و بگۆڕدرێن بە پێی توانا، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان)[178]، واتە: (هەر كەسێك لە ئێوە خەراپەیەكی بینی ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، وە ئەگەر هەر نەیتوانی ئەوا با بەدڵ پێی ناخۆش بێت، وە ئەمەش لاوازترین پلەی باوەڕە).

٢- وە پێغەمبەر ﷺ بە هیچ شێوەیەك لێ بوردە نەبووە لە بەرامبەر بیدعەو بیدعەچیەكاندا، وە بە هەمان شێوە هاوەڵان و شوێن كەوتوان و پێشەوایانیش، وە ووتەش لەم بوارەوە زۆرن لە كتێبەكانی سوننەت و ئەو كتێبانەی كە لەسەر بیدعەو بیدعەچیەكان و خۆپاراستن لێیان دانراون.

بۆ نموونە كە عمری كوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێت فەرمانی كرد بە بڕینی ئەو درەختەی كە پێغەمبەر ﷺ لە ژێریدا بەیعەتی پێدرا، كاتێك كە گەورە بوو خەڵكی دەچون بۆ ژێری و زیارەتیان دەكرد. وە بۆ وەرگرتنی نمونەی زیاتر دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو كتێبانەی كە لەم بوارەدا دانراون.

---

[178] (صحيح) انظر حديث رقم: ٦٢٥٠ في صحيح الجامع.

# بەندی پێنجەم

## فەتوای زانایانی کۆن و هاوچەرخ دەربارەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ :

١- ئیمام أبو حفص تاج الدين الفاكهاني ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی (مەولود خوێندنەوە) دەفەرموێت: (هیچ بنچینەیەك نیە بۆ ئاهەنگ گێران بۆ ئەم لە دایك بوونە، نە لە قورئان و نە لە سوننەت، وە ئەم کردەوەیە نەگوازراوەتەوە لە هیچ زانایەك لە زانایانی ئەم ئوممەتە، کە ئەوان پێشەنگن لە دیندا و دەست گرتوو بوون بە شوێنەواری زانایانی پێشوو، بەڵكو بیدعەیەكە بێ ئیشەكان دایانهێناوەو ئارەزوویەكی نەفسانیە........)[179].

٢- وە شێخی ئیسلام ابن تيمية ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەندێك خەڵك دایان هێناوە، یا لاسایی كردنەوەی (نصارى)یە بۆ لە دایك بونی عیسى علیه السلام، یان بۆ بە گەورە دانان و خۆشەویستی پێغەمبەرە ﷺ، وە هەر كەسێك لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ بكات بە جەژن لەگەڵ ئەوەی كە خیلاف هەیە لە دیاری كردنی ڕۆژی لەدایك بوونیدا، ئەوە پێشینە چاكەكانمان (السلف الصالح) نەیان كردووە، وە ئەگەر خێرێك بوایەو شەرعیش ڕێگەی پێدابا ئەوە ئەوان واتە (هاوەڵان) ﷺ لە پێشتر بوون كە بیكەن لە ئێمە، وە ئەوان بە گەورە دانان و خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر ﷺ زیاتر بووە لە ئێمەو سورتریش بوون لەسەر خێركردن، وە خۆش ویستن و بەگەورە دانانی؛ لە شوێن كەوتن و گوێ ڕایەڵی كردن و جێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی و زیندوو كردنەوەی سوننەتەكانیەتی لە ڕوكاروو ناوەڕۆكداو بلاْوكردنەوەی ئاینەكەیەتی، وە تێكۆشانە لەو پێناوەدا بەدڵ و دەست و

[179] رسالة المورود في عمل المولود

زمان، ئەوە ڕێگای پێشینی یەکەم بووە لە کۆچکردو و پشتیوانان و ئەوەی لەسەر ئیحسان و چاکە شوێنیان کەوتوون)[180].

٣- شێخ محمد عبد السلام خضر الشقيري لە کتێبی (السنن والمبتدعات)دا دەڵێ: (ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە (لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ) داهێنراوو بیدعەیەکی خراپ و گومڕاییە، نە لەگەڵ شەرع و نە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێت، ئەگەر ئەوە خێری تێدا بوایە ئەوە چۆن (أبوبكر و عمر و عثمان و علی)و هەموو هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و شوێن کەوتوان لێی بێ ئاگا دەبوون؟!

٤- ئیمام الشوکاني ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە بارەی ئاهەنگی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوتووە لەسەر دروست بوون و ڕێگە پێدانی، وە موسڵمانان کۆڕاو یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە (مەولود خوێندنەوە) بیدعەیە).

٥ - وە شێخ عبدالعزيز بن باز[181] - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەفەرموێت: (دروست نیە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ و هیچ کەسێکی تر، لەبەر ئەوەی ئەوە بیدعەو داهێنراوە لەدیندا، وە پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە، وە جێ نشینە بەڕێزەکانی و جگە لەوانیش لە هاوەڵانی بەڕێزی ﷺ و شوێن کەوتوانی ئەوانیش لە سێ سەدە پیرۆزەکە ئەنجامیان نەداوە، وە ئەوان زاناترین کەس بوون بە سوننەت و تەواوترین خۆشەویستی و شوێن کەوتنیان هەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ) واتە: (هەر کەسێك شتێك دابهێنێ لە دیندا و لە دینیش دا نەبێت ئەوە ڕەت دەکرێتەوە)، وە لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة) واتە: (دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێ نشینە ڕێنمایی کراوەکانی دوای من و دەستیان پێوە بگرن، وە بە خرێیەکانتان بیانگرن، وە خۆتان بپارێزن لە کاری داهێنراو، لەبەر ئەوەی هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە). ئەم دوو فەرمودەیە هەڕەشەی توندی تێدایە لەسەر داهێنانی بیدعەو کار پێ کردنی. وە خوای گەورە دەفەرموێت:

---

180 إقتضاء الصراط المستقيم

181 زانای شارەزاو فەقیهو فەرمودەناس و موفەسیری قورئان و زیندووکەرەوەی سوننەت و ڕوخێنەری بیدعەو بانگەوازکار بۆ ڕێبازی پێشینی چاك (السلف الصالح) و پێشەوای سەردەم شێخ عبدالعزيز بن عبدالله بن عبدالرحمن بن محمد بن عبدالله آل باز -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە ١٢/ذي الحجة/١٣٣٠ كۆچی لە دایك بووە، هەر لە منداڵیەوە قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، وە لە تەمەنی (٢٠)ساڵیدا چاوەکانی لەدەست داوەو کوێر بووە.

وە شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت چەندەها کتێب و بڵاوکراوەی هەیەو لە چەندەها بواردا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بانگەوازی کردن بۆ لای دینی خوای پەروەردگار، وەك بوارەکانی: نوسین و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و ووتاردان و کۆڕگرتن و بەرنامە ڕادیۆییەکاندا.

وە شێخی پایە بەرز تا لە ژیاندابوو سەرپەرشتی و لێپرسراوێتی چەندەها پۆستی شەرعی کردووە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر شارەزایی تەواوی شێخ لە زۆربەی بوارەکانی شەرعداو تواناو لێهاتووی ئەم زاناو پیاوە بەڕێزە لە بانگەوازی کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، تا لە کۆتاییدا بوو بە سەرۆکی دەستەی گەورە زانایانی سعودی (هيئة كبار العلماء) و لەو پۆستەدا مایەوە تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد.

ئەم زانا بەڕێزو خواناسە لە ڕۆژی هەینی ٢٨/محرم/١٤٢٠ی کۆچی بەرامبەر ١٤/مایس/١٩٩٩ی زایینی کۆچی دوایی کردوماڵ ئاوایی لە ژیانی دونیا کرد.

﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ﴾[182]، واتە: (ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون وەری بگرن و ئەوەی لێشی قەدەغە کردوون وازی لێ بهێنن).

وە لە وەڵامی پرسیارێکدا (ئایا ئیسلام رێگەی داوە بە جەژنی لەدایك بوون (عید المیلاد)؟

لە وەڵامدا دەڵێ: (..... خوای گەورە بۆی دانەناوین بە شەرع جەژنێك بۆ لە دایك بوون، نە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ نە جگە لەویش، بەڵکو بەڵگە لە قورئان و سوننەت هەیە لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە (دایك بوون) لە بیدعەو داهێنراوەکانە لە دیندا، وە خۆ چواندنیشە بە دوژمنانی خوای گەورە لە یەهودو نصاری و جگە لەوانیش، وە پێویستە لەسەر موسڵمانان واز لەوە بهێنن و لێی دوور بکەونەوە........).

٦- وە هەروەها زانای پایە بەرزو فەرمودە ناس شێخ محمد ناصرالدین الألباني ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (وتخصیص شهر ربیع الأول بقراءة قصة مولد النبي ﷺ؛ فكل هذا وأمثاله بدع ومنكرات يجب نبذها والنهي عنها)[183] واتە: (وە تایبەت کردنی مانگی ڕەبیعی یەکەم بە خوێندنەوەی چیرۆکی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؛ هەموو ئەمانەو هاوشێوەکانیان بیدعەو کاری خراپن و پێویستە وازیان لێ بهێنرێت و نەهیان لێ بکرێت).

٧- پرسیار کرا لە زانای پایە بەرز شێخ (محمد بن صالح العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ، لە وەڵامدا فەرموی:

الحمدلله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، وبعد:

ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ نەکراوەو پەیدا نەبووە، تەنها لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا نەبێت، وە لەسەردەمی هاوەڵان و تەنانەت شوێن کەوتوانی ئەوانیشدا نەبوە.

## وە ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە پێویستی بە دوو شت هەیە:

**یەکەم**: جێگیر بونی، واتە: جێگیر بونی ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووی مێژوییەوە، وە دیارە لە ڕووی مێژوییەوە جێگیر نەبووە کە پێغەمبەر ﷺ لە ١٢/ ڕەبیعی یەکەم لە دایك بوبێت، وە مێژوناسان جیاوازی زۆریان هەیە لە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بونی، هەندێك لە شارەزایان و گەردون ناسانی تازە یان کەمێك پێش ئێستا دەڵێن لە ٩/ڕەبیعی یەکەم لەدایك بوە نەك لە ١٢/ڕەبیعی یەکەم.

لەبەر ئەوانە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ لە ١٢/ڕەبیعی یەکەم جێگیرو دامەزراو نیە.

**دووەم**: گریمان ڕۆژێك دیاریکرا بۆ لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ؛ ئایا ئەوە جێگیر دەبێت لە شەرعدا، بە شێویەك کە وەك زیکرو سەڵاوات لێدان وابێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەو ڕۆژەدا؟! وە زۆر جار لە پشتی ئەو شتانەوە سەدەقەو پێشکەشکردنی شیرینی، یان تێکەڵاو بونی ژنان و پیاوان و خوێندنەوەی هۆنراوەی وا کە زیادەڕەوی زۆری تێدایە لەسەر پێغەمبەر ﷺ، وەك باسکراوە لە هەندێکیان کە سروودی وای خوێندۆتەوە کە خاوەنەکەی دەڵێت:

يا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به ... سواك عند حلول الحادث العمم
إن لم تكن آخذاً يوم المعاد يدي ... عفواً وإلا فقل يا زلة القدم
فإن من جودك الدنيا وضرَّتها ... ومن علومك علم اللوح والقلم

[182] الحشر/٧

[183] الثمر المصتطاب ج٢/٥٧٧ بقلم الشيخ محمد ناصرالدين الألباني.

واتە: (ئەی باشترینی خەڵکی کەس نیە جگە لە تۆ من پەنای پێ بگرم لە کاتی ڕوودانی کارەساتی گەورەدا، وە ئەگەر تۆ دەستم نەگری لە ڕۆژی قیامەتدا وە لێم نەبوری، ئەوە پێیەکانم دەخلیسکێن، وە لەبەخشندەیی تۆیە دنیاو ئەوەی کە تێیدایەتی، وە لە عیلم و زانیاری تۆیە عیلمی (لوح المحفوظ) و ئەوەی قەڵەمی قەدەر نوسیویەتی).

وە گومانی تێدا نیە کە ئەمە زیادەڕەویە دەکرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ، کە نە خوای گەورە پێی ڕازیەو نە پێغەمبەری خوا ﷺ، وە جێگیربوون و شەرعی بوونی ئاهەنگ گێڕان بە لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ پێویستی بە بەڵگەو دەلیلی شەرعی هەیە؛ یان لە قورئانی پیرۆز یان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، یان هاوەڵە بەڕێزەکان ﷺ ئەنجامیان دابێت، وە هیچ کام لەمانەش نیە، نە لە قورئان و نە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وە نە لە کارو کردەوەی هاوەڵان ﷺ کە بەڵگە بن لەسەر ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ، وە کاتێ پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕۆژووی ڕۆژی دووشەممە، فەرموی: (ذاك يوم ولدت فيه وبعثت فيه، أو أنزل عليَّ فيه)[١٨٤] ، واتە: (ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا لە دایك بووم و نێردراوم، یان لەو ڕۆژەدا قورئانم بەسەردا دابەزیوە).

وە ئەمەش بەڵگە نیە لەسەر ئاهەنگ گێڕان بە لە دایك بونی ﷺ لە مانگی ڕەبیعی یەکەمدا، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ڕۆژووی ئەم ڕۆژە (دووشەممە)، کە تێیدا لە دایك بوون و هاتنە خوارەوەی وەحی بووە، وە پاش ئەوەش ئەو ڕۆژەی تایبەت نەکرد بەشتێك جگە لە بەڕۆژوو بوون تێیدا. وە ئەگەر جێگیر نەبوو ئاهەنگ گێران بە لە دایك بوونی ﷺ نە لە قورئان و نە لە سوننەت و نە لە کردەوەی هاولان ﷺ ...... ئەو کاتە دەبێت بە بیدعە، وە پێغەمبەر ﷺ وریایی زۆری داوە لەسەر بیدعە، بە شێوەیەك کە لە ووتاکارەکانیدا بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت، وەك دەفەرموێت: (إن خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة)، واتە: (باشترین ووتە کتابی خوای گەورەیە، وە باشترین ڕێنومایی ڕێنومایی محمدە ﷺ، وە خراپترین کردەوە داهێنان و بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە).

وە پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ڕاشکاوی هەموو بیدعەیەکی (لە دیندا) بە گومڕایی ناو بردووە، وە هیچ شتێکی جیا نەکردۆتەوە لە بیدعە، وە ڕوون و ئاشکراشە کە مادام بیدعە گومڕاییە، کەواتە هیچ لە عەبد زیاد ناکات لە لای خوای پەروەردگار تەنها دوورکەوتنەوە نەبێت، وە هیچ لەدینەکەی زیاد ناکات تەنها کەم کردن نەبێت. پاشان شێخ محمد بن صالح العثمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: ئینجا ئێمە دەڵێین: پاڵنەر چیە بۆ ئەو ئاهەنگ گێڕانە بە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟ ئایا خۆشەویستیە بۆ پێغەمبەر ﷺ یان بە گەورە دانانیەتی؟ یان خۆچواندنە بە گاورەکان بەگومانی خۆیان کە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی عیسیعلیه السلام؟

ئەگەر پاڵنەرەکە، یەکەم یان دووەمیان بێت، واتە خۆشویستن و بەگەورە دانان، ئەوا والله ئێمە بە گەورە دانان و خۆشەویستیمان زۆرترو گەورەتر نیە بۆ پێغەمبەر ﷺ لە (أبوبكر و عمر و عثمان و علي)و جگە لەوانیش لە هاوەڵانی تر ﷺ، کە هیچ ئاهەنگیشیان نەگێڕاوە بە بۆنەی لە دایکبوونی ﷺ.

وە ئەگەر سێیەمیشیان بێت کە خۆچواندنە بە گاورەکان، ئەوا دروست نیە بۆ ئێمە کە عیبادەتێك ئەنجام بدەین بە شێوەی ئەوان؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم).

---

184 سبق تخريجه

دواتر بەو کەسە دەڵێین کە بیدعەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ ئەنجام دەدات: ئایا پێغەمبەر ﷺ دەیزانی کە پێویستە بۆ لەدایك بونی ئاهەنگ بگێڕێت؟ ئەگەر بڵێین: نەی دەزانی، ئەوا ئەو قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە پێغەمبەر ﷺ جاهیل و نەزان بووە بە بەشێك لە شەریعەتەکەی خوای گەورە، وە ئەگەر بڵێین: دەیزانی، ئەوا ئەو قسەیەیان ئەوە دەگەیەنێ کە پێغەمبەر ﷺ بەشێك لەشەریعەتەکەی خوای گەورەی شاردۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەخەڵکی ڕانەگەیاندووە، وە ئەو دوو گومان و گریمانەیە، پێغەمبەر ﷺ پاك و بێگەردە لێیان، لەبەر ئەوەی شارەزاترین کەسە بە شەریعەتی خوای گەورەو لە پێش هەموو خەڵکەوەیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم شەریعەتە، وە لە هەموو کەس سورتر بووە لەسەر هیدایەت و ڕێنومایی بەندەکانی خواو ڕاگەیاندنی ئەوەی کە خوای گەورە بۆی دابەزاندووە، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك لە سوننەتی ئەودا نەهاتووە دەلیل بێت لەسەر دروستی ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بونی.

لێرەوە دەرکەوت کە ئاهەنگ گێڕان هەڵەیە لە ڕووی مێژوییەوە کە ڕۆژی ١٢/ڕەبیعی یەکەم دیاری بکرێت، وە لە ڕووی شەرعیشەوە لەبەر ئەوەی بیدعەیە، نە خوای گەورە بە شەرعی داناوە، وە نە پێغەمبەر ﷺ وە نەخەلیفە ڕاشیدەکان و نە هاوەڵان و شوێن کەوتوانیان لەسەر چاکەو ئیحسان لە سەدەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەنجامیان نەداوە، وە ئەم وتەیەی ئیمام مالك زۆر جوانە کە فەرمویەتی: (إنه لايصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها)، واتە: (کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك نابێت تەنها بەوە نەبێت کە یەکەمی ئەم ئوممەتە پێی چاك بوون).

- وە ئەگەر یەکێك بڵێت: من ئاهەنگ دەگێڕم بۆ ئەوەی خەڵکی منەتی خوایان بێتەوە یاد، ئەوا دەڵێین: خودی لە دایك بونەکە هیچ منەتێکی تێدا نیە، بەڵکو منەت لە ناردنی پێغەمبەر ﷺ و دابەزینی وەحی دایە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾[185]، واتە: (بە ڕاستی خوا منەتی لەسەر بڕواداران کردووە بەوەی کە لەخۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردن کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوەو پاکیان بکاتەوە لە شیرك و هاوەڵ دانان و قورئان و سوننەتیان فێر بکات، ئەگەر چی ئەوان لە پێشدا لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون)، وە نەیفەرمو کاتێك پێغەمبەر ﷺ تێیدا لە دایك بوو!!!

[185] آل عمران/١٦٤

# بەندی شەشەم

## ڕاستکردنەوەی بۆچونێکی هەڵە:

بە داخەوە هەندێ خەڵك بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و حزبایەتی کردن و کۆکردنەوەو ڕازی کردنی خەڵك لە خۆیان، وە بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەو بانگەوازی کردن بۆ ئاینی ئیسلام، بانگەشە بۆ ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە دەکەن و شەرعیەتی پێ دەدەن.

بەڵام با بزانین ئایا وەك هۆکارێك (الوسیلة) حیساب دەکرێت ئەگەر یەکێك بپرسێت: ئایا ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ هۆکارێکی بانگەوازی کردنە بۆ ئاینی ئیسلام؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا شێخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: چۆن بیدعە دەبێت بە هۆکارێك بۆ بانگەوازی کردن بۆ لای خوای پەروەردگار؟! لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (کل بدعة ضلالة)، وە گومڕایی هەرگیز نابێت بە هۆکارێك بۆ بانگەوازی کردن بۆ لای ڕێنموی و چاکە.

کەواتە لەم وەڵامەوە بۆمان دەرکەوت کە مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام سنوردارو جێگیرن، نەك بەو شێوەیەی خەڵکانێك لێی تێگەیشتوون و بەهەر ئامرازو هۆکارێك بێت بە لایانەوە ئاساییەو گرنگ لای ئەوان کۆکردنەوەو زیادکردنی جەماوەرە.

وە هەر دەربارەی ئەم بابەتە پرسیار لە زانای بەڕێزو پایە بەرز شێخ أحمد بن يحيى النجمي[١٨٦] ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرا کە ئایا مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ لای خوای پەروەردگار جێگیرن یان ئیجتیهادیەو دەرگاکە کراوەیەو چۆن گونجا بەو شێوەیە دەکرێت بانگەوازی خەڵکی بکەیت؟

ئەویش لە وەڵامدا ووتی: بەڕاستی مەنهەج و ڕێبازی دەعوەو بانگەوازی دیاری کراون بە پێی قوڕان و سوننەت، وە بێ گومان دەبێت بەو شێوەیە بێت کە پێغەمبەر ﷺ پێیدا ڕۆیشتووەو ئەنجامی داوە، وە هەروەها وا پێویست دەکات کە پاك و پارێزراو بێت لە بیدعە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ ﴾[١٨٧]، واتە: (خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ بە خەڵکی کە ئەمە ڕێگای منە کە خەڵکی بۆ بانگ دەکەم، وە تەنها مەبەستمڕەزامەندی خودایە نەك ڕەزامەندی خەڵك و وە خەڵکیش بانگ ناکەم بۆ شوێن کەوتنی خۆم، بەڵکو بۆ ڕێگایەك بانگیان دەکەم کە دەگات بە خوای پەروەردگارو ماڵی

186 زاناو فەرمودەناس و فەقیهو بانگەوازیکار بۆ بە تەنها خواپەرستی و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ و هەڵگری فیقهی پێشینە چاکەکانمان ساڵی (١٣٤٦)ی کۆچی لە دایك بووە، لە زانا چاوتیژو بوێرەکان بووە لە بەرامبەر ئەهلی بیدعەو بیدعەچیەکاندا، لە ساڵی (١٤٢٩) کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

187 یوسف: ١٠٨

سەرفرازی، وە خەڵکی بانگ دەکەم بۆ ئەوەی بگەن بە پەروەردگاریان، لەگەڵ ئەوەشدا من و ئەوانەش کە موسڵمان بوون و شوێنم کەوتوون، لەسەر چاو ڕۆشنی و زانست و دڵنیاییم دوور لە هەموو گومانێك)، وە کە دەفەرموێت: ﴿أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ﴾ واتە: (لەسەر زانستێك کە بە شێوەو لەسەر ڕێگای پێغەمبەر ﷺو هەموو پێغەمبەران بێت سەلامی خوایان لێ بێت)[١٨٨].

وە لە وەڵامی هەمان پرسیاردا کە ئاڕاستەی شێخ صالح بن فوزان الفوزان کراوە ووتی: مەنهەج و ڕێبازی بانگەوازی کردن جێگیرە، وەك لە قورئان و سوننەت و سیرەو ژیانی پێغەمبەردا ﷺ ڕوون کراوەتەوە، هیچ شتێك لە لایەن خۆمانەوە داناهێنین و زیاد ناکەین، وە هەموو ئەو شێوازو ڕێبازانە لە قورئان وسوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەنەو دەست دەکەون، وە ئەگەر ئێمە بۆخۆمان مەنهەج و ڕێبازێك بۆ دابهێنین، ئەوا خۆشمان بەزایە دەڕۆین و لە دەست دەچین، وە ئەو مەنهەج و ڕێبازەش کە لە قورئان و سوننەتدا بۆمان دیاری کراوە لە دەستی دەدەین و بە زایە دەڕوات. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ).

وە هەروەها شێخ صالح الفوزان بەردەوام دەبێت لە وەڵامەکەی و دەڵێت: بەڵێ، زۆر هۆکار هەیە ئەمڕۆ خزمەتی دەعوەو بانگەوازی ئیسلامی پێ دەکرێت، وە لە هەمان کاتدا پێشتریش نەبوون، وەك: دەنگ بەرزکەرەوە (مكبرات الصوت)و ڕدیۆو کتێب و هۆکارەکانی پەیوەندی کردنی خێراو بڵاوکردنەوەی پەخشی ئاسمانی؛ وە ئەوانە پێیان دەوترێت: هۆکار، بۆ دەعوەو بانگەوازی سوودیان لێ دەبینرێت، وە پێیان ناوترێت مەنهەج و ڕێباز، بەڵام مەنهەج و ڕێباز خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونی کردۆتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾[١٨٩]، واتە: (بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی ئامۆژگاری چاك و بەسوود، وە باشترین شێوە گفتوگۆو تووێژیان لەگەڵدا بکە)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي﴾، وە هەروەها لە سیرەو ژیانی پێغەمبەردا ﷺ لە مەککەو مەدینە مەنهەج و ڕێبازی دەعوەو بانگەوازی کردنی ڕوون کردۆتەوە، ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ﴾[١٩٠]، واتە: (بەڕاستی پێغەمبەری خوادا ﷺ باشترین پێشەنگ و پێشەوایە بۆ ئێوە کە شوێنی بکەون وڕێبازی ئەو بگرنە بەر).

وە شێخ جمال بن فُريحان الحارثي لە پەراوێزی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: بەڕاستی خوای گەورە دینەکەی بۆ ئێمە تەواو کردووە؛ وە بۆ هیچ کەسێك نیە کە لە لای خۆیەوە ڕێگایەك دابهێنێت بۆ بانگەوازی کردن، وە ئەگەر وای کرد ئەوا بە زمانی خۆی دەڵێت: بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ کەمتەرخەمی کردووە لە گەیاندنی پەیامی خوای گەورەدا، وە بۆ گەیشتنی بە ڕێگایەك کە سوودو کاریگەری زیاترە.

وە ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ کاتێك (معاذی کوڕی جبل)ی نارد بۆ یەمەن، پێی ووت: (إنك ستأتي قوماً أهل الكتاب؛ فإذا جئتهم فادعُهم إلى: أن يشهدوا أن لا إله إلاّ الله، وأن محمداً رسول الله، فإن أطاعوك لك بذلك

---

[188] بڕوانە کتێبی (الفتاوى الجلية عن المناهج الدعوية، من إجابات فضيلة الشيخ/ أحمد بن يحيى النجمي ص(٥٢-٥٦).

[189] النحل: ١٢٥

[190] الأحزاب: ٢١

فـأخبرهم)[١٩١]، وە ئـەو فەرمودەیـە دەلیـل و بەڵگەیـەكی ڕوون و ئاشـكرایە لەسـەر ئـەوەی كـە مەنهـەج و ڕێبـازی بانگەوازی كردن بۆلای خوای گەورە جێگیرە، وە ئەگـەرنا ئـەوا (معـاذی كـوڕی جبـل) لـە پێشترو شـارەزاترە لـە هەزاران بانگەوازی كارانی ئەمڕۆ[١٩٢].

**كۆتایی:**

خوێنەری بەڕێز؛ لەگەڵ شی كردنەوەو وەڵام دانەوەی هەموو ئەو شوبهانەی كـە دەهێنرانـەوە بـۆ شـەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان، دەكرێت بە كورتی بڵێین:

(بەڕاستی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بە هەموو جۆرو شێوازە جیاجیاكانیەوە بیدعەنەو پێویستە لەسەر موسڵمانان واز لەوو لەهەر بیدعەیـەكی تـر كـە بهێـنن، وە خۆیـان خـەریك بكەن بە زیندوو كردنەوەی سوننەتەكانی پێغەمبەر ﷺو دەست پێوە گرتنیـان، وە هەڵنەخەڵـەتێن و گرفتـار نـەبن بەوانەی كە ڕەواج بەو بیدعەیە دەدەن و بەرگری لێ دەكەن، چونكە بەڕاستی و بەداخەوە ئەوانە ئەوەنـدەی بایـەخ بە زیندووكردنەوەی بیدعەكان دەدەن، ئەوەندە گرنگی و بایەخ نادەن بە زیندووكردنەوەی سوننەتەكانی پێغەمبـەر ﷺ، بگرە زۆر جاریش وایە كە هەر لە بنچینەدا بایەخ بە سـوننەت نـادەن، جـا یـەكێك ئەمـە حـاڵی بێـت بـە هـیچ شێوەیەك درووست نیە لاسایی بكەنەوەو شوێنی بكەون، ئەگەر لە كاتێكدا ئەوانـەی ئـەو كـارەش دەكـەن زۆرینـەی هەرە زۆری خەڵكی بن، بەڵكو پێویستە شوێن ڕێ و شـوێنی ئەوانـە بكـەوین كـە بەڕاسـتی لەسـەر ڕێبـازو سـوننەتی پێشینە چاكەكان و شـوێن كـەوتوانیان ڕۆیـشتوون ئەگـەر كـەمیش بـن، چـونكە حـەق و ڕاسـتی بـە مرۆڤەكانـەوە ناناسرێتەوە، بەڵكو مرۆڤەكان بە شوێن كەوتنی حەق و ڕاستی دەناسرێنەوە.)

وە دوای ئـەوەی كـە هـیچ شـتێكتان بـە دەسـتەوە نـەما بـۆ بـەرگری كـردن و حـەڵاڵ كردنـی بیدعەكـەتان، (پێویستە لەسەر ئێوەو هەموو ئەوانـەی كـە ئەمـە بـە كـارێكی بـاش دەزانـن تەوبـە بكـەن و بگەڕێنـەوە لای خـوای پەروەردگار، وە هەر ئەوەش پایەی مرۆڤی بڕوادارە كە حەقی بۆ ڕوون بۆوە بێتەوە سـەری و شـوێنی بكـەوێت، وە هەركەسێكیش سەر كەشی بكات و واز نەهێنێت لەدوای ئەوەی كە بۆی ڕوون كرایەوە، ئەوە بەڕاستی لێپرسـینەوەو حیسابی لای خوای پەروەردگارە.)[١٩٣]

وە هەروەها بۆمان دەركەوت كە هیچ بنەمایەكی شەرعی نیەو (مـا أنـزل الله بهـا مـن سـلطان)، بـەڵكو تـەنها چـاولێكەری و لاسـایی كردنـەوەی گـاورو جولەكـەكان وكـەم شـارەزاییە لـە ئـایینی پـیرۆزی ئیسلام، وە پێویـستە موسڵمانان ئاگادار بن لە هەموو كارێكی داهێنراوو دوركەتنەوە لێیان و ئەنجام نەدانیان، چونكە نەك هەر پاداشتیان لەسـەر دەسـت ناكـەوێ، بـەڵكو گوناهبـاریش دەبـن و لەسـەری قـەرزار دەبنـەوە، لەبـەر ئـەوەی كەسـی بیدعەچـی (مبتـدع) تۆبـەی لێ قبـوڵ ناكرێـت تـا واز لـە بیدعەكـەی نـەهێنێت؛ وەك بـە مـەرفوعی لـە ئەنەسـەوە هـاتووە كـە دەفەرموێت: (ان الله احتجز التوبة عن صاحب كل بدعة)[١٩٤] وە بەزەحمەتیش واز لەو بیدعەیە دەهێنـێ، چـونكە بـە گومانی خۆی عیبادەتێك ئەنجام دەدات بۆ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار.

---

[191] أخرجه البخاري (١٣٣١،١٤٢٥).

[192] بڕوانە (الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة)، من إجابات معالي الشيخ الدكتور/ صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان، ص(٤٤-٤٦).

[193] بڕوانە: حقوق النبي ﷺ الإجلال والإخلال، ص(١٤٨-١٤٩).

[194] الصحيحة ج٤/ص١٥٤.

# بەندی حەوتەم

## کتێبەکەی پرۆژەی چراو چەند سەرنجێك



**پێناسەیەكی كورتی پرۆژەی چرا:**

ئەم پرۆژەیە لەم دواییانەو لە لایەن چەند كەسێكەوە لە شاری هەولێر دامەزراوە كە بە نیەتی خۆیان دەیانەوێت بەرگری لە شەریعەتی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بكەن، بەڵام بەداخەوە وەك لە كارو بڵاوكراوەكانیانەوە دیارە هەوڵەكانیان بۆ زیندوو كردنەوەی بیدعەیەو زیاتر پارێزگاری و بەرگری لە بیدعەو كاری بێ بەڵگە دەكەن نەك لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، وە لەهەمان كاتدا دژایەتی كردن و بە كەم سەیركردنی بانگەوازیكاران و هەڵگرانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، لە كاتێكیشدا شوێن كەوتوانی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو كەس زیاتر پێغەمبەریان ﷺ خۆش دەوێت و دەیانەوێت ووردو درشتی هەموو سوننەتەكانی زیندوو بكەنەوەو هەرچی بیدعەو خوڕافە هەیە لەناو دیندا بیسڕنەوەو ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لێ پاك بكەنەوە.

وە دەستەی پرۆژەی چرا كتێبێكیان چاپ كردووە بە ناونیشانی (حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئاخر زەمان)، كە لە كتێبی ناوبراودا هەستاون بە هێنانەوەی كۆمەڵێك شوبهەو قسەی بێ بنەماو بێ بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەگەرچی لە سەرەتادا نەمویست هیچ دەربارەی ئەم كتێبە بنوسم، بەڵام دوای ئەوەی كە سەیری ناوەڕۆكەكەیم كرد بینیم زیادەڕەویەكی زۆری تێدایە دەربارەی شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە هەروەها هێرش كردنێكی ناڕەواو بێ ویژدانانە بۆسەر هەڵگران و شوێن كەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

وە هەموو ئەو دەقانەی كە لە كتێبەكەیاندا هێناومنەوەو باسم كردوون، هەر وەك خۆی نوسیومنەوەو دەستكاری ڕێنوسەكەیانم نەكردوون، وە كە هەڵەیەكیشتان بەرچاو كەوت تیایاندا ئەوا هەر لە كتێبەكەیاندا ئاوا نوسراوەو من دەستكاریم نەكردوون و ڕاستم نەكردوونەتەوە.

سەرەتا دەربارەی پرۆژەكەیان و لە لاپەڕە(٥)ی كتێبەكەیاندا دەڵێن: (كۆمەڵێك لە زاناو مامۆستای شارەزا لە بواری شەریعەتی ئیسلام ئەم ئەركەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان بۆ نیشان دانی بابەتەكان بەڕاستی و دروستی، دیارە سەرچاوەی ڕوونكردنەوەی بابەتەكان قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ)!!!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئەم كۆمەڵە زاناو مامۆستاو شارەزایە لە بواری شەریعەتدا كێن؟!! وە كێ شاهێدی بۆ داون كە بەڵێ ئەمانە زاناو شارەزان لە بواری شەریعەتدا؟!! وە ئەگەر مەبەستتان خۆتان بێت ئەوا زانایان و شارەزایانی ڕاستەقینە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەرگیز خۆیان بەو شێوەیە وەسفی خۆیانیان نەكردووە، بەڵكو بەردەوام ووتویانەو دەڵێن: ئێمە قوتابی زانایان و داواكاری زانستی شەرعیین (طالب علمین)، وە بەردەوامیش بەرگریان لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ كردووە، نەك وەك جەنابتان هەوڵیان زیندوو كردنەوەو بایەخ دان بێت بە بیدعەو گوێ نەدەن بە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

وە كە ڕاستیش دەكەن كە سەرچاوەی سەرەكی ڕوونكردنەوەی بابەتەكان قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ، دەفەرمون سەیری تەواوی قورئان و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺو پاشان هەر سێ سەدە

پیرۆزەکەی دوای پێغەمبەر ﷺ و هەر چوار مەزهەبە سەرەکیەکەی ئیسلام بکەن و بزانن یەك ووشەتان دەست دەکەوێت دەربارەی ئەم بیدعەیەی کەوا بەیت و بالۆرەی بۆ لێ دەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن؟!! یان بە پێچەوانەوە ئەوەی دەستتان دەکەوێت لێی هەمووی پێچەوانەی قسەکانتانەو لێتان دەکاتەوە بە کەف دەریاو تۆزی بەر با.

ئینجا دێنە سەر باسی مێژووی ئاهەنگ گێڕان و حوکمەکەی کە ئەمەیان زیاتر جێگای مەبەستی ئێمەیەو دەمانەوێت شوبهەکانیان هەر وەك شوبهەی پێشەواکانیان (**محمد علوي المالكي** و **محمد علوب** و **يوسف بن هاشم الرفاعي** و......هتد) ڕوون بکەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە، وە لە کاتێکدا ئەمانەی ئەوان پشتیان پێ دەبەستن بە تەواوی مانا دژایەتی سوننەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و زۆرینەی بڵاوکراوەکانیان تایبەتە بە دژایەتی کردنی سوننەت و هەڵگران و شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی.

لە لاپەڕە (٤٣)ی کتێبەکەیاندا دەڵێن: (یەکەم کەس کە پێی هەڵسا لە سەدەی شەشەمی کۆچی (سلطان مظفر) بوە)، لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان مێژوو نوساندا دەربارەی ئەوەی کە کێ یەکەم کەس ئاهەنگی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ گێڕاوە، بەڵام ئەمەش پێچەوانەی بۆچونەکەی ئەوانە کە وا تێی گەیشتوون، بەڵکو یەکەم کەس کە بەم بیدعەیە هەستاون و ئەنجامیان داوە بە ڕای زۆربەی مێژوو نووسان (فاطمیەکان) بوون لە میصر، وە ئەگەرچی هەر کامێکیان بێت هیچ گرفت و ناکۆکیەك دروست ناکات دەربارەی حوکمەکەی، چونکە ئەم کارە هەر کەسێك پێی هەستابێت و ئەنجامی دابێت هەر یەك حوکمی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە (بیدعەیە)و کەم و زۆر شەریعەتی ئیسلام پێی ڕازی نیەو بەڵکو بۆی زیادکراوە.

وە دواترو لە لاپەڕە (٤٤)دا دەڵێن: (ابن اثير لە وەصفی دا دەڵێت (كان شجاعا عاقلا عالما عادلا شهما) واتەپیاوێکی ئازا و جوامێر و زاناو دادپەروەر و ژیر و زاڵ بووە بە سەر دوژمنانی دا وە هەروەها (امامی حافظی ذهبي) دەڵێ لە (سير اعلام النبلاء) لە بەرگی (٢٢) لاپەڕە (٣٣٦) (كان متواطعا خيرا سنيا يحب الفقهاء والمحدثين).

دیسان ئەمەش بە هەڵەداچونێکی ترە، چونکە ئەگەر کەسێك وەصفی جوان و باشی بۆ کرا بەو شێوەیەو بگرە باشترو زیاتریش باس بکرێت، مانای ئەوە نیە کە ئەو کەسە بێ هەڵەو پەڵەیەو هیچ خراپەیەکی تێدا نیە، وە لە هەمان کاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسە هەر کارێك ئەنجام بدات ڕاست و دروست بێت و شەرع ڕێگەی پێ بدات، بۆیە ئەم کارە هەر بیدعەیەو شەرعیەتی پێ نادرێت ئەگەر سەدان وەصفی لەوە جوانترو چاکترو باشتر بۆ ئەنجام دەرەکەی بووترێت و بنوسرێت.

وە هەروەها لە لاپەڕە (٤٥)ی کتێبی ناوبراودا دەڵێن: (خاوەنی کتێبی (الاعلام بفتاوى ائمة الاسلام حول مولده عليه الصلاة والسلام) کە ناوی سەید (محمد بن علوي المالكي الحسنى خادم العلم الشريف بالبلد الحرام) دەڵێ ئەمە ڕاست نییە کە فاطمیەکان یەکەم کەس بن یادی مەولودی پێغەمبەریان(ﷺ) کردبێتەوە).

قسەکەتان ڕاستە دەربارەی ئەم (محمد علوی)یە، کە دەڵێ ئەمە ڕاست نیە کە فاطمیەکان یەکەم کەس بن یادی مەولودی پێغەمبەریان ﷺ کردبێتەوە؛ بەڵام پێ دەچێت جەنابتان ئەم کتێبەتان بە ووردی نەخوێندبێتەوە، چونکە ئەم پیاوە زۆر لەوە جاهیل و تێنەگەیشتووترە کە ئێوە دەڵێن، بەڵکو ئەو دەڵێت: یەکەم کەس کە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری ﷺ کردەوە؛ لە دایك بوو خۆی بوو (واتە پێغەمبەر ﷺ)، سەیری ئەم نەفامی و

تێنەگەیشتنە بکەن و بزانن چ نەفامیەك لەوە خراپترە؟ وە بۆ ئەم قسەیەشی ئەوە دەکات بە بەڵگە کەوا پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی دوو شەممان بە ڕۆژوو دەبوو!!! ئەمە چ تەئویل و لێکدانەوەیەکە کە دەکرێت بۆ بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی دوو شەممە؟!!

وە هەروەها لە لاپەڕە (٥٠)ی کتێبەکەیاندا دەڵێن: (ڕێگە دان و دروست بوونی ئاهەنگ گێڕانە بە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بە پێی مەرجە شەرعی یەکان.)!!!

لە خۆتان دەپرسم؛ کارێك کە لە بنچینەدا بیدعە بێت چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانین مەرجە شەرعیەکانی لەگەڵدا بگونجێنین و شەرعیەتی پێ بدەین؟

وە هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێن: (ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەکانی ئیسلامی وەکو لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) و کۆچکردنی خۆی و یارانی و بوونی بە پێغەمبەر و هی تریش بۆ ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ **زۆر زۆر پێویستە**)!!!

بەڕاستی سەیرە؛ چونکە بە پێی بۆچوون و لێکدانەوەی ئەوان بێت دیارە خواو پێغەمبەر ﷺ نەیان دەزانی کە ئەم یادو بۆنانە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ (**زۆر زۆر پێویستن**) تەنها بەڕاو بۆچوونی ئەوان نەبێت، ئەمە لە کاتێکدا هەرچی خێرو چاکە هەیە بە گشتی و هەموو کارێکی واجب و سوننەت لەم ئایینە پیرۆزەدا ڕوون کراوەتەوە، ئەی باشە بۆچی باسی ئەم یادانە نەکراوەو پێویست و واجب نەکراوە لەسەرمان؟ یان دیارە ئەمەش لەو نهێنیە تازە ئاشکرا بوانەیە کە بەڕێزان و شارەزایان و زانایانی پرۆژەی چرا بۆیان ئاشکرا کردووین؟!!

وە هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێن: (لە دەست دانی ئەم جۆرە یادانە بە بیانووی (کل بدعة ضلالة) هەموو داهێنراو و کارێکی تازە سەرهەڵدەر : گومڕاییە و بۆ نێو دۆزەخە !! ئەمە بڕیارێکی ستەمە بە سەر ئەم یادانەی بسەپێنی، چونکە ئەم یاد و بیرەوەریانە پەیوەندیان بە خوا پەرستی و بیر و باوەڕەوە نییە..)

## وەڵام لە چەند ڕوویەکەوە:

١- ووشەی (کل) لە زمانی عەرەبیدا هەموو شتێك دەگرێتەوەو (تفید العموم)ە، هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان بە قسەیەکی شێخ (عبدالمحسن العباد[195])دا کە دەڵێت: (بەڕاستی تێگەیشتنی ڕاست لە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: (وکل بدعة ضلالة) ئەوەیە کە ئەم وتەیە لەسەر گشتێتی خۆی بهێڵرێتەوە، وە هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە لە دینی خوای گەورەدا داهێنراون بیدعەنە، وە ڕەت دەکرێنەوە بەسەر ئەو کەسەی کە هێناونیە ناو دینەوە)، ئەی کەواتە چۆن و بە چ شێوەیەك دەکرێت بەشێك لە بیدعەکانی لێ فرێ بدەینە دەرەوەو بڵێین ئەم فەرمودەیە هەموو بیدعەیەك ناگرێتەوە؟!!

[195] ناوی (عبدالمحسن بن حمد بن عبدالمحسن بن عبدالله بن حمد بن عثمان آل بدر)ە، لە (٣/رمضان/١٣٥٣)ی کۆچی لە دایك بووە، وە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرە لە ساڵی (١٣٨١)ەوە تا ئێستا وەك مامۆستا لەو زانکۆیە بەردەوامەو وانەی تیادا دەڵێتەوە، وە لە مانگی موحەرەمی ساڵی (١٤٠٦)ی کۆچیەوە تا ئێستاو بەردەوام وانەو دەرسی شەرعی لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە دەڵێتەوە، وە تا ئێستا صەحیحی بوخاری و صەحیحی موسلیم و سونەنی ئەبو داودو نەسائی و سێ بەش لە سونەنی تورمزی شەرح کردووە، وە شێخی ناوبراو تا ئێستا لە ژیاندا ماوەو چەندەها کتێب و لێکۆڵینەوەو نامیلکەی بڵاوکراوەی هەیە، وە هەموو بابەتکانی لە ساڵی (١٤٢٨)ی کۆچیداو لە (٨)موجەلەدی گەورەدا کۆکراونەتەوەو بەسەر یەکەوە بڵاوکراونەتەوە، خوای گەورە بیپارێزێت و تەمەن درێژو لەش ساغی بکات بۆ زیاتر خزمەت کردنی قورئانی پیرۆزو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

٢- وە كە دەشڵێن ئەم یادو بیرەوەریانە پەیوەندیان بە خوا پەرستی و بیروباوەڕەوە نیە، ئەی ئەم چەندەها ملیۆن دینارو دەفتەر دۆلارە لە پێناوی چیدا سەرف دەكرێت و بە هەدەر دەدرێت كە پەیوەندی بە عیبادەت و خوا پەرستیەوە نیە؟!! ئەی كە پەیوەندی بە خوا پەرستیەوە نیە ئەم هەموو پارە خەرج كردنە لە پێناوی بەزم و ڕەزم و كەیف و سەفاو خواردن و خواردنەوەیەدا ناچێتە بابی زیادەڕەوی كردن لە ماڵ سەرف كردندا؟!! ئەی خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾[196]؟!! ئەی ئەم هەموو پارەیەی سەرف دەكرێت لە چاپكردن و بڵاو كردنەوەی پۆسكارت و پەڕۆی نوسراوو ...هتد و هەڵواسینیان لەسەر شەقام و دیواری دوكان و ماڵ و گەڕەك و كۆڵانەكان، بێ ئەدەبی كردن نیە بەرامبەر ئایەتەكانی خوای گەورەو ناوی پێغەمبەرەكەی ﷺ، كاتێك زۆربەی هەرە زۆری ئەم هەڵواسراوانە لە ڕۆژی مەولودو ڕۆژانی دوای ئەو بەردەبنەوە سەر زەوی و دەكەونە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبێل و لە ژێر پێی خەڵكیدا دەدۆزرێنەوە، ئەی ئەمە گوناهو تاوان نییەو سوكایەتی كردن نییە بەم ئایەت و فەرمودانەی پێغەمبەر ﷺ كە لەسەریان نوسراون؟!!

٣- وە كە خواپەرستی و عیبادەت نییە وەك دەڵێن، فەرمون ئێوە لە ئاهەنگێكداو لە دوای كۆتایی هاتنی ئاهەنگەكە بە ئامادەبوان بڵێن: (ئەی خەڵكینە ئەوەی كە ئێوە تیایدا بەشداروو ئامادە بوون، وە ئەو پارەو ماڵ خەرج كردن و كات بە فیڕۆدانەتان هیچ بۆتان بە خوا پەرستی و عیبادەت نەنوسراوەو تەنها بریتی بووە لە خواردن و خواردنەوەو بەسەر بردنی چەند ساتێكی خۆش)، ئنجا دەزانن و بۆتان ڕوون دەبێتەوە كە ئەم خەڵكە چیتان پێ دەڵێن؟ وە كە خەڵكی بۆی ڕوون كرایەوە كە ئەمە تەنها ماڵ بە فیڕۆ دان و مەسرەفێكی بێ سوودە، چۆن ماڵ و سامانی خۆی پەخشان و بڵاو دەكات و دەی بەخشێت كاتێك بزانێت كە بۆ قیامەتی هیچ سوودو كەڵكێكی لێ نابینێت؟!! وە ئێوە بەو شێوەیە تێیان بگەیەنن بزانن لە داهاتوودا چەند كەس بەشداری دەكات لەو بۆنەو یادە بێ كەڵك و زیاد كراوانەی كە جەنابتان باسی لێوە دەكەن؟!!

پاشان دێنە سەر بابەتێكی ترو دەیانەوێت قسەی چەند زانایەكی سعودی بهێننەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن كە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بیدعە نیەو بەڵكو شتێكی ڕێگە پێدراوو دروستە، وە قسەی ئەم زانایانەش بە گومانی خۆیان بۆیە دەهێننەوە كە گوایە شوێن كەوتوانی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تەنها گوێڕایەڵی زانایانی سعودی دەكەن و بێ بەڵگە شوێن ووتەو فەتواكانیان دەكەون، ئەمە لە كاتێكدا هەڵگران و شوێن كەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ شوێن بەڵگەی ڕاست و دروست دەكەون و ووتەی هەر زانایەك كە پێچەوانەی سوننەت بێت ڕەتی دەكەنەوەو شوێنی ناكەون، جا ئەم ووتەو فەتوایە هی هەر زانایەك بێت و لە هەر سەردەم و كاتێكدا ژیابێت، وە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێ بەجێكردنی ووتەی زاناكان خۆیانە، چونكە ئەوان ڕازی نابن كە لە شتێكدا هەڵەیان كردووە شوێنیان بكەوین، بەڵكو فەرمانمان پێ دەكەن و ئامۆژگاریمان دەكەن كە شوێنی بەڵگەو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ بكەوین، وە بۆ ئەوەی زیاتر لەم بابەتە شارەزابن و بزانن بگەڕێنەوە لاپەڕە (٣٦-٤٥)ی ئەم كتێبەی بەر دەستت كە فەتوای پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەكەی تێدایە دەربارەی ئەوەی كە شوێن ئەو فەتوایانەیان نەكەوین كە نەیان پێكاوەو پێچەوانەی سوننەتە، وە بە دڵنیاییەوە هیچ زانایەك كە لە هەر سەردەمێكدا بووبێت هەمان بۆچونی ئەوانیان هەیەو نابێت

[196] الأعراف: ٣١

شوێنیان بکەوین لەو فەتوایانەی کە نەیان پێکاوە یان پێچەوانەی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەرە ﷺ، وە ئەهلی سوننە لەسەر ڕێ ڕۆشنی و بەڵگە دەڕۆن و بێ بەڵگە فەتوا لە هیچ کەسێك وەرناگرن، کە ئەمەش قسەیەکی ناڕەوایە بەرامبەر ئەهلی سوننە دەیکەن وتاوانێکی زۆر گەورەیەو حوکمەکەی بۆخۆتان بە جێ دەهێڵم!!!

وە ڕەوانە کردنی خەڵکیش بۆ جەهەننەم و خەڵك بە کافر دانان و تۆمەتی شیرك و کوفر دانە پاڵیان، کاری هەڵگران و شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نییە، بەڵکو ئەمە کاری جەنابتان و پێشەواکانتانن کە ئەم حوکمانە دەدەن بەسەر خەڵکداو بە پێ خواسی و ئارەزووی خۆتان دەکەونە ناو دین و بە پێی پێویستی خۆتان و خۆ گونجاندنتان لە گەڵ سەردەمدا فەتوای پێ دەدەن.

ئینجا باسی ئەو سێ زانایە دەکەن و لە لاپەڕە(٥٢)ی کتێبەکەیاندا دەڵێن: (ئەم سێ ڕاو بۆچوونی ئەم زانایانەی سعودیش بۆیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دێ نینەوە چونکە زیاتر باوەڕ ومتمانە یان بە ڕای کەسی دیاری کراو هەیە نەك بە (ئایەت و حەدیث) چونکە ئەکرێ (ئایەت و حەدیث تاویل) بکرێن یان بە بیانووی (زەعیفی سەنەدی حەدیث، حەدیثەکە) **تێ هەڵدرێت** بەڵام کە (شێخ فلان) فەرمووی بێت ئەوە قسە لە قسەی ناکرێت بەهێزترین بەڵگەیە لای ئەوان!!)

سەرەتا پێتان دەڵێم: ﴿ سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴾، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە هەڵگران و شوێن کەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ هیچ قسەیەکی بێ بەڵگە قەبوڵ ناکەن و دەمار گیریان نیە بۆ ووتەو فەتوای هیچ زاناو پێشەوایەك لە پێشەوایانی کۆن و تازەش ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، وە بەڵکو گەورەترین بەڵگە لای ئەوان بریتیە لە قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، وە هیچ ئایەت و فەرمودەیەکیش تەئویل ناکەن بە شێوەیەکی نادروست و بە پێچەوانەی مەبەستی پێغەمبەر ﷺو ئەوەی کە پێشەوایانمان لێی تێگەیشتون، وە هەر فەرمودەیەکی ڕاست و صەحیحیش هەبێت ئەوا وەری دەگرن و کاری پێ دەکەن، نەك بەو بێ ڕێزی و بێ ئەدەبیەی کە جەنابتان دەڵێن (حەدیثەکە تێ هەڵدەدرێت)!!! پەنا بەخوا لەسەر لێ شێواوی.

### وە ووتەی زاناکان کە هێناویانن ئەمانەن:

**شوبهەی یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێن:** زانکۆی (ئیمام محمد سعودی ئیسلامی) بە یادو بیرەوەری هەر هەر یەکێك لە شێخ محمد عبدالوهاب و مەلیك عبدالعزیز — ڕەحمەتی خوایان لێ بێت —هەست و بانگەوازی تێکرا بێ نوسەرو بیرمەندەکانیان کرد بۆ ئەو بیرەوەریە مێژوویە گەورەیە و سەرەڕای ئاهەنگ گێڕانی ساڵانەیان بە ڕۆژی نیشتمانی ڕۆژی دامەزراندنی مەملەکەت لەسەر دەستی مەلیك عبدالعزیز.......) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٢).

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:

١–کاتێك زانکۆیەك هەڵدەستێت بە بەستنی کۆڕو سیمینارو لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بابەتانە، ئەوە بڕیارێکی تایبەتی خۆیەتی دەری دەکات یان بڕیارێکی حکومەتە جێ بەجێی دەکات، وە بڕیاری زانکۆیەك یان هەر حکومەتێك نابێت بە بەڵگەی شەرعی و حوکمی شەرعی لەسەر بنیات نانرێت، وە هیچ زانایەکیش لە گەورە زانایانی سعودی نەیان وتووە مادام بۆ ئەوان درووستە ئەوە بۆ پێغەمبەریش ﷺ دروستە.

٢–وە ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەی ڕۆژی نیشتمانی و ڕۆژی دامەزراندنی مەملەکەت چ پەیوەندیەکی بە ئاهەنگ گێڕانەوە هەیە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟!! وە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بڕیارو کاری حکومەت

نابێت بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەیەك ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە خۆ كاربەدەستانی حكومەتی سعودی سەرچاوەی فەتوا نین، وە هەروەها مەعصوم و پارێزراویش نین لە تاوان تا بڵێین كارەكەیان قەبوڵەو لێیان وەردەگیرێت، بەڵام دیارە ئێوە پێتان وایەو ئەوان بە مەعصوم و بێ تاوان دەزانن بۆیە كارەكەیان بە بەڵگە دەهێننەوە ! ! !

٣- وە هەروەها ئەو سەرچاوەیەی كە ئێوەئەم شوبهانەتان لێ وەرگرتوون و دووبارەیان دەكەنەوە لێتان وەر ناگیرێت، چونكە ئەوانە دژایەتیەكی گەورەی شوێن كەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ دەكەن و دڵیان نەخۆشەو شوێن هەواو ئارەزووی نەفسیان كەوتوون، وە پێویست بوو لەسەرتان هەموو ئەو بەناو بەڵگانە لە كتێبی زاناكان خۆیانتان وەرگرتبایەو گەڕابانەوە سەر ووتە ڕاست و دروستەكانی ئەوان.

٤-وە ئەم كۆڕو سیمینارە هەفتەییەی كە بۆ ئەم پیاوە بەڕێزە بەستراوە، لە بۆنەیەكی تایبەتدا نەبووە وەك ئەوەی لە ساڵڕۆژی یادی لە دایك بوونیدا بووبێت یان لە یادی ئەم ڕۆژەدا بووبێت كە تێیدا كۆچی دوایی كردووە، بەڵكو لە ڕۆژێكی ئاسایی لە ڕۆژەكانی ساڵدا بەستراوەو ڕۆژێكیشی بۆ دیاری نەكراوە تا ساڵانە لەو ڕۆژەدا یاد بكرێتەوە، وە یادكردنەوەكەش بۆ ڕەواندنەوەو ڕوونكردنەوەی ئەو شوبهەو گومانانە بووە كە لەسەر بانگەوازو مەنهەجی شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب هەبووە لە لایەن خەڵكانی دڵ نەخۆش و بیدعەچیەكانەوە.

٥-وە هەروەها دەربارەی ئەم كۆڕ گرتنە هەفتەییەی[197] كە بۆ شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب بەستراوە، پرسیار كراوە لە شێخ محمد بن صالح العثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت كە پرسیارەكە بەم شێوەیەیە : جیاوازی چیە لە نێوان ئەوەی كە ناو دەبرێت بە هەفتەی محمدی كوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەگەڵ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ ؟

لە وەڵامدا شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: جیاوازی نێوانیان بە پێی ئەو عیلم و زانیاریەی ئێمە هەمانە لە دوو ڕووەوەیە:

یەكەمیان: ئەو هەفتەیەی كە بۆ محمدی كوڕی عبدالوهاب گێڕدراوە دووبارە نابێتەوەو ناگەڕێتەوە وەك چۆن جەژنەكان دەگەڕێنەوە، بەڵكو ئەمە ڕوون كردنەوەیەكە بۆ خەڵكی دەربارەی ئەو شتانەی كە لەسەری نوسراوە، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم پیاوە كە لە لای زۆر خەڵكی نەناسراو بووە، پاشان ئەم كارە كۆتایی پێ هاتووەو بڕاوەتەوە.

---

[197] ئەم كۆڕ بەستنە هەفتەییە كە بۆ زانای پایە بەرزو نوێكەرەوەی سەدەی دوانزە شێخ محمدی كوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەستراوە، بۆ ئەوە بووە كە بیرو باوەڕو مەنهەجی ئەم پیاوە ڕوون بكەنەوە، چونكە بەردەوام و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خەڵكێكی زۆر لە ئەهلی بیدەع و بیدعەچیەكان و ئەوانەی بانگەشەو بانگەوازی بۆ حزبایەتی و كۆكردنەوەی خەڵك و بەكارهێنانیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان لەسەر ئەم زانا بەڕێزەو مەنهەجەكەی كە قورئان و سوننەتی صەحیحە دەنوسن و بڵاوی دەكەنەوە لە كتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەكانیان و بڵاوكراوە حزبی و تایبەتەكانیان و دەیانەوێت لەكەداری بكەن و خەڵك دوور بخەنەوە لەو مەنهەجە ڕاست و دروستەی كە لەسەری بووە، وە ئەو كۆڕەش كە بەستراوە ساڵانەو بە بۆنەی لە دایك بوونی دووبارە نابێتەوەو نەكراوە بە یادێك، بەڵكو تەنها بۆ ئەوەیە كە ناحەزانی لە ئەهلی بیدەع و ئەوانەی شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان كەوتوون ئەم پیاوە لە نزیكەوە بناسن و بزانن كە خاوەنی چ مەنهەجێكی پاك و بێ خەوشە، وە واز بهێنن لەو بوهتان و بێ ڕێزیەی كە بۆ خۆی و مەنهەجەكەی دەكرێت.

دووەمیان: ئەو هەفتەیەی کە بۆ محمدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەستراوە، بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە نەبەستراوە، بەڵکو مەبەست تێیدا لابردنی ئەو شوبهەو گومانانە بووە کە لە هەست و نەستی هەندێك لە خەڵکیدا هەبووە دەربارەی ئەم پیاوە.

وە ئەمە فەتوای ئەو زانا بەڕێزو شارەزایەیە کە جەنابتان دەڵێن: نەك تەنها جێی متمانەی خەڵکی سعودی بەڵکو هی هەموو جیهانی ئیسلامیە، وە بینیتان نە ئەوەیانی بە یادو بۆنەو جەژن لە قەڵەم داو نە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانیشی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ قیاس کرد لەسەر ئەمەیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

**وە لە شوبهەی دووەمیاندا دەڵێن**: (پرسیار لە شێخ محمد صالح عوسەیمین کراوە : ئایا بەرپاکردنی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی تەواو کردنی خەتمی قورئان وبۆنە دڵ خۆش کەرەکانیتر وەکو دەرچوون و هاتنەوەی یەکێك کە لێرە نەبووە ئەکەوێتە بواری زێدەڕۆیی ؟)، دواتر دەڵێن: (شێخ لە وەڵامیا فەرموویەتی : بەرپاکردنی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی هاتنەوەی یەکێك لە سەرکەوتنی ئەو جۆرە شتانە قەیدی ناکات و هیچی تێدا نییە.......هتد)، وە پاشان دەڵێن: (گومانی زاڵ : ئاهەنگ گێڕان بەو جۆرە بۆنانە، واتە بۆنەی ئەو دڵخۆشیانە ناکەوێتە بواری خۆ نزیك خستنەوە لە خوا بەڵکو دەرخستنی خۆشی و شادی یە هیچی تێدا نییە، خوداش زاناترە.) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٣).

وەڵامی شوبهەی دووەم:

١–دیسان پرسیارتان لێ دەکەم بۆچی نەگەڕانەوە سەر کتێب و فەتواو بڵاو کراوەکانی شێخ محمد بن صالح العثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت و بە دوایدا نەگەڕان تا بەڕاستی بزانن شێخ ئەم فەتوایەی داوە یان نا؟ وە ئەگەر داویەتی چۆنەو مەبەستی چیە؟ وە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە وتەی زانایان لەم جۆرە بابەتانەدا لە خۆیان یان لە بڵاوکراوەکانیان وەر دەگیرێت، نەك لە کەسانی دڵ نەخۆش و دژ بە مەنهەج و ڕێبازی زانایان.

٢–وە ئەگەر دەتوانن و بەلاتانەوە ئەزیەت نییە، بگەڕێنەوە سەر فەتواو کتێب و نوسراوەکان و ووتارو دەرسەکانی شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆتان دەردەکەوێت و دەبینن چەندە لەسەر مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺو بۆنەو یادە بیدعی و داهێنراوەکانی تر قسەی کردووەو لەسەریان دواوە، لەوانە: نامیلکەیەکی سەربەخۆی نوسیوە بە ناوی (حكم الاحتفال بالمولد النبوي)، وە هەروەها بابەتێکی تر بەناوی (بدعة أعياد الميلاد)، وە لە ناوەڕۆکی چەندین بڵاو کراوەو نوسراوی تریدا باسی ئەم بابەتەی کردووە، وەك (المتابعة وقبول العمل)، وە هەروەها لە چەندەها شوێنی ترو لەناو ئەو فەتوایانەی کە داونی و پرسیاری لێ کراوە دەربارەی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان.

کەوابو مادام شێخ عثیمین لەم هەموو فەتواو بڵاوکراوانەداو بەم شێوەیە باسی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانی کردبێت بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺو حوکمی بیدعەی دابێت بەسەریدا، چۆن و بە چ شێوەیەك دەکرێت بڵێین شێخ عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەتوای داوە کە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان دروستەو هیچی تێدا نیە؟!! ئەی ناترسن ئەمە بوهتان بێت و بەدەم ئەم زانا پایە بەرزەوە کرابێت و ئێوەش دووبارە بڵاوی دەکەنەوە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەکەتان و هێنانەدی مەرامەکانتان؟!! ئەی بۆ نایەن بە ووردی هەموو

فەتواکانی شێخ بخوێننەوە تا بۆتان دەرکەوێت کە ناوبراو چەندە دژی بیدعە بووەو چۆن ئەوەی کە ئێوە پێی هەڵدەستن و حەڵاڵتان کردووە؛ ئەو خستوویەتە ناو بازنەی بیدعەکانەوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت؟!!

٣- وە هەروەها شێخ عثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەندامی دەستەی گەورە زانایان بووە، وە کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ فەتواو بڵاوکراوەکانی ئەم دەستەیە، ئەوا بۆتان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە لە چەندەها فەتواو بڵاوکراوەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەڵێ مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بیدعەیەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێ بەریە لێی.

**وە لە شوبهەی سێیەمیاندا** باس لە چاوپێکەوتنێك دەکەن کە لەگەڵ شێخ عبدالعزیز محمد ابراهیم آل الشیخ کراوەو دەیکەن بە بەڵگە کە گوایە شێخ ڕێگەی بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان داوەو دەڵێت دروستە؛ لە وەڵامیاندا دەڵێین:

١- وەڵامی شێخ خۆی لە خۆیدا وەڵامە بۆ جەنابتان کە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە بیدعەیەو پەیوەندی بە شەرعەوە نییە، وەك وەڵامەکەی ئەوتان نوسیوەتەوەو دەڵێن: (پاش ئەوەی کە ئەڵێ : پێغەمبەر ئاماژەی بە کارێکی وا نەکردووە و (خولەفایە) کانیش لە دوای ئەو ئاهەنگیان بە لە دایك بوونی ئەو نەگێڕاوە، زانا پایەدارەکانی ئیسلامیش پەیڕەوی ئەوانیان کردووە ئەگەر کارێکی خێر بوایە ئەوان دەست پێشخەرییان لێ ئەکرد !! ئەمە لەم چەرخانەی دوایی پەیا بوو ئاشکرا بوون و سەرهەڵدانی ئەو (بیدعەیە) پێچەوانەی ئەوەی سەلەفی صالح لە سەریەوەن.) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٤).

سەیرکەن و بزانن ئەوان هەستاون بە خوێندنەوەو سەر لەنوێ نوسینەوەی فەتواکەی شێخ، کەچی لە هەمان کاتیشدا لە ناوەڕۆکەکەی نەگەیشتون و لێی حاڵی نەبوون، یان بە پێچەوانەوە لێی تێگەیشتوون و مەبەستی شێخیان زانیوە، بەڵام دەیانەوێت ماناکەی بگۆڕن و خەڵکی پێ چەواشە بکەن!! چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی وەڵامەکە وورد بیتەوە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت کە شێخ بە تەواوی بیروبڕواو قەناعەتەوە پێی وایە کە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە بیدعەیە، هەروەك چۆن لە وەڵامەکەدا ئاماژەی پێ دەکات.

وە با وەڵامی ئەم زانایە شی بکەینەوەو بزانین وەڵامەکەی بەم شێوەیەیە کە بەڕێزان و زاناو مامۆستاو شارەزایانی پڕۆژەی چرا لێی تێگەیشتوون یان بە پێچەوانەوە؟

ئەوان دەڵێن: (شێخ دەڵێت: پێغەمبەر ئاماژەی بە کارێکی وا نەکردووە و (خولەفایە)کانیش لە دوای ئەو ئاهەنگیان بۆ لە دایك بوونی ئەو نەگێڕاوە).

خوێنەری بەڕێز: جوان وورد بەرەوە لەو بەشەی فەتواکەی شێخ و بزانە هیچ ئاماژەیەکی تێدایە کە ئەم مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانەی بەلاوە پەسندو باش بێت؟ یان ڕێگەی پێدابێت؟ بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەڵێت: نە پێغەمبەر ﷺو نە خەلیفە بەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامیان نەداوە. ئەی ئێوە ئەم تێگەیشتنە تایبەتیەی خۆتان لە کوێوە هێنا؟!! ئەی ئێوە چۆن تێگەیشتن کە ئەم کارەی ئەنجامی دەدەن بۆ ئەمڕۆ سوننەتەو بگرە واجبەو زۆر زۆر پێویستە؟!! وە بیستتان کە نە پێغەمبەر ﷺو نە خەلیفە بەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامیان نەداوە، ئەی نەتان بیستووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها و عضوا عليها بالنواجذ، و إياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة

بدعة، وكل بدعة ضلالة)[198]؟!! ئەوەتا شێخ حسين العوايشة دەربارەی برگـەی (إيـاكم ومحـدثات الأمـور) دەڵێـت: (اجتنب البدعة المحدثة؛ تنجُ و تَفُز، فالبدعة هي سرّ الضلال والزيغ والخسران، ومجلبة للشرك والكفران، فمن أغلـق بابها فقد اهتدى بإذن الله، ومن فتح بابها، فقد فتح عليه ابواب الضلال، وحـرم التوبـة، كمـا في الحـديث: (إنّ الله احتجز التوبة عن صاحب كل بدعة)[199]، واتە: (خۆت بپـارێزەو دوور بکـەوە لـە بيدعـەو کـاری داهێنـراو؛ ڕزگـارت دەبێت و سەرفراز دەبيت، چونکە بيدعە هۆی سەرەکی گومڕايی و نەخۆشی و خەسـارەت مەنديـە، وە ڕاکێـشەرو هۆی کەوتنە ناو شـيرك و کوفرەوەيـە، وە هـەر کەسـێك دەرگـای بيدعـە دابخـات ئـەوە بەڕاسـتی هيدايـەت دراوو ڕێنومايی کراوە بە ويستی خوای پەروەردگار، وە هەر کەسێکيش دەرگاکـەی بکاتـەوە، ئـەوە بەڕاسـتی دەرگـای گومڕايی لەسەر دەکرێتەوە، وە دەرگای تەوبەشی لەسەر دادەخرێت، وەك لە فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، (بەڕاستی خوای گەورە دەرگای تەوبەی داخستووە لەسەر خاوەنی هەموو بيدعەيەك)[200].

وە پاشان شێخ دەڵێت: (زانا پايەدارەکانی ئيسلاميش پـەيڕەوی ئـەوانيان کـردووە ئەگـەر کـارێکی خێـر بوايە ئەوان دەست پێشخەريان لێ دەکرد!!).

ئەمەيە فەتوای شێخ و هەڵوێستی زانا پايەدارو ڕاستەقينەکانی ئيسلام ڕەحمـەتی خوايـان لـێ بێت، کـە هيچ کاتێك کارێك ئەنجام نادەن کەوا پێغەمبەر ﷺ و خەليفەو هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزای خوايان لێ بێت ئەنجاميان نەدابێت و پێی هەڵنەستابن.

وە شێخ لە کۆتايی فەتواکەيدا دەڵێت: (ئەمە لەم چەرخانەی دوايی پەيا بوو ئاشـکرا بـون و سـەرهەڵدانی ئەو (بيدعەيە) پێچەوانەی ئەوەی سەلەف صالح لەسەريەوەن).

بەڕاستی ئەگەر بەڵگەتان دەوێت و بە شوێنيدا دەگەڕێن و شێرو ڕێوی ناهێننەوە بـۆ شـەرعيەت دان بـەم بيدعەيە، ئەوە ئەم برگەيەی کۆتايی فەتواکەيتان بەسە کە دەڵێت: لـەم چـەرخانەی دوايـی پـەيدا بـووەو بيدعەيـەو پێچەوانەی ئەوەيە کە سەلەف صالح لەسەری بوون، وە نەك هـەر بـە باشـی نـەزانی وەك جـەنابتان گومـان دەبـەن، بەڵکو بەو پەڕی ڕاشکاوی و ئاشکراييەوە حوکمی بيدعەی بەسەردادا.

وە برگەی کۆتاييش ئەگەر قسەی ئەو بێت —چونکە ئێـوە ئـەم فەتوايـەتان ڕاسـتەخۆ لـە کتێـب و فـەتواو بڵاوکراوەکـانی ئـەو وەرنـەگرتووە بـەڵکو لـە کەسـێکتان وەرگرتـووە وەك پێـشتر وتمـان دژی هـەڵگرانی سـوننەتی پێغەمبەرە ﷺ—، بەڵام ديسان ئەويش هەر شتی لەسەرە بەوەی کە دەڵێت: (نـەك لەبـەر سـاڵ وەرسوڕانەوە يـان مانگ وەرسوڕانەوە يا گەڕانەوەی هەفتە، هيچی تيانيە ئەگەر بريتی نەبێت لە کاری ناپەسندو حەرام هـەروەکو ئـەو ئاهەنگانەی لە هەندێ وڵاتی ئيسلامی دەگەڕێ).

لێـرەوە پرسـيار لـە بـەڕێزانی پـڕۆژەی چـرا دەکـەم و دەڵـێم: ئايـا ئێـوە هـەموو سـاڵێك و لـە کـاتی وەرسوڕانەوەی ساڵ و هاتنەوەی مانگی ڕەبيعی يەکەم ئەم ئاهەنگە ناگێڕن؟!! وە ئايا بە چەند ڕۆژ يان بـە چـەند هەفتەو بگرە بە مانگێکيش پێش هاتنی مانگی ڕەبيعی يەکەم خۆتان بۆ ئەم بۆنە بيدعی و ناشەرعيە ئامادە ناکەن،

---

198 سبق تخريجه

199 سبق تخريجه.

200 فقه الدعوة وتزكية النفس، ص(٣١٣).

هـەروەك چـۆن پێـشەواكەتان لـەو بـوارەدا (سـلطان مظفـر) بـە زیـاتر لـە مانگێـك پـێش هـاتنی، خـۆی بـۆ ئامـادە دەكرد؟!!وە ئایا كاری ناپەسندو حەرام و نابەجێی تێدا ناكەن و ئەنجام نادەن؟!! وە ئایا لە ئاهەنگەكانی ئێوەدا گۆرانی و مۆسیقاو بابەتی خوراف و هۆنراوەی وای تێدا ناخوێنرێنەوە كە زیادەڕەوی زۆری تێدایـە لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ؟!! وە ئایا زیادەڕەوی زۆری تێدا نیـە لـە مـاڵ سـەرف كـردن و بـە زایـەدانی مـاڵ و سـامان؟!! دڵنیـام هـەر كەسێك كە بە ئینساف و ویژدانەوە لێیان بڕوانێت بۆی دەردەكەوێت كە بەڵێ پڕیەتی لە هـەموو ئـەو زیادەڕەویانـەو بگرە زۆر زیاتریش لەوانە، وە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەشەی فەتواكەیە كە پێشتر باسكرا. وە هـەروەكو دەبیـنین زۆرێك لە بەناو سروود بێژو هونەرمەندەكان شارەو شار دەكەن و ئاهـەنگ دەگێـڕن بـەو بۆنەیـەو كـوڕو كچی خـەڵك تێكەڵ دەكـەن و چـەندەها گونـاهو تـاوان و سەرپێـچی فەرمانـەكانی خـواو پێغەمبـەر ﷺ لـەم ئاهەنگانـەدا بـەدی دەكرێن و تیایاندا ئەنجام دەدرێن.

٢- وە دەڵێن: (شێخ عبدالعزیز محمد ابراهیم آل الشیخ : ڕێگای داوە بە گردو كۆبونەوەی خەڵكی لـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نمونەشی بە مەولودی پێغەمبەر هێناوەتەوە) (حوكمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٥). ووردبنەوەو بزانن لە كوێـو بـە چ شێوەیەك ڕێگەی بە مەولود داوە؟ بۆچی خۆتان پرسیار لە شێخ یان هـەر زانایـەكی تـری شـارەزا ناكـەن و مـەولود خوێندنەوەی خۆتانی بۆ بـاس بكـەن بـزانن بـە چ شـێوەیەك وەڵامتـان دەداتـەوە؟ ئایـا بـەم شـێوازەی ئێـوە وەڵام دەداتەوەو بە كـارێكی شـەرعی دەزانێـت و دەسـت خۆشـیتان لـێ دەكـات؟ یـان بـە پێـچەوانەوە حـوكمی بیدعـەی بەسەردا دەدات و بۆتان ڕوون دەكاتەوەو دەیسەلمێنێت كە هیچ پەیوەندیەكی بە ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلامەوە نیـەو بە تەواوی مانا پێچەوانەیەتی؟!!

٣- وە هەروەها كە دەڵێن: (ئامانج و مەبەستی شێخ عبدالعزیزو (مەولود) كاران هەر یەكە، بەڵام مەگـەر ئـامراز و شێوازی خڕبوونەوە و خۆشیەكە جیا بێت وەكو هی شێخ عوسەیمین : بۆنەی سەركەوتنمان هەیە ولە دایك بـوونی پێغەمبەریشمان هەیە !! ئاهەنگەكە بۆ ئەو بكرێ یا بۆ ئەوی تر جیاوازی چی یە ؟ هیچ !!..........هتد).

لە خۆتان دەپرسم: كوا ئەو هاو ئامانجی و هاو مەبەستیەی كە لە نێوان شێخ عبـدالعزیزو مەولودكارانـدا هەیـە؟ بۆ ڕونتان نەكردەوە تا ئێمەو خوێنەرانیش لێی تێگەیشتبایین؟ یان دەتانـەوێت بـە قـسەی بـاق و بریقـەدارو بـێ بەڵگە خەڵكی پێ لە خشتە ببەن؟!!

وە هەروەها ئەو نەبوونی جیاوازیەتان لە كوێ هێنا كـە دەڵـێن: جیـاوازی نیـە لـە نێـوان فەتواكـەی شـێخ عثیمین و مەولودەكەی ئێوەدا؟!! یان پێچواندنی ئەو بۆنە نیشتمانیەو مەولود خوێندنەوەو ئاهـەنگ گێڕانـەتان بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لە كوێوە هێنا؟!! وە ئەو ووشەی (هیچ)ەتان لە كوێوە هێناوە كە پێتان وایـە (هیچ) جیاوازیەك نیـە لـە نێوانیانـدا؟ وە پێمـان بڵـێن لـە چ زانـاو شـارەزایەكتان وەرگرتـووە؟!! یـان هـەر ڕاو بۆچوونی جەنابتانەو ئیجتهادی خۆتانەو تازە بە تازە ئێوە (پەی)تان بەو نهێنیە بردووەو حەڵاڵتان كردووە، لـە كاتێكدا پێغەمبەر ﷺو خەلیفەكان و هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و پێشەوایانی چـوار مەزهەبەكـەو زانایـانی هەرسێ سەدە پیرۆزەكە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت باسیان نەكردووەو ئەم ئیجتهادەی ئێوەیـان نـەكردووە، كـە ئەمەش دوو شت دەگەیەنێت:

<u>یەكەم</u>: یان ئەوان ئەمەیان زانیوەو بەڵام لە ئێمەیان شـاردۆتەوەو باسـیان نـەكردووە، كـە ئەمـەش حاشـا لەوان لەوەی كە بەشێك لە دینیان لە خەڵك شاردبێتەوەو ڕوونیان نەكردبێتەوە.

دووەم: وە یان ئێوە لەوان شارەزاترن و درکتان بەم بابەتە کردووەو زانستی ئێوە لە هی ئەوان فراوانترە؟ کە ئەمەش بە کەم زانین و کەم دانانی زانستی ئەوانە، چونکە ناکرێت شتێك بەو شێوەیە واجب بێت –بەو شێوەیەی ئێوە گومان دەبەن– و ئەوان لێی بێ ئاگا بووبن و هەستیان پێ نەکردبێت.

کەوابوو پێویستە بەخۆتاندا بچنەوەو واز بهێنن لەو بۆچوونە هەڵەیەی کە هەتانەو بگەڕێنەوە سەر سوننەتی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەر ﷺو دوور بکەونەوە لە بیدعەو هەموو ئەو کارو کردەوە داهێنراوانەی کە بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هێنراونە ناو دین و لە بنچینەشدا لە دیندا نین.

وە دواتر دەڵێن: (دوا بە دوای ئەمە گەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی یادەکانی لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بۆمان دەر ئەکەوێ کە کۆی کارەکانی کاری شەرعی و سوننەتن) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٥). کە تێیدا کۆمەڵێك کاریان نوسیوە کە لە مەولودەکاندا دەکرێن وەك قورئان خوێندن و باسکردنی موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺو صەڵاوات لێدان و پاڕانەوەو سروود وتن و خواردن دروست کردن و دابەش کردنی سیواك و....هتد.

وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کە دروستێتی تاك تاکی چەند عیبادەتێك بە جیا جیا بەڵگە نیە لەسەر دروستێتی پێکهێنانی عیبادەتێك بە شێوازێکی تازە لە گشت ئەم عیبادەتە تاکانە، بۆ نمونە ئێمە ناتوانین عیبادەتێك پێك بهێنین لە قورئان خوێندن و زیکر کردن و رکوع و سوجدە بردن کە هەمووشیان عیبادەتن، بە شێوەیەك کە سوجدە بردن دەست پێ بکات و بە رکوع کۆتایی بێت.

وە هەروەها پێشتریش ئاماژەمان پێداوە کە هەر شتێك با عیبادەتێکی گەورەش بێت، بەڵام بە نیەتی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بکرێت، ئەوە بیدعەیەو ناوەڕۆکی کارەکان و ئەوەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێن شەرعیەت بە بیدعەکە نادەن و لە بیدعەوە نایگوازنەوە بۆ سوننەت، بەڵکو حوکمەکەی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، هەروەك (ابن الحاج) لە کتێبەکەیدا (المدخل) ئاماژەی پێداوە، وە بۆ زیاتر شارەزا بوون دەکرێت بگەڕێیتەوە سەر کتێبەکەی ئەوو وە بڕوانیتە لاپەڕە (١١٦)ی ئەم کتێبەی بەر دەستت.

وە لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە بەڕاستی ئێوە شوێن شوبهەو ئەو ووتانە ناکەون کە دەکرێت بڵێین لە چەند مانایەك زیاتر هەڵدەگرن و بەدوای فەتوای ڕاست و دروستی زانایان دەکەون، ئەوا فەرمون بگەڕێن لەناو فەتواکانی ئەو زانایانە کە باستان کردوون و جگە لەوانیش بزانن چەند بە ڕوون و ئاشکرایی باسی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانیان کردووە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، چونکە ئەگەر وا نەکەن ئەوا زۆر نزیکە ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارتان لەسەر جێ بەجێ بێت و بکەونە ژێریەوە کە دەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ ﴾[201].

وە دواتر کۆمەڵێك شوبهەیان هێناوەتەوە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، کە بە پشتیوانی خوای گەورە هەموو ئەو شوبهانە لەم کتێبەی بەردەستتدا ڕوون کراونەتەوەو هەڵوەشێنراونەوە، بۆیە بە پێویستم نەزانی دووبارەیان بکەمەوەو سەر لە نوێ شوبهەکانیان بنوسمەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی وەڵامەکەیان لەوە زیاتر درێژە نەکێشێت، وە کەسێکیش بە دوای بەڵگەو ڕاستیدا بگەڕێت، ئەوا یەك بەڵگەی بەسەو کۆتایی بە بیدعەکەی دەهێنێت.

[201] آل عمران: ٧

پاشان لە کۆتایی هێنانەوەی شوبهەکانیاندا دەڵێن: (لە کۆتاییدا، ئاهەنگ گێڕان بە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) خوا پەرستی نیە زیاد کرابێ بەڵکو کارێکی سادەو نەریتێکە) وە دواتر دەڵێن: (گەر عیبادەت بوایە، دەبواشەکلێکی تایبەتی بە خۆوە دیتبایە) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٣).

کەوابوو من پرسیارتان لێ دەکەم بە پێی ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن: کە عیبادەت نیەو نەریتێکەو بەس، ئەی ئەو هەموو ئایەت و فەرمودەیە چین کە دەیان هێننەوەو دەیکەن بە شوبهە بۆ شەرعیەت دان پێی و حەڵاڵ کردنی؟!! چونکە شتێك کە نەریت و عادەت و شتێکی سادە بێت، چ پێویست بە هێنانەوەی بەڵگەو دەلیل دەکات بۆ حەڵاڵ کردن و شەرعیەت پێدانی؟ وە هەر شتێك کە نەریت و عادەت بێت و پێچەوانەی شەرع نەبێت ئەوە دروستە بە پێی قاعیدەی (الأصل في العادات الإباحة)، ئەی کە ئەم کارەی دەیکەن پەیوەندی بە عیبادەت و خوا پەرستیەوە نیە بۆچی بەڵگەی بۆ دەهێننەوە؟ وە ئەم هەموو زیادەڕەوی و ماڵ سەرف کردنە بۆچی دەکرێت لە شتێکدا کە عیبادەت نیە؟ ئایا ئەو کەسێك کە نەفام نەبێت لە ڕۆژێکداو چاوەڕێی هیچ پاداشتێك نەکات ئەو هەموو پارەیە سەرف دەکات؟ ئایا خواو پێغەمبەر ﷺ بەوە ڕازین کەسێك ماڵی خۆی بەو شێوەیە پەرش و بڵاو بکات و هیچ پاداشتێکی لەسەر وەر نەگرێت؟

وە دواتر دەیانەوێت زیاتر بۆچوونەکەی خۆیان بسەلمێنن بەوەی کە ئەمە عیبادەت نیەو بەڵکو کارێکی ئاسایی و عادەتێکە بەوەی کە دەڵێن: (گەر عیبادەت بوایە، دەبواشەکلێکی تایبەتی بەخۆوە دیتبایە). کەچی هەر دوای ئەمەو لە هەمان لاپەڕەدا ئەو قسەیەی پێشویان هەڵدەوەشێننەوەو بیدعەکەیان (مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان) لە عادەت و نەریتەوە دەگوازنەوە بۆ عیبادەت و دەڵێن: (وە هەر کارێك با نەریتیش بێت ئەگەر بە نیەتێکی پاك و پیرۆز ئەنجام بدرێ ئەمە (عادەتە) ئەشێ ببێ بە (عیبادەت) هەروەکو چۆن لە بنەمایەکی فیقهی دا هاتووە [ النیة الصالحة تقلب العادة عبادة ]).

بەڕاستی سەیرە!!! خۆشیان نازانن دەڵێن چی و چی دەنوسن؟!! سەرەتا وتیان ئەمە عادەتەو نەریتێکەو پەیوەندی بە خواپەرستیەوە نیە، ئێستاش دەڵێن عیبادەتە بە پێی ئەم قاعیدە فیقهیە، ئەی باشە کە ئێوە ئاوا زاناو شارەزان لە بواری شەریعەت، نازانن کە هەر شتێك بیدعە بێت و زیادکراو بێت لە دیندا ڕەت دەکرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیداو لەسەریشی گوناهبار دەبێت؟ ئەی نازانن بیدعە هەرگیز نابێت بە عیبادەت و گۆڕان بەسەر خودی بیدعەکەدا نایات ئەگەرچی ناونیشان و ناوەڕۆکەکەیشی بگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ئەنجام دانیشیدا بهێنرێت؟!! دە بەخۆتاندا بچنەوەو بۆ قسانێك دەکەن کە پێچەوانەی شەرعەو تاوانی ئەو خەڵکەش دەهێننە ئەستۆی خۆتان.

وە هەروەها دەڵێن: (وە ئەو برا بەڕێزانەی ڕێگە لە مەولود ئەگرن پێیان وایە (بیدعەیە) واتە : کارێکی تازە و ناپەسند و گومڕاییە !! چونکە پێغەمبەر و یاران نەیان کردووە ئەمە نابێتە بەڵگە چونکە پێغەمبەر زۆر شتی نەکردووە لە بەر ئوممەتەکەی تا نەبێتە سوننەت و ئەرکیان گران نەکات، یارە بەڕێزەکانیش کاری گرنگیتر هەبووە پێوە خەریك بوون وەك جیهاد و بانگەوازی بۆ ئیسلام..) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٥).

بەڕاستی ئەم قسەیە زۆر ترسناکەو پێویستە لێی پەشیمان ببنەوە، چونکە جەنابتان وا گومان دەبەن کە پێغەمبەر ﷺ دەیزانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی کارێکی باش و سوننەتە بەڵام بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی ئەرکیان گران نەبێت ئەنجامی نەداوە، وە ئەمەش گومانی تێدا نیە کە ئێوە لەم ڕووەوە زۆر

بە هەڵەدا چوون، لەبەر ئەوەی هیچ کارێك نیە کە ببێتە هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە ئەوا ئیلا پێغەمبەر ﷺ بۆ ئوممەتەکەی ڕوون کردۆتەوەو ئاماژەی پێداوە، وە ئەگەر ئەو مەولود خوێندنەوەیەی جەنابیشتان باسی لێوە دەکەن کارێکی باش بوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەویش ئەنجامی دەدا یان ئاماژەی پێ دەدا بۆ ئەوەی هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامی بدەن ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە کە دەڵێن: (پێغەمبەر زۆر شتی نەکردووە لەبەر ئوممەتەکەی تا نەبێتە سوننەت و ئەرکیان گران نەکات)، ئەمە خۆی وەڵامە بۆ جەنابتان؛ چونکە مادام پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە بە سوننەت بۆ ئەوەی ئەرکمان گران نەکات و شتێکی زۆرمان نەخاتە سەر تا ئەنجامی بدەین، کەوایە هیچ پێویست ناکات خۆمان خەریك بکەین بە شتێکەوە کە زیادەیەو ئەنجامی بدەین و خۆمان ئەرکی خۆمان گران بکەین لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوەو نەیکردووە بە سوننەت و ئەرك لەسەرمان، وە پێغەمبەریش ﷺ باشترین پێشەواو مامۆستایە بۆ ئێمە کە شوێنی بکەوین و کارێك ئەنجام نەدەین کە نەی کردبێت بە سوننەت بۆمان و ئاماژەی پێ نەدابێت.

وە کە دەشڵێن: (یارە بەڕێزەکانیش کاری گرنگیتر هەبووە پێوەی خەریك بوون وەك جیهاد و بانگەوازی بۆ ئیسلام)، وە ئەمەشیان بەڕاستی هیچ بەڵگە نیە لەسەر ئەم کارەی دەیکەن، چونکە کاری ئەوان تەنها ئەم دوو کارە نەبووە کە ئێوە باستان کردووە، بگرە بە دەیان و سەدان سوننەت هەیە کە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامیان داوەو بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، وە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت شەوو ڕۆژ لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دابوون و هەر شتێك خێرو چاك بوایەو سوودیان لێ بینیبایە لە قیامەتدا پێغەمبەر ﷺ فێری دەکردن و ئەوانیش ئەنجامیان دەدا، وە ئەوان توانیبێتیان قوربانی بکەن و ووشترو مانگاو مەڕو بزن بۆ قوربانی کردن سەر ببڕن، ئەی چۆن نەیان دەتوانی ئاژەڵێکی لەم شێوانە بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ سەرببڕن؟!! تەنانەت هاوەڵی وا هەبووە هەموو مەسرەفی غەزایەکی خستۆتە سەر شانی خۆی، ئەی چۆن نەیدەتوانی چەند ئاژەڵێك سەر ببڕێت بۆ مەولودو یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟! وە ئەمەش کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوە، ئەوە خودی وازهێنانەکە یەکێکە لە واز لێ هێنراوە سوننەتیەکان (السنة الترکیة)، وە بۆ زیاتر شارەزابوون لە جۆرە سوننەتە بگەڕێوە لاپەڕە (١١٣-١١٥)ی ئەم کتێبەی بەر دەستت.

وە گریمان ئەو قسەیەی ئێوە ڕاستە کە دەڵێن: (یارە بەڕێزەکانیش خەریکی جیهادو بانگەوازی کردن بوون بۆ ئیسلام)، ئەی باشە بۆ شوێن کەوتوان و شوێن کەوتوانی ئەوان (التابعین وتابع التابعین) ئەم کارەیان ئەنجام نەدا؟!! وە یان بۆ پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ئەنجامیان نەدا؟!! ئایا ئەوان لە هەموو زانایانی دوای خۆیان و تا دەگاتە ئەم سەردەمەش شارەزاتر نەبوون بە قورئان وسوننەت؟ وە ئایا ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ نزیکتر نەبوون؟ وە لێتان دەپرسم ئایا گوێڕایەڵی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت بکەن باشتر نییە بۆتان لەوەی کەوا شوێن قسەی کەسانێکی وەك (محمد العلوي و یوسف الرفاعي و محمد علوب)و هاوشێوەکانیان بکەون؟ وە بۆ نایەن بگەڕێن بە دوای بەڵگەی ڕاست و دروستداو شوێن ئەوانەیان بکەون کە موافیقی قورئان و سوننەتەو وە واز لەوانە بهێنن کە پێچەوانەیانە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە فەتوا دەدەن و ئەهلی ئیجتیهادن، ئەگەر ئیجتیهادەکەشیان هەڵە بێت ئەوا پاداشتێکیان هەر بۆ

دەنوسرێت، بەڵام ئێمە هیچ عوزرێکمان نیە کە شوێن هەڵەکانیان بکەوین و واز بهێنین لە سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ، چونکە بێ گومان لەو کاتەدا جگە لە گوناهباری هیچی ترمان بۆ نامێنێتەوە.

وە هەروەها دەڵێن: (ئەگەر کارێکی خراپ بووە ئەو هەموو پیاوە باشانە نەیان ئەکرد و ئەو هەموو زانایە گەورە و بەڕێزانەش پەسندیان نەئەکرد) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٥).

نامەوێت زۆر درێژە بە وەڵامەکانم بدەم، تەنها ئەوەندەتان پێ دەڵێم کە: (ئەگەر مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ کارێکی باش بوایەو شەرع ڕێگەی پێ دابوایە، ئەوا بۆچی پێغەمبەر ﷺو خەلیفەو هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت و شوێن کەوتوانیان لە هەردوو سەدەکەی دوای ئەوان و پێشەوایانی هەر چوار هەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت پەسندیان نەدەکردو ئەنجامیان نەدەدا؟!!

وە هەروەها گومانیشی تێدا نیە کە ئاساییەو ڕێی تێدەچێت کە بڵێین چەند پێشەواو زانایەك لە بوارێکدا بە هەڵەدا چوون و نەیان پێکاوە، بەڵام ڕێی تێناچێت کە بڵێین سێ سەدە پیرۆزو پڕ خێرو زانستەکەی دوای پێغەمبەر ﷺ وازیان لە خێرێکی گەورە هێنابێت و ئەنجامیان نەدابێت لە کاتێکدا کە پاداشتێکی زۆریشیان لەسەر دەست کەوتبێت.

وە پاشان دەڵێن: (بۆ ئەمڕۆش ئەڵێم گەر پیشان وەك کارێك (مستحب) تەماشای مەولود کرابێ ئەمڕۆ وەکو واجب وایە بە گەورە ڕابگیرێ و بقۆزرێتەوە) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٧).

بەڕاستی ئەم قسانە لە قسەی خەڵکی عەقڵانی دەچێت نەك لە خەڵکی زاناو شارەزا لە بواری شەرعدا، چونکە کە دەڵێن وەکو (واجب) وایە دەبێت بەڵگەتان پێ بێت نەك تەنها هەر بە قسە بێت، وە (الواجب ما أوجبه الله ورسوله)، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت و دەریش کەوت کە قسەکانتان لە زۆر ڕووەوە دژایەتیان هەیە لەگەڵ یەکتریداو دەتوانین بڵێین لە هەر لاپەڕەیەکدا قسەیەکتان کردووەو حوکمێکتان داوە دەربارەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان، هەر ئەم حوکم وقسەیە جیایە لەگەڵ ئەو حوکم و قسەیەی کە لە لاپەڕەکەی دوای خۆی داوتانە سەبارەت بە هەمان بابەت، بۆیە داواتان لێ دەکەم کەمێك بگەڕێنەوە دواوەو قسەکانی تۆزێ لەمەو پێشتان بخەنەوە یادتان کە دەتان ووت مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ تەنها عادەت و نەریتێکەو بەس، کەچی دواتر کردتان بە کارێکی (مستحب)و ئەی ئێستا بە چ ئیجتیهادێك کردتان بەواجب؟!!
بەڵام دەکرێت بڵێین: مادام قسەکانتان بەم شێوەیە دژایەتی یەکتری دەکەن و بەردەوام ئەم حوکمەی دەیدەن دەربارەی ئەم بابەتە گۆڕانی بەسەردا دێت دەکرێت وەڵامەکەتان بەم شێوەیە بێت و بڵێین: (كلام الليل يمحوه النهار).....

# بەندی هەشتەم

# حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی عیسى علیه السلام

هەر وەك لە پێشتردا وتمان، یەکێك لە شوبهەی ئەوانەی کە ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ، بریتیە لە شوبهەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی عیسی علیه السلام، وە هەر بۆیە لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا، بە باشمان زانی بە کورتی حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی عیسی علیه السلام و سەری ساڵی زایینیەوە ڕوون بکەینەوە، کە بابەتەکەش بریتیە لە کورت کراوەو هەڵهێنجراوی نامیلکەی (الاحتفال برأس السنة) نوسینی (عبدالله عبدالحمید الأثري).

وە دیارە ڕوون و ئاشکراشە کە دروست نیە بۆ موسڵمانان لاسایی گاورەکان بکەنەوە لە هیچ نەفامیەکیاندا، وە حەرامە بەشداری ئەو ئاهەنگانە بکەن کە لە دینەکەیاندا هەیە، چ جای ئەو ئاهەنگانەش کە داهێنراوی خۆیانن و لە دینی ئەوانیشدا نیە، ئەوە بێ گومان زیاتر حەرامە شوێنیان بکەوین کە لە دینی خۆشیاندا بیدعەیەو حەرامە، وە بەڵگەش لەسەر ئەم حوکمە زۆرن، بۆ نموونە:

- **یەکەم**: بەڵگە لە قورئانی پیرۆز:

**یەکەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾[202]، واتە: (پاشان ئەی محمد ﷺ تۆمان خستە سەر شەریعەتێك و ڕێنمونیمان کردی بۆ بەرنامەو ئایینێك کە ئیسلامە شوێنی بکەوە، وە شوێن هەواو ئارەزوی ئەو کەسانە مەکەوە کە نەزانن).

شێخی ئیسلام ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بیت دەفەرموێت: (پێغەمبەر ﷺ لەسەر شەریعەتێك بوو کە بۆی دانرابو، وە فەرمانی پێ کرابوو بەشوێن کەوتنی و نەهی لێ کرابوو لە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوی ئەوانەی کە نەزانن ﴿ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، وە ئەوانەی کە دەچنە ناو ڕیزی ئەوانیشەوە, وە هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی شەریعەتەکەی ئەوبن....... بۆیە کافرەکان دڵخۆش دەبن بە شوین کەوتن و هاو ڕابونی موسڵمانان لە هەندی لە کارەکانیاندا، وە هەوڵ دەدەن بە بەخشینی گەورە لەو پیناوەدا)[203].

**دووەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ إِنَّكَ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾[204]، واتە: (وە ئەگەر هەرچی بەڵگە هەیە بیهێنی بۆ خاوەن کتێبەکان شوێن قیبلەی تۆ ناکەون؛ وە تۆش شوێن قیبلەی ئەوان ناکەوی، وە هەندێ لەوان شوێن قیبلەی هەندێکی تریان ناکەون، وە ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزوی ئەوان بکەویت دوای ئەوەی زانیاریت بۆ هات، ئەوە تۆ ئەو کاتە لە ستەم کارانی). وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَمَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا وَاقٖ ﴾[205]، واتە: (بە ڕاستی ئەگەر شوێن

---

[202] الجاثية/١٨

[203] اقتضاء الصراط المستقيم

[204] البقرة/١٤٥

[205] الرعد/٣٧

هەواو ئارەزوی ئەوان بکەویت دوای ئەوەی کە زانیاریت بۆهات و بۆت دەرکەوت کە تۆ لەسەر حەقیت و ئەوان لەسەر بەتاڵن، ئەوا هیچ کەس لە بەرامبەر خوادا پشتیوانی و بەرگریت لێ ناکات).

ابن كثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (ئەوە هەڕەشەیەکە بۆ زانایان کە شوێن ڕێچکەی گومڕایان دەکەون).

وە شیخی ئیسلام ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بە شیوەیەکی گشتی بە پێچەوانەی ئەوان ڕەفتار بکەیت).

**سێیەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرۡنَا وَٱسۡمَعُواْۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾[206]، واتە: (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئێوە کاتێك دەتانەوێ بە پێغەمبەر ﷺ بڵێن (چاوەڕێمان بکە)، ووشەیەك بەکار مەهێنن کە لە لای جولەکەکان مانایەکی ناشیرینی هەیە، وەك وشەی (راعنا)، چونکە ئەوان کە ئەم ووشەیە بەکار دەهێنن مەبەستیان بێ ئەدەبی کردنە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ، کەواتە واز بهێنن لە ووشەیەك کە ئەوان دڵیان پێی خۆش دەبێت، بەڵکو بڵێین: ﴿ ٱنظُرۡنَا وَٱسۡمَعُواْ ﴾، وە بۆ کافران سزای توندو بە ئێش هەیە)، ابن كثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (خوای گەورە نەهی کردوە لە بەندە بڕوادارەکانی کە خویان بچوێنن بە کافران لە گوفتارو ڕەفتاریاندا ........, وە بەڵگەیە لە سەر نەهی و هەڕەشەیەکی توند لە خۆچواندن (تشبە) بە کافران لە گوفتارو ڕەفتارو جل و بەرگ و جەژنەکان و عبادەتەکانیان، وە جگە لەوانەش هەموو ئەو کارانەی کە بۆ ئێمە بە شەرع دانەنراوە).

وە جولەکەکان ووشەی (راعنا)یان بەکارهیناوە لە بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ وەك بێ ڕێزی و بێ ئەدەبیەك, بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە بەندە ئیماندارەکانی کرد کە پێچەوانەی ئەوان بکەن تەنانەت لە قسەکردنیشیاندا! چ جای بە خۆچواندن و لاسایی کردنەوەیان لە ڕەفتارو هەڵس و کەوتیاندا؟!

**چوارەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمۡ يَأۡنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخۡشَعَ قُلُوبُهُمۡ لِذِكۡرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلۡحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلُ فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴾[207]، واتە: (ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ ئیمانداران کە دڵەکانیان بلەرزێت و بترسێت لە ترسی خواو لەوەی کە دابەزیوە لە حەق و ڕاستی کە بریتیە لە قورئان؟ وە وەك ئەوانە نەبن کە پێشتر کتێبیان بۆ هاتبوو دوای ئەوەی ماوەیەکیان بەسەردا تێپەڕی دڵیان ڕەق بوو بوو، وە هەر بۆیە زۆربەیان فاسق بون و لە فەرمانی خوا دەرچو بوون).

ابن كثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (خوای گەورە نەهی کردوە لە ئیمانداران کە خۆیان بچوێنن بە ئەهلی کتاب لە جولەکەو گاورەکان (الیهود و النصاری), وە نەهی لێ کردون لەوەی کە خۆیانی پێ بچوێنن لە هەموو کارێکی بنچینەیی و لاوەکی (الاصلية والفرعية).

---

206 البقرة/١٠٤

207 الحديد/١٦

**پێنجەم**: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا ﴾[208]، واتە: (وە ئەوانەی ئامادەی شوێنێك نابن کە بێ شەرعی تێدا بکرێت، وە ئەگەر بەلای شتی خراپدا بڕۆن بەڕێزەوە بەلایدا تێ دەپەڕن و ڕێز لە خۆیان دەگرن و خۆیان ناهێننە ڕیزی خراپەکاران)، خوای گەورە لەم ئایەتەدا مەدحی بەندە چاکەکانی خۆی دەکات (عباد الرحمن)، کە پێچەوانەی کافرەکان دەکەن لە عادەتە پوچەکانیان، وە ئامادەی شوێنێك نابن کە بێ شەرعی تێدا بکرێت, وە زۆرێك لە موفەسیرین و پیشەوایانی سەلەف دەڵێن: (الزور: هو أعياد المشركين) واتە: جەژنی موشریکەکان.

وە شیخی ئیسلام ابن تیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (جەژنی هاوەڵ دانەران (المشركين) شوبهەو شەهوەتە, کە ئەمە شتێکی پوچە؛ لەبەر ئەوەی هیچ سودێکی بۆ دین و هیچ تام و چێژێکی تێدا نیە, وە داهاتوەکەشی بریتیە لە نارەحەتی و دەبێت بە (الزور) واتە: ئامادەبونی شوێنێك کە بێ شەرعی تێدا بکرێت, وە ئامادەبوونیشی شاهێدی دانە لەسەری, وە مادام خوای گەورە مەدحی ئامادە نەبونی کردووە، کە ئەویش تەنها بریتی یە لە ئامادە بوون بەبینین یان بە گوێ گرتن, ئەی چۆن دەبێت بە هاوڕابوون لەگەڵیاندا لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن نەك تەنها ئامادەبوون؟!)[209].

- **دووەم/ بەڵگە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ:**

یەکەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من تشبه بقوم فهو منهم)[210]، واتە: هەر کەسێك خۆی بە نەتەوەو قەومێك بچوێنێت ئەوە لەوانە .

التشبه: بریتیە لە خۆچواندنی موسڵمانان بە کافران لە بیرو باوەڕو عیبادەت و ڕەوشتیاندا، یان بەو عادەتەی کە هەیانە .

وە زانای پایە بەرز (محمد بن عبدالرؤوف المناوي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە شەرحی ئەم فەرمودە پیرۆزەدا دەفەرموێت: (خۆ پۆشین بە پۆشاکی ئەوان، وە وەك ئەوان کردەوە بکات، وە بەڕەوشتی ئەوان هەڵس وکەوت بکات ......، تاخۆچواندنەکە هاوشان دەبێت لە ڕوکارو ناوەڕۆکدا (الظاهر و الباطن).

وە بزانە موسڵمانی بەڕێز هەر کەسێك خۆی بە پیاوچاکان و لە خوا ترسان بچوێنێت ئەوە لەوانەو لە قیامەتدا لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت، وە هەر کەسێکیش خۆی بچوێنێت بە جولەکەو گاورو کافران ئەوە لەوانەو لە قیامەتدا لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت خودا پەنامان.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لَيسَ مِنا مَنْ تشبَهَ بِغيرِنا، لا تَشَبَهوُا باليهودِ ولا بالنَصارى)[211]، واتە: (لە ئێمە نیە هەر کەسێك خۆی بچوێنێت بە جگە لە ئێمە، خۆتان مەچوێنن بە جولەکەو گاورەکان).

سێیەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لَيسَ مِنّا مَن عَمِلَ بِسُنَةِ غيرنا)[212]، واتە: (لە ئێمە نیە هەر کەسێك کردەوەو هەڵسوکەوت بکات لەسەر ڕێ و شوێنی غەیری ئێمە)، ئەم فەرموودەیە هەڕەشەیەکی توندە بۆ ئەو کەسانەی واز لە

208 الفرقان/٧٢

209 اقتضاء صراط المستقيم

210 سبق تخريجه

211 صحيح الجامع ٥٤٣٤

سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دێنن وشوێن ڕێ و شوێنی جولەکەو گاورەکان دەکەون, وە شتێکی زۆر گەورەو پڕ بایەخ بەشتێکی پوچ و بەتاڵ دەگۆڕنەوە.

چوارەم: ثابتی کوڕی ضحاك ﷺ دەفەرموێ: پیاوێك نەزری کرد لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ کە حوشترێك سەرببڕێت لە (بوانة), پیاوەکە هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺو وتی: من نەزرم کردووە کە حوشترێك لە (بوانة) سەر ببڕم, پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يعبد؟ واتە: (ئایا بتێکی لێ بووە لە بتەکانی سەردەمی جاهیلیەت و نەفامی و پەرستراببێت؟) وتیان: نەخێر, فەرمووی: (فهل كان فيها عيد من أعيادهم؟) واتە: (ئایا شوێنی جەژنێك لە جەژنەکانیان بووە؟) وتیان: نەخێر, پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (پابەندبە بە نەزرەکەت, بەڵام پابەند بوون نیە بە نەزرکردن لە سەرپێچی خوای گەورەدا .......)

لەو فەرمودەیەدا دەردەکەوێت کە هاوڕابوون لە جەژنەکانیان ئەگەر تەنها بە ئامادەبونیش بێت لە شوێنەکان, تەنانەت ئەگەر جێ بە جێ کردنی پەرستنێکیش بێت، دادەنرێت بە سەرپێچی خوای پەروەردگار, لەبەر ئەوەی ئەو کارە دان پیادانانە بەو شوێنە کە سەرپێچی خوای گەورەی لێ دەکرێت.

پێنجەم: لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﷺ دەفەرموێ: کە پێغەمبەر ﷺ هاتە مەدینە, دوو ڕۆژیان هەبوو یاریان تێدا دەکرد, فەرموی: (ئەو دوو ڕۆژە چین؟ وتیان: ئێمە یاریمان تێدا دەکردن لە سەردەمی جاهیلی دا, پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إن الله قد أبدلكم بهما خيراً منهما يوم الأضحى ويوم الفطر)[٢١٣]، واتە: (بە ڕاستی خوای گەورە بۆی گۆڕین بە دوو ڕۆژی خێرترو چاکتر لەوانە, ئەوانیش (ڕۆژی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان).

پێشەوا _ الحافظ الذهبي _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەکتێبی (تشبيه الخسيس بأهل الخميس)دا دەفەرموێ: (لەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەردەکەوێت کە هەموو نەتەوەیەك جەژنێکی تایبەتی هەیە, هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴾[٢١٤]، واتە: (بۆ هەموو گەلێك لە ئێوە شەریعەت و ڕێبازێکمان داناوە)، جا بۆیە ئەگەر بۆ گاورەکان جەژنێك و بۆ جولەکە جەژنێك هەبێت, ئەوە تایبەت بووە بەوان, وە موسڵمان نابێت بەشداری بکات لەگەڵیاندا, هەروەك لە شەریعەت و ڕێبازدا بەشداریان ناکات).

وە هەر لەو بابەتەدا دەفەرموێ: (پەنا بەخوا لە جەهل و نەزانی! پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (من تشبه بقوم فهو منهم), لەوانەیە یەکێك بلێت: خۆ ئێمە مەبەستمان نیە خۆمانیان پێ بچوێنین و لاسایان بکەینەوە؟ لە وەڵامدا پێیان دەوترێت: (تەنانەت هاوڕابون و بەشداری کردن لەگەڵیاندا لە بۆنەو جەژنەکانیاندا حەرامە, بە بەڵگەی جێگیر لە فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ کە: (نهى عن الصلاة وقت طلوع الشمس ووقت غرُوبها)[٢١٥]، واتە: (پێغەمبەر ﷺ نەهی کردوە لە نوێژ کردن لە کاتی هەڵهاتن و ئاوابونی خۆردا)، وە دەفەرموێت: (إنها تطلع بين

---

[212] صحيح الجامع ٥٤٣٩

[213] صحيح روا ابوداود

[214] المائدة/٤٨.

[215] رواه البخاری

قرني شيطان وحينئذ يسجد لها الكفار)[216]، واتە: خۆر هەڵدێت لە نێوان هەردوو شاخی شەیتان، وە لەو کاتەدا کافرەکان سوجدە بۆ خۆر دەبەن.)

وە ئەمە لە کاتێدا کە نوێژ خوێن مەبەستی ئەوە نیە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت ئەوا کافر بوە، بەڵام خودی هاوڕابون و بەشداری کردن لەگەڵیاندا ئەوا حەرامە .

وە دەفەرموێت: (پێوستە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە دور کەوێتەوە لە جەژنەکانیان و خۆی و ماڵ و منداڵی بپارێزێت لێیان، ئەگەر ئیمانی بە خوداو ڕۆژی دوایی هەیە ......................).

شەشەم: لە (عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص)ەوە ﵁, پێغەمبەر ﷺ پێی وت کاتێ بینی جلێکی ڕەنگ کراوی لەبەردابوو:(إن هذه ثياب الكفار فلا تلبسها، قلت: أغسلها، قال: لا بل أحرقها)[217]، واتە: (بە ڕاستی ئەمە جل و بەرگی کافرانە لەبەری مەکە، وتم: بیاشۆم، فەرموی: نا، بەڵکو بیانسوتێنە).

زانای فەرمودە ناس شێخ أحمد شاکر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە بە ڕاشکاوی دەلالەت دەکاتە سەر حەرامی خۆچواندن بە کافران لە جل و بەرگ و ڕوخسار و ڕواڵەت دا.......)[218].

حەوتەم: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بە پێچەوانەی کافران لە جولەکەو گاورو موشریکەکان لە هەموو کاروبارێکدا (الأصول و الفروع):

أ- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (خالفوا اليهود؛ ووفروا اللحى، واحفوا الشوارب)[219]، واتە: (پێچەوانەی جولەکەکان بکەن, ڕیشتان بەردەنەوە و سمێڵتان کورت بکەنەوە).

ب – وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (خالفوا اليهود؛ فإنهم لا يصلون في نعالهم ولا خفافهم)[220]، واتە: (پێچەوانەی جولەکەکان بکەن, ئەوان نوێژ ناکەن بەنەعل و خوفەکانیانەوە[221]).

ج- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لايزال الدين ظاهراً ما عجّل الفطر، لإن اليهود والنصارى يؤخرون)[222]، واتە: (بەردەوام ئاینی ئیسلام ئاشکراو سەرکەوتووە، تا ئەو کاتەی خەڵکی پەلە بکەن لە بەربانگ کردندا, چونکە جولەکەو گاورەکان بەربانگ دوا دەخەن).

د – وە ئەبو موسای ئەشعەری ﵁ دەفەرموێت: (جولەکەکان ڕۆژی عاشورایان کردبوو بە جەژن, پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (خالفوهم؛ صوموا أنتم)[223]، واتە: (پێچەوانەی ئەوان بکەن, ئێوە بە ڕۆژوو بن).

---

216 صحيح جامع الصغير رقم (٣٧٧٥).

217 رواه مسلم (١٣٤٥)

218 مسند إمام احمد بتحقيق أحمد شاكر

219 رواه البخاري (٥٨٩٢، ٥٨٩٣)وغيره

220 رواه البخاري و مسلم

221 جوتێ گۆرەویە لە چەرم دروست دەکرێت.

222 صحيح رواه أبو داود (٢٣٥٣)

223 رواه البخاري(٢٠٠٥)

## وتەی پێشەوایانی سەلەف لە موخالەفەی كافراندا:

- پێشەوای موسڵمانان عمری كوڕی خطاب ﷺ دەفەرموێت: (اجتنبوا أعداء الله في أعيادهم)[٢٢٤]، واتە: (خۆتان دووربخەنەوە لە دوژمنانی خوا لە جەژنەكانیاندا).
- وە هاوەڵی بەڕێز عبدالله ی كوڕی مسعود ﷺ دەفەرموێت: (لا يشبه الزي بالزي، حتى تشبه القلوب)[٢٢٥]، واتە: (جل و بەرگ و پۆشاك لەیەك ناچێت، تا دڵەكان لەیەك نەچن).
- شێخی ئیسلام إبن تيميه ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (حەڵاڵ نیە بۆ موسڵمانان كە خۆیان بچوێنن بە كافران و جولەكەو گاورەكان، لە هەر شتێكدا كە تایبەت بێت بە جەژنەكانیان لە خواردن و جل و بەگ و ......)[٢٢٦].
- پێشەوا إبن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (وە پیرۆزبایی كردن لێیان لەو شتانەی كە تایبەتن بە خۆیان، حەرامە بە كۆڕای زانایان (باجماع العلماء), وەك ئەوەی پیرۆزبایی جەژنەكانیان لێ بكەیت و بڵێی: جەژنت پیرۆزبێت, یا بەختەوەر بن لەو جەژنەو هتد..... ئەوە ئەگەر خاوەنەكەی پارێزراو بێت لە كوفر، ئەگینا لانی كەم لەحەرام دایە، چونكە وەك ئەوە وایە پیرۆزبایی لێ بكەیت بە سوجدە بردنی بۆ بت و خاچ, ......... وە هەر كەسێك پیرۆزبایی لە یەكێك بكات لە سەرپێچی كردنی خوای گەورەدا یان بیدعەیەك یان كوفرێك, ئەوە نزیكە لە توڕەیی و هەڕەشەی خوای گەورە)[٢٢٧].
- پرسیار كرا لە زانای پایە بەرز عبد العزيز بن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت, دەربارەی جەژنەكانی لە دایك بوون, وە ئایا ئاینی ئیسلام ڕێگەی پێ داوە؟

لە وەڵامدا وتی: گومانی تێدا نیە كە خوای گەورە دوو جەژنی بۆ موسڵمانان داناوە كە زیكرو نوێژی تێدا كۆبۆتەوە, كە ئەوانیش جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربانە, لە جیاتی جەژنەكانی جاهیلی, وە چەند جەژنێكی تریشی بۆ داناوین لەسەر جۆرەها زیكرو عیبادەت, وەك ڕۆژی هەینی و ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژەكانی جەژنی قوربان (أيام التشريق)، بەڵام بۆ ئێمەی دانەناوە جەژنێك بۆ لەدایك بوون, نە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ نەكەسی تریش).

وە دروست نیە بۆ موسڵمان كە بەشداری كافران بكات لە جەژنەكانیاندا, وە دڵخۆشی و بەختەوەری دەربڕێت بەو بۆنەیەوە.

### خوێنەری بەڕێز/

لەوەی كە باسكرا دەركەوت كە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنەكانی جولەكەو گاورەكان بە گشتی و لەناویاندا بە بۆنەی سەری ساڵی زاینی (لە دایك بوونی عيسى عليه السلام) وە پیرۆزبایی لێ كردنیان، دروست نیە و حەرامە. وە چۆن دەبێت بۆ موسڵمانان بە كافرێك بڵێن: (جەژنت پیرۆزبێت؟!!) لە كاتێكدا خوای گەورە

---

224 السنن الكبرى ٩/٢٣٤

225 المصنف لابن أبي شيبه ٤٣/٧

226 مجموع الفتاوى ج٢٥/٣٢٩

227 أحكام أهل الذمة ج/١

هەڕەشەی توندی لەو كافرە كردووە بە ئاگری دۆزەخ، وە دەیخاتە ناویەوەو تێیدا ئەمێنێتەوە بۆ هەتا هـەتایی، وە بەڵگە لەسەر ئەم بابەتـەو هاوشێوەكانی زۆرەو ناتوانرێت كورت بكرێنـەوە لـە بابـەتێكی ئـاوا بـچوكدا، بۆیـە هـەر كەسێك ئەیەوێت زیاتر لەو بابەتە شارەزابێت، ئـەوا دەتوانێـت بگەڕێتـەوە سـەر كتێبـی (إقتـضاء الـصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم) نوسینی شیخی ئسلام ابن تیمیە ڕەحمـەتی خـودای لـی بێـت، كـە زۆر بـە درێـژی و تێـرو تەسەلی هەموو بابەتەكانی ڕوون كردۆتەوە .

لـە كۆتاییـدا خـوای گـەورە زیـاتر هیدایـەتمان بـدات بـۆ شـارەزا بـوون لـە ئاینەكـەی و ناسـینی بیدعـەو دورخستنەوەو جیاكردنەوەی لە دین و لە شوێن هەر بیدعەیەك سوننەتێكی پێغەمبەر ﷺ زیندوو بكەینەوە.

و صلى الله على نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**سەرچاوەكان:**


١- الإبداع في كمال الشرع وخطر الإبتداع، للشيخ/ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

٢- الأجوبة المفيدة عَن أسئلة المناهج الجديدة، من إجابات معالي الشيخ الدكتور/صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان، جمع وتعليق وتخريج جمال بن فُريحان الحارثي، دار المنهاج، ط.الرابعة ١٤٢٦هـ.

٣- الاحتفال بالمولد بين الاتباع والابتداع، للشيخ/ محمد بن سعد سن شقير.

٤- الإرشاد شرح لمعة الاعتقاد الهادي إلى سبيل الرشاد، شرح الشيخ/ عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين، دار طيبة، ط.الثانية، ١٤١٨هـ-١٩٩٨م.

٥- إرواء الغليل في تخريج احاديث منار السبيل، تأليف الشيخ/ محمد ناصرالدين الألباني رحمه الله، المكتب الإسلامي، ط.الثانية ١٤٠٥هـ-١٩٨٥م.

٦- الإفادات والإنشادات، لأبي اسحاق ابراهيم بن موسى الشاطبي الأنلسي، دراسة وتحقيق الدكتور/ محمد أبو الأجفان، مؤسسة الرسالة، ط. الثانية، ١٤٠٦هـ-١٩٨٦م.

٧- الاقتداء بالسنة فعلاً وتركاً، للشيخ/ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ.

٨- الإمام الألباني حياته – دعوته – جهوده في خدمة السنة، كتبه محمد بيومي، دار الغد الجديد، ط.الأولى، ١٤٢٨هـ- ٢٠٠٧م.

٩- الإنصاف فيما قيل في المولد من الغلو والإجحاف، للشيخ/ ابي بكر جابر الجزائري.

١٠- البدع وأثرها السيئ، للشيخ/ صالح بن فوزان الفوزان.

١١- البدع والشبهات، للشيخ/ محمد ناصرالدين الألباني رحمه الله.

١٢- البدعة تعريفها – أنواعها – أحكامها، لمعالي الشيخ/ صالح بن فوزان الفوزان،ط.الثالثة ١٤٢٢هـ.

١٣- البدعة واثرها السيئ في الأمّة، تأليف الشيخ/ سليم الهلالي، المكتبة الاسلامية، ط.الأولى، ١٤٢٣هـ.

١٤- البرهان المبين في التصدي للبدع والأباطيل، تأليف/ أشرف بن إبراهيم بن أحمد بن قطقاط، دار الكتب العلمية، ط.الأولى، ٢٠٠٦م-١٤٢٧هـ.

١٥- تجريد التوحيد المفيد، للشيخ الإمام تقي الدين أحمد بن علي المقريزي، تحقيق وتعليق ياسين بن علي بن سالم الحوشبي العدني، مكتبة الإمام الوادعي ودار عمر بن الخطاب، ط.الألى، ١٤٢٨هـ-٢٠٠٧م.

١٦- تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، تأليف العلامة الشيخ/ عبدالرحمن بن ناصر السعدي،

١٧- الثمر المصتطاب، بقلم محمد ناصرالدين الألباني، مؤسسة غراس للنشر والتوزيع، ط الأولى، سنة ١٤٢٢هـ.

١٨- حقوق النبى ﷺ بين الإجلال والإخلال، سلسلة تصدر عن مجلة البيان، ط.الأولى، ١٤٢٢هـ-٢٠٠١م.

١٩- حقيقة الاحتفال بالمولد النبوي، للشيخ/ عبدالرحمن عبدالخالق.

٢٠- حقيقة شهادة أن محمداً رسول الله ﷺ، لسماحة الشيخ/ عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ، ط. الأولى ١٤٢٣هـ-٢٠٠٢م.

٢١- حكم الاحتفال بالمولد النبوي والرد على من أجازه، لسماحة الشيخ/ محمد بن ابراهيم آل الشيخ رحمه الله.

٢٢- حكم الاحتفال بالمولد النبوي، لسماحة الشيخ/ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز رحمه الله.

٢٣- حكم الاحتفال بمولد النبى ﷺ، للشيخ/ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله.

٢٤- الدرر البهية في صفحات المطوية، اعداد/ طارق محمد حسن القطان، دار إيلاف الدولية للنشر والتوزيع، ط الأولى، ١٤١٩هـ-١٩٩٨م.

٢٥- الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن العلوي وبيان أخطائهم في المولد النبوي، للشيخ حمود بن عبدالله التويجري رحمه الله.

٢٦- شرح السنة، تأليف/ أبو محمد الحسن بن علي خَلَف البربهاري رحمه الله، دار السلف و دار الصميعي، ط.الثانية، ١٤٢١هـ-٢٠٠٠م.

٢٧- شرح المنظومة البيقونية، للشيخ العلامة/ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله، دار ابن الجوزي، ط.الأولى ١٤٢٦هـ-٢٠٠٥م.

٢٨- شرح الورقات في اصول الفقه، للشيخ/ عبدالله بن صالح الفوزان.

٢٩- صحيح مسلم، للإمام/ أبي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، مكتبة الثقافة الدينية، ١٤٢٢هـ-٢٠٠١م.

٣٠- صفة الصلاة النبيِّ ﷺ، تأليف الشيخ/ محمد ناصرالدين الألباني رحمه الله، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، ط.الثالثة، ١٤٢٤هـ - ٢٠٠٤ م.

٣١- گۆڤاری ڕێگای ڕاست ژماره (٣)، ساڵی یەکەم، ١٤٢٤ی کۆچی-٢٠٠٣ی زایینی.

٣٢- علم أصول البدع، تأليف علي بن حسن بن علي بن عبدالحميد الحلبي الأثري، دار الراية للنشر والتوزيع،ط.الثانية، ١٤١٧هـ.

٣٣- عمدة التفسير عن الحافظ ابن كثير مختصر تفسير القرآن العظيم، للعلامة المحقق الشيخ/ أحمد شاكر رحمه الله، دار الوفاء، ط.الثامنة ١٤٢٨هـ-٢٠٠٧م.

٣٤- الفتاوى الجلية عن المناهج الدَّعوية، من إجابات فضيلة الشيخ العلامة/ أحمد بن يحيى النجمي، جمع وتعليق حسن بن منصور الدغيري، دار المنهاج، ١٤٢٥هـ-٢٠٠٤م.

٣٥- فتح الباري بشرح صحيح البخاري، للإمام/ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، مكتبة الصفا، ط.الأولى١٤٢٤هـ-٢٠٠٣م.

٣٦- فقه الدعوة وتزكية النفس، بقلم/ حسين بن عودة العوايشة، دار ابن حزم، ط.الأولى، ١٤٢٨هـ-٢٠٠٧م.

٣٧- قواعد معرفة البدع، تأليف/ محمد بن حسين الجيزاني، دار المتحدة، ط.الأولى ١٤٢٣هـ-٢٠٠٢م.

٣٨- القول الفصل في حكم التوسل بخير الرسل، للشيخ/ إسماعيل بن محمد الأنصاري.

٣٩- كتب ورسائل عبدالمحسن بن حمد العباد البدر، مؤسسة الريان و دار التوحيد للنشر، ط.الأولى ١٤٢٨هـ.

٤٠- مجلة السلفية، العدد السابع، عام ١٤٢٢.

٤١- مقتطفات من حياة فقيدي الأمة الألباني وابن باز، بقلم عاصم بن عبدالله القريوتي من منشورات مشروع النشر الإسلامي.

٤٢- منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة، إعداد/ الشيخ محمد بن جميل زينو، دار الصميعي ١٤٢٤هـ.

٤٣- منهج السالكين وتوضيح الفقه في الدين، تأليف/ الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي، تحقيق وتعليق/ أشرف بن عبدالمقصود، دار أضواء السلف، ط. الثانية، ١٤٢٢هـ-٢٠٠٢م.

٤٤- المورود في عمل المولد (حكم الاحتفال بالمولد النبوي)، تصنيف الشيخ الإمام/ أبي حفص تاج الدين الفاكهاني رحمه الله، تحقيق الشيخ علي بن حسن بن عبدالحميد الأثري.

٤٥- الوجيز في عقيدة السلف الصالح أهل السنة والجماعة، إعداد/ عبدالله بن عبدالحميد الأثري، دار الغرباء، ط.الثالثة ١٤٢٧هـ.

٤٦- الوسطية في القرآن، الدكتور علي محمد الصلابي، دار المعرفة، ط.الأولى، ١٤٢٦هـ-٢٠٠٥م.